# لە دوو پارچەی کوردستانی ئازاد ستراتیژیی هاوبەش پێویستە



سەرۆ قادر

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی کوردستان و ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان پێوە لکێندراوە، هەروا ئاڵۆز دەبێت. زیاتر لە دوو ساڵە شەڕی کوردستان دژی داعش، داعش دژی کوردستان بەردەوامە. ئێستا خەریکە پارسەنگی هێزەکان دەگۆڕدرێ، شەڕ لە بەرژەوەندیی کورد و هاوپەیمانان وا خەریکە وردە وردە لاسەنگ دەبێ. هەروەها شکانی یەك لە دوای یەکی داعش دەستی پێ کردووە، ئێستا باسی گرتنەوەی موسڵ و ڕەقە دەکرێ. هەروەها باسی گۆڕانکارییەکانی دوای گرتنەوەی ئەم دوو شارە دەکرێ. ئەم دوو شارە بۆ داعش زۆر گرنگن، لە ڕاستیدا دوو پایتەختی داعشن لە عێراق و سووریادا. هەردوو شار لە ئەنجامی شکانەکان و پاشەکشێی داعش کەوتوونەتە ژێر هەڕەشەی هێزەکانی کوردستانی، چ لە باشوور بێ، یان ڕۆژئاوا.

ئەوە هێزی چەکداری وڵاتپارێزی کوردە کە پاشەکشە بە داعش دەکات، هیچ هێزێکی تری ڕاستەوخۆی بەشدار جیا لە کورد بوونی نییە. هاوپەیمانانیش هاوپەیمانی کوردن لە هەر دوو پارچەی کوردستان. لەم شەڕەدا کورد باجێکی زۆری داوە، ئەم باجە، چ بە خوێن، یان بە کاولکرانی شارەکانی بێت، یان ئەو ئاوارە زۆرەی کە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەیەتی.

تەنیا شەڕکردن و سەرکەوتن لە شەڕدا ئامانج نییە. ئامانجی پەلاماری داعش بۆ سەر دوو پارچەی کوردستان، ئەنفالێکی زۆر سەختتر بوو لەو ئەنفالەی کە لە کۆتایی هەشتاکاندا بەعس لە کوردستان ئەنجامیدابوو. ئەگەر داعش سەرکەوتووبایە شتێك بە ناوی کوردستان نەدەما. بۆیە دەبێ ئامانجی دوای سەرکەوتنی کوردیش دیاربێ، تەنیا ئەوە نییە کە چەند شارێکی وێران،

یان ناوچەیەکی وێران ئازاد بکرێ، بەڵکو دەبێ کورد ڕوانگەیەکی ڕوونی بۆ دوارۆژی خۆی هەبێ. ئەم ڕوانگەیە لە هەرێمی کوردستاندا گفتوگۆیەکی دوور و درێژی لەسەرە و ئێستا یەکلابۆتەوە، بەلایەنی کەمەوە ئەو ڕوانگەیەی کە لەلایەن سەرۆك بارزانی-یەوە دەردەبڕدرێت، کە نەرم جووڵانەوەیە لەگەڵ عێراق و دەوروبەر، بەڵام هەنگاوهاویشتنی بەوەج بەرەو سەربەخۆیی هەڵنراوە. وەك دابینکردنی پەسەند و پشتیوانی نێودەوڵەتی، هەروەها قۆستنەوەی ئەو ئامادەییە سەربازییەی ڕۆژئاوا کە لە کوردستان و ناوچەکە هەیەتی، کە ئەمەیان قەرەبوویە بۆ ئەو باجە گەورە و رووبارە خوێنەی کەوا کورد داویەتی.

هەرچەند لە هەرێمی کوردستاندا هەندێك لە هێزەکان گفتوگۆی ڕوانگەی دوارۆژ دەکەن، هەندێك لەوانە بەرچاویان روون نییە، هەندێکیش لە ژێر کاریگەریی وڵاتانی دەوروبەردان. ئەوەی کە زۆر جێگای داخە، ئەوەیە کە لە ڕۆژئاوای کوردستاندا پەیەدە (نوێنەری پەکەکە) هەوڵێکی ئەوتۆ نادات تا بەرچاوی روون بێ، سەرکەوتنی سەربازی بەدەست دێنێ بە بێ ئەوەی هیچ مەرجێکی نیشتمانی و نەتەوەیی هەبێت. پەکەکە لەوێ تا ئێستاش هاوڕایی لەگەڵ هێزەکانی سووریا دەکات کە سەر بە رژێمی سووریا و وڵاتانی هاوپەیمانی ئەون. ئەو حزبە دەڵێت گوایە شتێك بە ناوی کوردایەتی و سەربەخۆیی کوردستان بوونی نییە. بۆ ئەوان هەموو پێکهاتەکان وەکو یەکن، سەرەنجام ئەوان لە باکووری سووریا ئیدارەیەك (کە ئێستا پێی دەڵێن فیدراڵی) دروست دەکەن کە هەمیشە ئامادەن لەگەڵ سووریا یەکبگرنەوە. ئەمە کارێکی خراپە، من ناڵێم با هەر لە ئێستاوە لە دژی یەکگرتنەوە لەگەڵ سووریا قسەبکرێ، یان قسە نەکرێ، بەڵکو زیاتر ئەو پرسیارە بێ کە ئەو سەرکەوتنانەیان لە پێناوی چ دوارۆژێکە بۆ کوردی ڕۆژئاوا؟

ئەوەی کە پەیەدە پێوەی پابەندە باوەڕی ئایدیۆلۆژییە. ئایدیۆلۆژیا هیچ دوارۆژێکی نییە، وەك ئەو ئایدیۆلۆژییەی بەعس لە سووریا هەڵیگرتبوو، سەرەنجام سووریای لەدەست چوو. شەڕی ئایدیۆلۆژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچ داهاتوویەکی نابێت، هەموو جیهان و هێزە بەرچاوڕوونەکانی ناوچەکەشمان بیر لە عەدالەت و ئاشتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەنەوە، ئەوەش لە کوردستانەوە دەست پێدەکات. بڕوای عەدالەتیش لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە کورد و پێکهاتەکان ببنە خاوەنی چارەنووسی خۆیان.

بۆیە پێویستە گفتوگۆی بەپەلە و جددی، بەڵام بە سینگفراوانی لە نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و هەرێمی کوردستان لەسەر داهاتووی کوردستان دەست پێبکات. ئەم گفتوگۆیە چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی مەدەنی بێ، یان لە سەر ئاستی ڕۆشنبیران بێ، یان لەسەر ئاستی سیاسییە ناحزبییەکان بێ، سەرەنجامیش لە نێوان پەیەدە و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بێت. جیا لەوە ئێمە هیچ دوارۆژێکیتر نییە و هیچ ئامانجێکی دیکەش ناتوانێ لە داهاتوودا ئێمە و پێکهاتەکان، واتە کورد و پێکهاتەکانی کە لە دەوروبەری کوردستان، یان لەناو کوردستان دەژین، بپارێزێ. ئێمە تەنیا بە یەکپارچەیی و یەکدەنگی دەتوانین خۆمان بپارێزین، هەروەها گەرەنتیی ئەوە بەدەست بێنین کە لە داهاتوودا جارێکی دی نەوەکانمان ئەنفال نەکرێنەوە.


ئێمە لە ماوەی کەمتر لە ٣٠ ساڵدا شاڵاوی ئەنفالمان لە باشوور و لە ڕۆژئاوای کوردستان بینیوە، بارودۆخ لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر خراپە، هیچ بەربەستێك نییە کە ئەگەر وەختی بێت، ئەنفال ئەوانیش نەگرێتەوە. کەواتە کورد لە خەمی دروستکردنی چارەنووسی خۆیدایە، لێرەوەیە کە دەبێ ڕۆشنبیران دوور لە بەرژەوەندیی حزبی و رابردووی سیاسیی خۆیان، روو لە پەکەکە بکەن و پێی بڵێن دەبێ ڕوانگەی خۆت روون بکەیتەوە، دەبێ لە حوکمە ئایدیۆلۆژییەکانت پاشەکشە بکەی، ڕێزی خوێنی ئەو ڕۆڵە قارەمانانە بگری کە ڕۆژانە لە ڕۆژئاوا خۆیان بەخت دەکەن.

ئەمەیە چارەنووسی ئێمە و ڕێگایەکی دی شك نابەین. ئێستا بە ئاشکرا ئەو چوار دەوڵەتەی کە ئێمەیان داگیرکردووە، خۆیان ماندوو ناکەن تا لەسەر روانگەیەکی هاوبەش قسەمان لەگەڵ بکەن، بەڵکو پتر چاوەڕێن ئێمە شەکەت بین، لەناوخۆماندا پەرت و بڵاو بین و پاشان بەناچاری بلکێندرێینەوە بەو ئایندەیەی کە زۆر رەشە و مەجالی ژیان بۆ کورد ناهێڵێ.

تەنیا یەك ڕوانگەیی و نیشتمانپەروەری و هاوچەرخیەتی لە ژیاندایە وا دەکات کورد خۆی لە ئایندەیەکی تاریك دوور بخاتەوە و ئاسۆیەکی روونی لە پێش بێت، بۆ ئەوەی ببێت بە دەوڵەتێکی بەهێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.



# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆڵی نەتەوەیی سەرۆک بارزانی



سەلاح بەدرەدین
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

هەرگیــز ناکرێ بــاس لــە ڕۆڵــی نەتەوەیــی ســەرۆك مسعود بارزانــی بکرێــت بــەدەر لــە ڕێبــازی کوردایەتیــی مســتەفا بارزانیــی نەمــر، وەك درێژەپێــدەری بارزانی-یانی پێشــەنگ، هــەر لــە شــێخ عەبدولســەلامەوە بــە هەمــوو ئــەو دەســتکەوتانەی هێناویەتیــەدی، کــە ئەمــەش هــەر وا بــە ڕێگایەکــی ڕاســت و ڕەوان و بــێ گرفــت بــە ئەنجام نەگەیشــتووە، بەڵکــو بــە چەندیــن وێســتگەی ســەخت و هەوراز و نشێوی دژوار و بڕینی قۆناخگەلێکی زۆر ئاڵۆز و هەلومەرجی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی تێپەڕیوە.

دەســتکەوتەکانی ئــەو ڕێبــازە مێژووییــە ئاکارەکانــی لــە بــواری ئەزموونێکــی دەوڵەمەنــدی قۆناخەکانــی پەرەســەندنی جیهانیدا بەر لە سەد ساڵ زیاتر بەدەرکەوتن، بەتایبەتیش ئەوانــەی پەیوەســتن بــە گۆڕانکارییەکانــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و ناوچــەی کوردییــەوە، ئــەم ڕێبــازە هــاوکات بــوو لەگــەڵ ســەردەمی عوســمانییەکان و هەڵوەشــانەوەی ئیمپراتۆریەتەکەی ئەو دەوڵەتە، هەروەها لەگەڵ واژۆکردنی ڕێکەوتننامــەی ســایکس پیکۆ کــە کوردســتانی کــردە چوار بــەش، وێــڕای هــەردوو جەنگــی یەکــەم و دووەمــی جیهانی بــە هەمــوو ئــەو کارەســاتانەی لێیــان کەوتنــەوە، هەروەهــا بەرپابوونــی شۆڕشــی سۆسیالیســتی مەزنــی ئۆکتۆبــەر کــە ئاراســتەی مێــژوو و هەمــوو پەیماننامــە نێودەوڵەتییەکانــی پەیوەســت بــە چارەنووســی ناوچــەی کــوردی گــۆڕی، بــە تایبەتیش دوای سەرکەوتنی هاوپەیمانان، وەك پەیماننامە و ڕێککەوتننامەکانــی (بۆتســدام و ماڵتــا و تــاران و یاڵتــا) و کاریگەربــوون بــە بزووتنــەوەی خۆیبــوون.

ئاکارە فیکرییەکانی ئەو ڕێبازە زیاتر پەیوەست بوون بە واقیــع و ڕاســتییەکانی ســەر ئــەرز، نــەك بــەو تیۆرانــەی کــە هیــگڵ بــە تیــۆرە زەردەکان باســیان دەکات، بــەڵام درەختــی ژیــان هەمیشــە سەوزە، ئەم ڕێبازە لە ژینگەی جوگرافیی بارزانــەوە ســەری هەڵــداو دەســتی پێکــرد کــە بــە فرەیی ئایینــی و ڕۆشــنبیری و نەتەوەیــی و بــە کەلتــووری یەکــدی قبوڵکردنــی جیــاواز و ویســتی ڕەتکردنــەوەی ســتەمکاران و پشــتیوانیکردن لــە ســتەملێکراوان و ڕێزگرتــن لــە ئافرەتــان ناســراوە، بەڵکــو قبوڵکردنــی شــێوازی بەڕێوەبردنــی کاروباری خێزان و بەشداریکردنی پیاو لە شان دانە بەر بارگرانیــی ژیــان و ڕووبەڕووبونــەوەی دەســتدرێژیکاران.

بارزانیــی نەمــر لەپــاڵ ئــەوەی کــە ســەرکردەیەکی ڕۆژهەڵاتــی و مەبدەئــی بــوو، بــەڵام ئەزموونــی نەتەوەیــی تایبەتیــی خــۆی هەبــوو، ڕەچــاوی کۆمەڵگەکــەی خــۆی دەکــردو لــە دەمارگیریــی تەســکی حزبــی دووردەکوتــەوە، هــاوکات ئــەو لەگــەڵ ڕێکخســتنی ریزەکانــی میللــەت بــوو، ئیســلامی سیاســیی ڕەتدەکــردەوە، هەرچەنــدە کــە زۆر دینداربــوو، بــەڵام ئایینــی لــە سیاســەت جــودا دەکــردەوەو ڕێزی هەمــوو ئایینەکانیشی دەگرت، مــن بە چاوی خۆم بینیــم کــە یەکــەم جــار لــە ســاڵی ١٩٦٧ ســەردانیم کــرد و لــە ناوچــەی باڵەکایەتــی چــاوم پێــی کــەوت، ئەوانــەی پاسەوانی ئەو بوون لە پاڵ بارزانییەکاندا بریتی بوون لە (ئاشــووری و کلدانــی و ئێزیــدی).

دوای ئــەوەی شــێخ عەبدولســەلام یەکەم بەردی بناغــەی ئــەم ڕێبــازە نەتەوەییــەی دانــا، کاتــێ ئەرکەکانــی ئایینــی بــە ئەرکەکانــی دنیــاوە گرێــدا، یاداشــتێکی بــۆ ســوڵتانی عوسمانییەکان نارد و تێیدا داوای کرد کە دان بە کورد و مافــە ئیــداری و ڕۆشــنبیرییەکانی ئــەو گەلــەدا بنێــت، ئــەو پــەڕی پێگەیشــتنی بنیــادی ڕۆشــنبیری و فیکریــی ئەو ڕێبــازە لــە دوای ئــەو، چەنــد وێســتگەیەکی مێژوویــی بــوون، یەکەمیــان: لــە کۆنفرانســی باکــۆ لــە ١٩-١-١٩٤٨دا بــە ئامادەبوونــی نوێنەرانــی کــورد لــە ســووریاو ئێــران، بــۆ یەکەم جار مستەفا بارزانی دەربارەی مەسەلە سیاسی و فیکــری و فەلســەفییەکان قســەی کــرد کــە ســتراتیژییەتی کوردایەتــی پێکدەهێنــن، دوای بەجێهێشــتنی کوردســتانی عێراق و چوونی بۆ ئێران و بەشداریکردنی لە ڕێوڕەسمی کۆمــاری کوردســتان لــە مەهابــاد و ڕێــڕەوە مێژووییەکــەی بــەرەو یەکێتیــی ســۆڤییەت.

دووەمیــان: لەمیانــی کۆنفرانســی سیاســی- ســەربازی لــە کانــی ســماق لــە ١٥-٤-١٩٦٧ ئــەو کاتــە مــن ســەرۆکایەتیی شــاندێکی حزبیــم دەکــرد، گوێــم لــە بارزانــی گــرت کــە وتــاری بــۆ پێشــمەرگە دەدا و دەیگــوت: ئێــوە قارەمانــی ئــەو میللەتــەن و گیانتــان دەکەنــە فیــدای ئــەو میللەتــە، هیــوادارم ئاگاتــان لــە هــەژاران بێت و ڕەخنــە قبــوڵ بکــەن و ئــەوەی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی کاردەکات جێگەی لەناومــان نابێتــەوە، لــەو کۆنفرانســەدا بارزانــی پێناســەی کوردی کــردو داخوازییەکانــی ڕوونکردەوە و زیاتــر جەختــی لەســەر کاری پێکەوەیــی کــردەوەو بــە توندیش هێرشــی کــردە ســەر دەوڵەمەندانــی کــورد ئەوانــەی یارمەتیــی گەلەکەیــان نــادەن، ئەوەشــی گــوت کــە مــن ســەرکردەی کــەس نیــم بەڵکــو خزمەتــکاری میللەتەکــەی خۆمــم، هەروەهــا باســی لــە مانــای پێشــکەوتنخوازیی کــرد بــەدوور لــە دروشــمی بریقــەدارو ڕوونــی کــردەوە کــە پێشــکەوتنخواز ئــەو کەســەیە کــە ســتەم لــە میللەتەکــەی نــاکات و دزیــی لــێ نــاکات و پارێزگاریــی لــە کەرامەتــی دەکات، هــاوکات گوتــی: بەدرێژایــی تەمەنــم خیانەتــم لــە کــەس نەکــردووە و قبوڵیــش ناکەم کەس خیانەتم لێ بکات و ڕێکخستنی ریزەکانیشمان بناغەی هێزمانە و ئێمەش شەڕی مان و نەمان دەکەین و نابێ سووکایەتی بە شوانێکی گوند یان ئافرەتێك بکەین، مــن لــە ســاڵی ١٩٤٥ و لــە ســاڵی ١٩٤٨ و لــە ١٩٦٠دا ئەمــەم گوتــووە و ئێســتاش دووبــارەی دەکەمــەوە کــە کێشــەو ناکۆکیمــان لەگــەڵ گەلــی عەرەبــدا نییــە، کــورد و عــەرەب دۆســت و بــران، بــەڵام ململانــێ و ناکۆکیمــان لەگــەڵ ڕژێــم و حکومەتەکاندایــە.

هەنــدێ ئــەو بۆچوونــە فیکــری و ڕۆشــنبیرییانەی

**بارزانیی نەمر لەپاڵ ئەوەی کە سەرکردەیەکی ڕۆژهەڵاتی و مەبدەئی بوو، بەڵام ئەزموونی نەتەوەیی تایبەتیی خۆی هەبوو، ڕەچاوی کۆمەڵگەکەی خۆی دەکرد و لە دەمارگیریی تەسکی حزبی دووردەکەوتەوە، هاوکات ئەو لەگەڵ ڕێکخستنی ریزەکانی میللەت بوو، ئیسلامی سیاسیشی ڕەتدەکردەوە**

ئاماژەمان پێکردن بەشێکی کەلەپووری ڕێبازی کوردایەتی پێکدێنن کە سەرۆک مسعود بارزانی گرتوویەتییە بەر، ئەو ڕێبازە نەوەستاوە بەڵکو کارلێك لەگەڵ پەرەسەندنی ڕووداوەکانی ناوخۆو دەرەوەدا دەکات و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دەوروبەری نزیك و دووری خۆیەوە، هەر لە داواکارییەکانی شێخ عەبدولسەلام بە مافە ئیدارییەکانەوە تا دروشمی شۆڕشی ئەیلول بە سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر کە بریتی بوو لە (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) دواتر بەدیهێنانی فیدراڵییەت لە سەردەمی سەرکردایەتیی سەرۆك بارزانی و هەوڵدانی بەڕێزیان لەوەتەی چەند ساڵێکە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم تاکو گەلی کوردستان بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، ئەمانە بەڵگەی کۆنکریتین لەسەر زیندوێتیی ئەو ڕێبازە کە گوزارشت لە ویستی گەل دەکات لە هەر قۆناخێك لە قۆناخەکانی مێژوودا.

بێگومان هەلومەرجی ئێستای بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد بە شێوەیەکی گشتی کە ئێمە لە دوو دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمداین جیاوازیی هەیە لەگەڵ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەم بزاڤە لە سەدەی نۆزدەیەمدا، یەکەمین بانگەوازی کورد لە کۆشێوەی نەتەوەیی هاتەئاراوە، دواتر بە دابەشکردنی کوردستان ئەو بانگەوازە بوو بە چەند بەشێکەوە کە لەنێو چوار وڵاتدا دابەشبوو، هەر بەشێکیش دۆخی تایبەتیی خۆی هەبوو، لە ڕێگەی ئامرازگەلێکی نێوخۆیی نەك بە کۆشێوەی نەتەوەیی، واتا هیچ ئەگەرێکی چارەسەری یەکگرتووی نەتەوەیی کوردستانی بۆ کێشەی کورد لەئارادا نەبوو، بەڵکو چەندین بەشەچارەسەری نیشتمانی هەبوون، چارەنووسی بزووتنەوە کوردییەکانیان بە بزووتنەوە نیشتمانییەکانی عەرەبەوە گرێ دران لە سووریا و عێراق و تورکیا و ئێران، تا ئەم ساتەش بزاڤێکی نەتەوەیی یەکگرتووی کوردی دوای ئەزموونی (خۆیبوون) نەهاتە ئاراوە لە ڕووی ڕێکخستن و سیاسییەوە، بواری گونجاو بریتییە لە هەماهەنگیکردن و هاوکاری و ڕێزگرتنی هاوبەش لەنێوان کوردی هەر چوار بەش کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە لێکدی جیاوازن.

تا ئەم ساتەش هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر پێناسەی پێشووماندا نەهاتووە، بەر لە نزیکەی پێنج دەیە لە دابەشبوونی بزووتنەوەکانی کورد و کێشەو ململانێکانیان تا بە ئێستا دەگات هەرئەوە ڕاستە کە پێشتر دەست نیشانمان کرد، ئەویش بوونی دوو ڕێبازە، یەکێکیان میانڕەوی نیشتمانی و نەتەوەیی و دیموکراسییە کە بڕوای بە دیالۆگ و چارەسەری ئاشتییانە هەیە و لەگەڵ شۆڕش و گۆڕانکاریی دیموکراسی و دانان بە بەرامبەری جودادایە و کوردایەتیی بارزانی بڕبڕەی پشتی ئەو ڕێبازەیە، ئەوەی دووەم حزبی دەمارگیریی سەرکێشی و تاقمخوازی ناوچەگەریی ناپارێزی سەر بە ڕژێمەکانی دوژمن بە گەلی کوردە و لە میحوەری دژایەتیکردن تێوەگلاوە و بۆتە داردەستی ڕژێمە ستەمکارەکان بەمەبەستی نانەوەی ململانێی نێوان کوردو کورد (پەکەکە و هەندێ ڕێکخراوی دیکەی حزبی لە کوردستانی عێراق و ئێران و سووریا) پێکهاتەی بنچینەیی ئەو ڕێبازەن.

تا ئێستا ئەو ڕێبازە کوردایەتییەی کە سەرۆك مسعود بارزانی پەیڕەوی کردووە مەرجەعییەتێکی گرنگی نەتەوەیی پێکدەهێنێت، بێگومان ئەم ڕێبازە پێویستی بە پەرەپێدان و قووڵکردنەوەو چاوپێداخشاندنەوە هەیە بە ڕێگەی کارکردنی زانستیانەو شرۆڤەکردنی بابەتییانە لەپێناو ئەنجامدانی دەرهاویشتەی بەسوود بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای نەوەی تازە، لە ڕاستیدا پێویستیی زۆری بە تازەکردنەوەی فیکری و چاوخشاندنەوەی ڕۆشنبیریی هەیە بە گیانێکی ڕەخنەگرانەی پۆزەتیڤیانە، لە پێشەوەی ئەو کارانەش مەسەلەی پەیوەندییە نەتەوەییە کوردستانییەکانە کە تا ئێستا لەسەر بناخەیەکی روونی دامەزراوەیی کاریگەرو ساغلەم جێگیر نەبووە.

لەم بوارەدا ئەزموونێکی گرنگمان لەبەر دەستدایە کە مەبەستم بواری (پەیوەندییە نەتەوەییەکان) ـە کە شێوە و ناوەڕۆك و ئەنجامەکانی مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستانی عێراقە بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەرۆکی هەرێم لەوەتەی پێنج ساڵە لەگەڵ دۆسێی کوردیی سووریا، بێ گومان پاڵنەری ئەو مامەڵە سیاسییەش بەتەنگەوەهاتنە بۆ گەل و ڕیزەکانی و نەرشتنی خوێنی کورد، بەڵام هەروەك دیارە ئەنجامەکان خزمەتی ئەو ئامانجەیان نەکردووە، بۆیە سەرۆك بازانی لە دوو دیداردا لەگەڵ هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (سکای نیوزی عەرەبی و ئەلجەزیرە) ئاماژەی بە شکستی حزبە کوردییەکانی سووریا کردووە لە سەرکردایەتیکردنی کورددا، تەنانەت خراپەشیان بەرامبەر کردوون، پەیدە بەرپرسی یەکەمە لە بەردەوامبوونی قەیرانەکە، ئێستاش دوای ئەوەی جەنابی سەرۆك گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامە ساغڵەم و وردە، بۆیە هەر وەك من پێموایە پێویستە بچینە هەنگاوێکی دیکەی گرنگەوە کە ئەلتەرناتیڤەکەیە، ئەویش سازدانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی نیشتمانی کوردی سووریایە کە نیشتمانپەروەرە بێلایەنەکان بەڕێوەی بەرن ئەوانەی کە بەشدارییان لە خولقاندن و قووڵکردنەوەی قەیرانەکە نەکردووە، بە بەشداریی هەندێ گردبوونەوەی لاوان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنگرانی بنکە حزبییەکان، ئەمەش بۆ پێداچوونەوە بەو دۆخانەی ڕوویانداوە، هەروەها داڕشتنی بەرنامەی سیاسی و قووڵکردنەوەی ئاراستەی بەشداریکردن لە شۆڕشی سووریا و هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی لێهاتوو و کارامە.

**دوای ئەوەی شێخ عەبدولسەلام یەکەم بەردی بناغەی ئەم ڕێبازە نەتەوەییەی دانا، کاتێ ئەرکەکانی ئایینی بە ئەرکەکانی دنیاوە گرێدا، یاداشتێکی بۆ سوڵتانی عوسمانییەکان نارد و تێیدا داوای کرد کە دان بە کورد و مافە ئیداری و ڕۆشنبیرییەکانی ئەو گەلەدا بنێت**

**گوێم لە بارزانی گرت کە وتاری بۆ پێشمەرگە دەدا و دەیگوت: ئێوە قارەمانی ئەو میللەتەن و گیانتان دەکەنە فیدای ئەو میللەتە، هیوادارم ئاگاتان لە هەژاران بێت و ڕەخنە قبوڵ بکەن و ئەوەی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی کاردەکات جێگەی لەناومان نابێتەوە**

**ئەو ڕێبازە کوردایەتییەی کە سەرۆک مسعود بارزانی پەیڕەوی کردووە مەرجەعییەتێکی گرنگی نەتەوەیی پێکدەهێنێت، بێگومان ئەم ڕێبازە پێویستی بە پەرەپێدان و قووڵکردنەوە و چاوپێداخشاندنەوە هەیە بە ڕێگەی کارکردنی زانستییانە و شرۆڤەکردنی بابەتییانە لە پێناو ئەنجامدانی دەرهاویشتەی بەسوود بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای نەوەی تازە**

# سنوورەکان و بە نهێنی سەپاندنی سنوورەکان
# دوو میراتی ژەهراوی سایکس پیکۆن



ساناسیس کامبانیس

لە دوای ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ-وە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست دژیەکییەکی قووڵەوە گرفتارە لە نێوان دەوڵەتان، کە سنوورگەلێکی ناسروشتییان هەیە و لە جوگرافیای مرۆییدا کە لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە بۆ کەنداوی فارسی درێژدەبێتێەوە، پەیوەستە بەوەی خەڵکی چۆن دەژین و کێ دەسەڵاتی بەدەستە. لە ڕاستیدا ئۆباڵی زۆرێك لە کارەساتە درێژخایەنەکان خراوەتە ئەستۆی سایکس پیکۆ، هەر لە ناکۆکیی ئیسرائیل-فەلەستین بۆ لەناوبردنی توندوتیژانەی خەونە نەتەوەییەکانی زۆرێك لە کورد و عەرەب و گروپەکانی دیکە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو ناهەمواریانە، سنوورەکانی سایکس پیکۆ لە داڕووخاندان. ئێستا واقیعێکی دیکە جێی ئەو سنوورە نەتەوەییانەی گرتۆتەوە، کە بە زۆری لە پێناوی هێنانەدی بەرژەوەندیی هێزە کۆلۆنیاڵییەکانی فەرەنسا و بەریتانیا داڕێژران، نەك بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی ئەو خەڵکانەی لەو ناوچانەدا دەژیان، ئەگەرچی مەرج نییە لە ئاست خواست و چاوەڕوانییەکانی ڕەخنەگرانی دژ بە کۆلۆنیاڵیزمدا بێت.

سایکس پیکۆ دوو میراتی ژەهراوی لە دوای خۆی جێهێشت، یەکەمیان: خودی سنوورەکان، کە بە بەردەوامی بەرهەڵستی کراون لە لایەن ئەو گروپانەی قەناعەتیان وایە کە پشکی ڕەوای خۆیان بەدەست نەهێناوە، هەر لە کوردەوە بیگرە بۆ فەلەستینییەکان و خێڵە شیعە و سوننەکانی بیابان. دووەمیان: ئەوە بوو کە ئەم سنوورانە بە شێوەیەکی نهێنی و لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە سەپێندران، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بۆ هەتا هەتایە ئەو گومانە دروست بێت کە پیلانداڕێژەرانی پایتەختە ڕۆژئاواییەکان سەرقاڵی دەستکاریکردنی نەخشەکانی ناوچەکەن، کە بە دڵنیاییەوە ئەم کارەشیان کرد.

کورد، کە خۆی بە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە جیهاندا دەزانێت، پلانی ئەوەیان هەیە، لە ئەمساڵدا ڕیفراندۆم ئەنجام بدەن لەبارەی بەدەستهێنانی سەربەخۆییەوە. هەندێ کەس ئومێدی ئەوەیان هەبوو ئەم ڕیفراندۆمە لە ١٧ی ئایاردا ئەنجام بدرێت، واتە لە یادی سەد ساڵەی سایکس پیکۆدا، وەك ئاماژەیەك بۆ مەرگی سیستمە کۆلۆنیاڵییە کۆنەکە.

کاتی ئەوە هاتووە لەو دەوڵەتانەی ئەمری واقیع بڕوانین کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونیان هەیە و چیتر وا هەڵسوکەوت نەکەین کە سنورەکانی سایکس پیکۆ لە ئارادا ماون.

- سەرچاوە: The Middle East’s fading frontiers
- نووسینی: Thanassis Cambanis

پرۆفیسۆرجودیس یافی ئوستادە لە سکوڵی ئەلیوت بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن و بەڕێوبەری پرۆگرامی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە ئامۆژگای دیراساتی ستراتیژی نەتەوەیی لە زانکۆی بەرگری نیشتمانی لە واشنتۆن دی سی، پێشتریش بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ وەك شرۆڤەکاری باڵای کاروبارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی کەنداو لە دەزگای هەواڵگری ئەمەریکیدا کاری کردووە. بۆ قسەکردن لە بارەی دۆخی پشێو و ئاڵۆزی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و ئەگەری گۆڕانکاری لە سنوورەکانی ناوچەکە، گوڵان وتووێژێکی لەگەڵ سازکرد و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

## جودیس یافی

شرۆڤەکاری پێشووی CIA بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# تێکشکاندنی داعش کێشەکە چارەسەر ناکات، دەبێت هەلومەرجی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕدرێت



*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت و ئایا پێتانوایە چارەسەرە بنەڕەتییەکەی کێشە و پشێوییەکانی ئەم ناوچەیە لە چیدا بەرجەستە دەبێت، بەتایبەتی کە سەد ساڵ بە سەر ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ-دا تێدەپەڕێت؟**

- قسە و باسێکی زۆر لەبارەی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ-وە دەکرێت، ئەوەی بەدی دەکرێت بوونی مەیلێکە بۆ ئەوەی ئۆباڵی کێشەکان بخاتە ئەستۆی پرس و بابەتێك، بەڵام ئەمە هۆکارە ڕاستەقینەکە نییە. سەد ساڵ بەسەر سایکس پیکۆدا تێپەڕیوە و پێموایە کۆتایی هاتووە، لە ئێستاشدا پرسیارە ڕاستەقینەکە پەیوەست نییە بە سنووری نێوان دەوڵەتانی پێشوو، یان دەوڵەتە نوێیەکانەوە، بەڵکو پتر پێوەندیدارە بەوەی لە چوارچێوەی ئەو سنوورانەدا چی دەگوزەرێت. بۆ نموونە مەسەلەکە پێوەندیدار نییە بە سنوری کوردستانەوە- لە حاڵەتی سەربەخۆبوونیدا-، بە دەورروبەریەوە، ئیدی لە کوردستانی تورکیا بێت، یان سووریا. بەڵکو زیاتر بەندە بەوەی لە ناو ئەو سنوورانەدا چی دەگوزەرێت. بۆ نموونە پێوەندیی کورد لە ناو خودی عێراقدا و ئەوەی پەیوەست بێت بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانەوە، کە لە دوای هاتنی داعش بۆ موسڵ لە ساڵی ٢٠١٤ کەوتوونەتە دەست پێشمەرگە. لەبەر ئەوە من دڵنیانیم کە سایکس پیکۆ پێوەندی بەو پرس و ڕووداوانە هەبێت کە لە ناو سنوورەکاندا دەگوزەرێن و ئەمە کێشە ڕاستەقینەکە نییە.

*** ئەو پشێوی و پاشاگەردانیەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادایە بە چەشنێك پەرەیان سەندووە کە چیتر ئەمەریکا و ڕۆژئاوا ناتوانن خۆیانی لێ دوورەپەرێز بگرن و هیچ کاردانەوەیەکیان نەبێت، ئەگەرنا بۆشاییەك دروست دەبێت کە هێزەکانی دیکە هەوڵی پڕکردنەوەی دەدەن، بۆ نموونە لە مانگی ئەیلوولی ٢٠١٥دا ڕووسیا دەستێوەردانی لە سووریادا کرد و هاوسەنگیی شەڕەکەی لە بەرژەوەندی ئەسەد گۆڕی، کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بەم شێوەیە دوورەپەرێز بن، ئایا هەڕەشەی و مەترسی لە سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان دروست نابێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر قورسە، وەڵامە میسالییەکە ئەوەیە کە پێویستە هاوکاری لە نێوان ئەمەریکا و ڕووسیا و گەمەکارە گرنگەکانی دیکەی ناوچەکەدا بێتەدی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سووریا، بەڵام لە ئێستادا ئەمە ڕوونادات.

**هیوادارم کە سەرجەم عێراقییەکان بە تورکمان و کورد و عەرەبەوە بیر لەو ئایندەیە بکەنەوە کە دەیانەوێت و بیر لە ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجە بکەنەوە و بزانن شەڕی نەبڕاوە لەسەر دەسەڵات و داهات سەرکەوتوو نابێت**

مەبەستم ئەوەیە کە هێزە گەورەکان و دەوڵەتە دەرەکییەکان دەستڕۆیشتوویی خۆیان بەکار بهێنن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن و ئاگربەستێك لە سووریادا، هەرچەندە ئەمەش کێشەکە چارەسەر ناکات، چونکە پێموانییە ڕووسیا یان هەر هێزێکی دەرەکی دیکە بتوانێت چارەسەرێك بسەپێنێت بەسەر ئەو وڵاتەدا، هەروەها ئەمە ئەو پەیامەیە کە لە سایکس پیکۆوە دەیخوێنینەوە.

*** کاتێك ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بە ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە بەراورد دەکرێت، ئەو جیاوازییە ئاشکرایە دەردەکەوێت کە داعش دەوڵەتێکی ڕاگەیاندووە و کردوویەتیە ئامرازێك بۆ ئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنان بە تیرۆریستان و دواتر ڕەوانەکردنەوەیان بۆ ئەورووپا، مەترسییەکە ئەوەیە زۆربەی ئەو تیرۆریستانە هەڵگری پەساپۆرتی رۆژئاواییین، بۆیە ئەگەر شەڕی داعش لەم وڵاتانەدا نەکرێت و لەناو نەبردرێن، ئایا ئەو مەترسییە دروست نابێت کە بە گەڕانەوەی ئەو تیرۆریستانە بارودۆخێکی هاوشێوەی عێراق و سووریا لە رۆژئاواشدا دروست بێت؟**

- ئەمە پرسێکی زۆر گرنگە، بەڵام با ئێمە ئاوڕ لە ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ بدەینەوە، کە وا دەردەکەوت ئێمە ئەلقاعیدەمان لە ناو بردبێت لە عێراقدا، بەڵام چەند ساڵێك دواتر ئەلقاعیدە لە فۆرم و بەرگێکی دیکەدا و بە ڕێکخراوێکی بەهێزتر و کاراتر گەڕایەوە. کەواتە دەکرێت ڕێکخراوێك تێکبشکێنیت، بەڵام ئەگەر هەلومەرجەکە نەگۆڕێت، ئایا دەتوانیت ڕایبگەیەنیت کە کێشەکەم چارەسەر کردووە، یان ئەوەتا تەنیا زەمینەت بۆ قۆناخێکی دیکە خۆش کردووە؟ ئەمە نیگەرانیەکەی منە.

*** ئاشکرایە کە لەم ساتەوەختەدا کوردستان بە ئەمری واقیع دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، هەروەها ئەگەر لە بەشەکانی دیکەی عێراق بڕوانین، ئیفلیج بوونی حکومەت و پرۆسەی سیاسی بەدی دەکەین، خۆ ئەگەر باس لە پێکهاتەی سوننە بکەین، ئەوا جارێکی دیکە ئامادەنین بگەڕێنەوە بۆ ژێر ڕکێفی حکومەتێکی شیعە کە ئێران پشتیوانی بۆ دەستەبەربکات، کەواتە ئایا ئەگەر ئەمەریکا و هاوپەیمانێتی دژ بە داعش ئاستەنگ بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان دروست بکەن، ئەمە وا لێکنادرێتەوە کە دووبارە ئەمەریکا عێراق بداتەوە دەست ئێران؟**

- من مەسەلەکان لە گۆشەیەکی جیاوازەوە دەبینم. با پرسیاری ئەوە بکەم ئایا هەڵوێستی کوردستان چی دەبێت ئەگەر هاتوو پارێزگاکانی دیکەی عێراق هەمان خواستی خۆبەڕێوەبەرییان هەبوو؟ بۆ نموونە دەکرێت چارەسەری کێشەی سوننەکان بەوە بکرێت کە هەرێمێکیان بۆ پێکبهێندرێت کە هەمان ئیمتیاز و پێگەی هەرێمی کوردستانی هەبێت، ڕەنگە بەسەرەش چاوی لەم چارەسەرە بڕیبێت. هەروەها ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاین بانگەشەکردنی کەسانێك بوو لە کەرکووك کە داوای ئەوە دەکەن هەرێمێکی سەربەخۆیان هەبێت و سەر بە هەرێمی کوردستان نەبێت و بەشێك بێت لە عێراق، بەڵام هەمان پێگەی هەرێمی کوردستانیان هەبێت لە ڕووی خۆبەڕێوبەرییەوە.

*** کوردستان پێیوایە پاساوی قەناعەتپێهێنەری لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵبگرێت، بیروبۆچوونی ئێوە چیە لەم بارەیەوە؟ ئایا هەلومەرجەکە لەبار نییە بۆ ئەوەی کوردستان کار لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بکات؟**

- هەڵوێستی ڕەسمی ئەمەریکا ئەوەیە کە ئەمە کاتێکی لەبار نییە و پێویستە لە ئێستادا ئەولەوییەت بە شەڕی دژ بە داعش بدرێت کە دوژمنێکی سەرسەختە و تەنیا بە پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو دەتوانرێت تێك بشکێندرێت. کەواتە ئەوەندەی من ئاگاداربم هەڵوێستی ڕەسمی ئەمەریکا ئەوەیە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەڵام من نازانم ئایا دوای کۆتاییهاتنی ئەم شەڕە گۆڕانکاری بەسەر ئەم هەڵویستەیدا دێت، یان نە.

*** پێشبینی دەکەیت سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا چ هەڵوێستێکی لەم بارەیەوە هەبێت؟**

- لە ڕاستیدا تەنیا دەتوانین مەزەندە بکەین، ڕەنگە ئەم هەڵوێستەی ئێستایان نەبێت و بۆی هەیە و سیاسەت و هەڵوێستێك بگرنەبەر کە هیچ بە دڵی ئێوە نەبێت، ئێمە لەمە دڵنیا نین.

*** ئایا پێداگیریی ئەمەریکا لە سەر عێراقێکی یەکگرتوو نابێتە هۆی درێژکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران بۆ نێو ئەم وڵاتە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە تەنیا پڕوپاگەندەیە، کێشە نییە ئەگەر ئێوە باوەڕتان بەمە هەیە، بەڵام من باوەڕم پێی نییە، لێرەدا گرفتێك هەیە، ئێمە باسی دیموکراسی و دەنگدان دەکەین، بەڵام ئەگەر دەرئەنجامێکی دیاریکراوی لێکەوتەوە —کە ئێمە خوازیاری نەبووین- ئایا ئێمە چی دەڵێین، ئایا دێین و بڵێین ئەمە ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی

**هەڵوێستی ڕەسمی ئەمەریکا ئەوەیە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەڵام من نازانم ئایا دوای کۆتاییهاتنی ئەم شەڕە گۆڕانکاری بەسەر ئەم هەڵویستەیدا دێت، یان نە**

**با ئێمە ئاوڕ لە ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ بدەینەوە، کە وا دەردەکەوت ئێمە ئەلقاعیدەمان لە ناو بردبێت لە عێراقدا، بەڵام چەند ساڵێك دواتر ئەلقاعیدە لە فۆرم و بەرگێکی دیکەدا و بە ڕێکخراوێکی بەهێزتر و کاراتر گەڕایەوە. کەواتە دەکرێت ڕێکخراوێك تێکبشکێنیت، بەڵام ئەگەر هەلومەرجەکە نەگۆڕێت، ئایا دەتوانیت ڕایبگەیەنیت کە کێشەکەم چارەسەر کردووە، یان ئەوەتا تەنیا زەمینەت بۆ قۆناخێکی دیکە خۆش کردووە؟**

دیموکراسییە، کە زۆرینەی دانیشتووانی عێراق لە شیعە پێکهاتێبێت، ئایا جێی سەرسوڕمانە کە شیعە باڵادەست بن بەسەر حکومەتدا. لەبەر ئەوە پێموایە ئەمە مشتومڕێکی هەڵەیە و بۆچوونی شەخسی من ئەوەیە ئەو کەسانەی پەرە بەم لێکدانەوەیە دەدەن، دەستیان لە بەرپرسیارێتییەکانی خۆیان هەڵگرتووە بۆ هێنانەدی جۆرێك لە هاوسەنگی و ئاشتی لە عێراقدا.

*** هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەك سعودیە و ئیسرائیل، نیگەرانن لە ئاست ئەمەریکادا، لێکدانەوەی ئەم وڵاتانە بۆ سیاسەتی ئەمەریکا بە شێوەیەکە کە پێیانوایە ئەمەریکا نیگەرانییە ئەمنیەکانی ئەوان لە سیاسەتەکانیدا لەبەرچاو ناگرێت، بەتایبەتی دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکەی نێوان ئێران و ئەمەریکا، ئایا ئەم سیاسەتەی ئەمەریکا لەسەر شکۆی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاریگەریی زیانبەخشی نابێت؟**

- لەو باوەڕەدا نیم کە ئەوە گۆڕانکارییەکی گەورەی لێبکەوێتەوە، چونکە پێویستە پێشبینی ئەوە بکرێت کە پێوەندیەکانیش ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییانە بن کە بە تێپەڕبوونی کات لە هەلو مەرجەکەدا دێنەئاراوە. ئێوە باسی ئەوە دەکەن کە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا نیگەرانییان هەیە، بەڵام ئایا ئەوان وەك کاردانەوەیەك هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ڕێککەوتنێك لە نێو خۆیاندا کە ئەمەریکای لێ دەربکەن، لەو باوەڕەدا نیم. چونکە تۆ دەبێت لەوە بڕوانیت ئایا بەرژەوەندییەکانت چین و ئایا ئەو هەڕەشانە چین کە ڕووبەڕووت بوونەتەوە و ئایا بژارەکانی بەردەمت چین؟ لەبەر ئەوە پێموانییە لە کت و پڕێکدا ئەمەریکا پێگەی خۆی لەدەست دابێت، وەك گەمەکارێك، یان هێزێك بێت و فەرامۆش بکرێت. مەسەلەکە ئەوەیە کە گۆڕانکاری لە هاوسەنگییەکەدا ڕوویدا، چونکە ئەو پرس و مەسەلانەی کە هاوسەنگییەکەیان پێوەبەندە گۆڕدراون، واتە تۆ دەبێت لەوە بڕوانیت کە دەتەوێت ئایندە چۆن بێت، لەبەر ئەوە پێموانییە بژاردەیەکی زۆر لەبەردەستدا بێت لەم ساتەوەختەدا، دواتر ئایا کێ جێی ئەمەریکا دەگرێتەوە؟، وڵاتی چین، من لەو باوەڕدا نیم.

*** ئەگەر لە وڵاتی لیبیا بڕوانین، دەبینین کە بە هەمان شێوەی عێراق و سووریا تیرۆریستانی داعش لەو وڵاتەشدا جێ پێی خۆیان قایم کردووە، بەڵام ئەوەی وادەکات لیبیا مەترسیدارتر بێت، نزیکی ئەو وڵاتەیە لە ئەورووپاوە، چونکە پێشبینی دەکرێت داعش خەڵکانی خۆی لە نێو کۆچبەراندا بنێرێتە ئەورووپا بە ئامانجی ئەنجامدانی کار و چالاکی تیرۆریستی، کەواتە تا چەند ڕاگەیاندنی ویلایەتی خەلافەتی ئیسلامی لە لیبیا، مەترسیی داعشی لەسەر ئەورووپا زیاتر کردووە؟**

- بەڵێ ئێمە ئەمەمان بەدی کردووە و ئەمەش سەلمێندراوە. داخستنی سنوورەکان و کردنە ئامانجی ئەو کەسانەی کە بە ڕەچەڵەك عەرەبن کاردانەوەگەلێکی جێی داخن، بەڵام قابیلی تێگەیشتنن. ئەمەش بیرۆکەیەکی باش نییە.

*** زۆرێك لە شارەزایان پێیانوایە کارێکی بێهودە و بێئاکامە ئەگەر پێمانوابێت دەتوانین کێشەکانمان لە چوارچێوەی ئەو سنوورانەدا چارەسەر بکەین کە بە هۆی ڕێککەوتنامەی سایکس پیکۆوە داڕێژران، واتە پێیانوایە نابێت بەرگی پیرۆزی بکەین بە بەر سنوورەکاندا و نابێت چیتر وا سەیری سنوورەکان بکەین کە قابیلی دەستکاریکردن نین، کەواتە لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا پێداگیری لەسەر پاراستنی ئەم سنوورانە و یەکپارچەیی خاکی ئەم وڵاتانە دەکەن، لە کاتێکدا ئەو بۆچوونە دروست بوویێت کە ناتوانرێت لە ناو سنوورەکانی پێشووی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشەکان یەکلابکرێنەوە و ئاشتی و ئاسایش دەستەبەر بکرێت؟**

- لە ئێستادا ئەمە هەڵوێستە ڕەسمییەکەیە، من ناتوانم پێشبینی ئەوە بکەم ئایا هەڵوێستی ڕەسمی لە ئاست سنوورەکاندا چی دەبێت دوای تێکشکاندنی داعش، یان لە ئایندەدا تورکیا چۆن دەبێت، یاخود ئایا سووریا وەك دەوڵەتێك دەمێنێتەوە، یان نا. قورسە بتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە بارودۆخەکە لە مەودای دووردا بە کوێ دەگات.

*** دواوتە و پەیامتان چییە؟**

من ئومێد دەخوازم ئاشتی باڵ بە سەر عێراقدا بکێشێت، دڵگرانم کە شەڕ بۆتە هۆی کاولبوونی عێراق، خەڵکی عێراق بە کورد و عەرەب و ئێزیدییەوە نەهامەتیەکی لە ڕاددەبەدەریان چەشتووە، لەبەر ئەوە هیوادارم کە سەرجەم عێراقییەکان بە تورکمان و کورد و عەرەبەوە بیر لەو ئایندەیە بکەنەوە کە دەیانەوێت و بیر لە ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجە بکەنەوە و بزانن شەڕی نەبڕاوە لەسەر دەسەڵات و داهات سەرکەوتوو نابێت.

**پێویستە هاوکاری لە نێوان ئەمەریکا و ڕووسیا و گەمەکارە گرنگەکانی دیکەی ناوچەکەدا بێتەدی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سووریا، بەڵام لە ئێستادا ئەمە ڕوونادات**

**دەکرێت چارەسەری کێشەی سوننەکان بەوە بکرێت کە هەرێمێکیان بۆ پێکبهێندرێت کە هەمان ئیمتیاز و پێگەی هەرێمی کوردستانی هەبێت، ڕەنگە بەسرەش چاوی لەم چارەسەرە بڕیبێت. هەروەها ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاین بانگەشەکردنی کەسانێک بوو لە کەرکووک کە داوای ئەوە دەکەن هەرێمێکی سەربەخۆیان هەبێت**

# ڕێککەوتنێک لەنێوان هەوراز و سەپاندندا

بەرنامەی چاکسازی هەرێمی کوردستانە، دەخوازێ کەمێک بۆ دواوە، واتە ڕێک بۆ سەرەتاکانی سەرەتاتکێی قەیرانی دارایی کوردستان بگەڕێینەوە، بەوەی سەرەتا لە سلێمانی سەریهەڵدا. دیسان لەوەشدا تۆمەت ئاڕاستەی پارتی دەکرا، کە بەئەنقەست پارە نانێرێتە بانکەکانی سلێمانی، هەموو کەس دەزانێ لە کوردستان سیاسەتی ئابووری هەر دەڤەرەو گیرفانی خۆی پەیڕەو دەکرێ. واتە خودی کێشەکە لە بەڕێوەبەرانی سیاسیی ئەوێ بوو، نەک پارتی، بەڵام ئەوان لەم تۆمەت ئاڕاستەکردنەشدا، مەبەستیان پەردەپۆشکردنی کێشەکانیان و پڕکردنی شەقامی ئەو دەڤەرە بوو، کە گوایە پارتی جودایی دەکات لە نێوان دەڤەرەکاندا، کە ئەمە زۆر لە ڕاستییەوە دوورە. بەپێچەوانەوە پارتی بە هاوکاری هەموو لایەک دەیەوێ کوردستان بگەیەنێتە ئەو شوێنەی پێویست بوو لە مێژە پێی بگات، کە لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە لەلایەن سەرۆک بارزانی ئەو ئامانجە دیاریکرا بەوەی دەمانەوێ دەوڵەتی دامەزراوەیی دابمەزرێنین.



کەریم قادر

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لەوەتەی زیاتر لە دوو حزب لە مەیدان هەیە، ڕێککەوتنیش پەیدا بووە، بۆیە کەسێك نادۆزیتەوە ڕێککەوتنی نێوان حزبەکانی پێناخۆش بێت، بەڵام یەکێتی و گۆڕان ڕێککەوتنی نێوانیان لە پێناسە و قەبارەی بنەڕەتیی خۆی گەورەتر نیشان دا، ئەمەش وایکرد زۆر لایەن لە سەروویانە پارتی بە گومانەوە لێی بڕوانێ. دیارە ئەوەی گومانەکە تۆختر دەکاتەوە، ناوەڕۆکی خودی ڕێککەوتنەکەیە، چونکە کاتێك حزبی دیکەی خاوەن پێگە و سەنگ لە مەیدان هەبوو، هەر ڕێککەوتنێك بالانسی نێوان هێزەکان تێکبدات، گومان لەسەر خۆی دروست دەکات. هەشن

لەو راستییە گەیشتوون، کە ناکرێ و ناواقیعییە پارتێکی وەك پارتی دیموکراتی کوردستان، کە حزبی یەکەمی کوردستانە بکرێتە ئامانج.

وەك لەلایەن هەندێ لاوە ئاشکرا کراوە و خوێندوومانەتەوە، رێککەوتنەکە بەند و برگەی زیادی تێدایە، کە بە کردەنی زیاتر لە دروشم و دڵراگرتن دەچێ. ئەگەرنا جێبەجێکردنی هەورازێکی رکی لە پێشە، کە بە ئاسانی نابردرێت. بۆیە لە دووتوێی رێککەوتنی نێوان دوو حزبی رارِا لە بریاردانـدا، قسەکردن لەسەر کۆی پرس و شێوەی حوکمران لە کوردستان، بەتایبەتی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان قبوڵکراو نییە، هەر کەسێکی هوشیار و بەئاگا ئەو مافە بە پارتی دەدات، کە بەپێی پێگە و سەنگ و ئەزموونی خۆی لە خەبات و حوکمرانیکردندا هەرگیز سەپاندن قبوڵ نەکات، ئەمە لە کاتێکدا هەمیشە کراوە بووە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە باشتر حوکمرانیکردنی کوردستان و گوێگرتن و گەرانەوە بۆ رای خەڵك. نەخاسمە پێشتر لە بارەی سیستم و یاسای سەرۆکایەتی لە چوارچێوەی دەستووری کوردستان گفتوگۆ کراوە.

هەر لەسەر ئەم بنەمایە، کاتی خۆی بزووتنەوەی گۆران شەری بە دەستووری کوردستان فرۆشت، بە مەبەستی پەیداکردنی شەریك هەر جارەی بە بیانوویەك شەرەکەی گەرم دەکردەوە، وێرای ئەو راستییەی کە لە دنیادا هیچ دەستوورێك بێ کەموکوری نییە، هەر بۆیە بەپێی پێداویستی گەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی جوگرافیای دەستوور، دەستوورەکانیش هەموار دەکرێنەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ سەردەمی نوێدا بگونجێن. لە سۆنگەی بروابوونی پارتی بە گفتوگۆ و دانوستاندن، کە لەلای پرەنسیپی کاری سیاسی خۆیەتی، چارەسەرکردنی کێشەکان یا بوونی تێبینیەکان بەو رێگەیە بە باشترین رێکار و بژاردە دەزانێ، نەك پاشقوڵ گرتن و شتی دیکە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە رازی بوو بە گەرانەوەی دەستوور بۆ پەرلەمان، کە لە پەرلەمان لای زۆرینەی هەرە زۆری پارتە سیاسییەکانی کوردستان، بە پارتە سیاسییەکانی پێکهاتەکانی دیکەی کوردستانەوە پەسندکراو و رەزامەندی لەسەر دراو بوو، بەڵام لای هەمووان ئاشکرایە، کە بە چ سۆدریەك بردرا، کە رەنگە تا ئەو عەقڵییەتە کودەتاخوازە مابێت، ئەستەمە تیشکی رۆژ ببینێ. واتە ئەم شتانە بە گفتوگۆ چارەسەر دەبن، نەك کودەتا و شتی لەو بابەتە، کە پارتی هەرگیز ناچێتە ژێر باری ئاوەها پیلان و سۆبەتێك، نەمازە لەم کەشە پر لە کارتە سیاسییەدا، کە لە بری ئەوەی هەمووان پێکەوە دەرچەیەك بدۆزنەوە بۆ کێشە و تێبینییەکان، بە پێچەوانەوە بەو رێککەوتنە هەورازەکە رکتر کرا، یا کورد گوتەنی قورەکەی خەستتر کرد، تەنانەت کار بەو ئاستە گەیەندرا، لە هەندێ لاوە وەك چارەسەرێك بۆ کێشەکان لە لەتکردنی هەرێمی کوردستان بروانرێ، کە ئەمەش جێی قبوڵ نییە.

قسەم لەسەر ئەوە نییە، کە لەم رێککەوتنەدا کام لەم دوو حزبە زیاتر سوودمەندە، یا زەرەرمەند، بەڵکو قسەم زیاتر لەسەر ئەوەیە، کە بەو ناوەرۆکە شەقاو گەورەیەوە، کە بۆ کۆی پرسەکانی هەرێمی کوردستان دارێژراوە، بێ متمانەیی قووڵتر کردەوە. واتە درێژەپێدەری ئەو میتۆد و بەرنامەیە، کە بە پشتکردن لە سازان پەرلەمانی پەکخست. بە دیوێکی دیکەدا بوونی کێشە لەناو یەکێتی و گۆران لە هیچ چاودێرێك شاراوە نییە، بۆیەش ئەگەر لە سەرەتاوە رایانگەیاندبوایە، کە رێککەوتنێکی لۆکاڵییە و تایبەتە بە کێشەکانی خۆمان، چ وەك دوو حزبی رکابەر، چ وەك خودی حزبەکانیان، کە بەشێك لە کێشەکانیان پێوەندی بەو رکابەرییەی نێوانیان هەیە لە سەر پۆست و داراییەوە. واتە ئەگەر رێککەوتنەکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەیە، پارتی هیچ کێشەیەکی لەوەدا نییە، تەنانەت بە هەقی ئەوانیشی دەزانێ کار بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە حزبییەکانیان، بەتایبەتی ئەمرۆ کوردستان لە هەموو رووێکەوە پێویستی بە خۆرێکخستنەوەی زیاتر هەیە، نەك پەرتەوازەیی، وەکی دی رەنگرێژکردنی بە کێشەکانی هەرێم مایەی قبوڵکردن نییە و سەرناگرێ.

رەنگە ئەو قسەیە راستییەکی زۆری تێدا بێت، کە دەڵێ: «بەم رێککەوتنە زۆر کێشەمان لە کۆڵ بووەوە«، کە دیسان لەوەدا هەندێ لە کادیرانیان زەرەر دەکەن، چونکە دوور نییە بکرێنە قوربانیی ئەم رێککەوتنە. نەخاسمە گۆران پێشتر کۆمەڵێك بەڵێنی زۆر گەورەی بە خەڵك دابوو، کە هەر کەسێکی هوشیاری ناو ئەم کۆمەڵگەیە ئەوەی چاك دەزانی، کە جێبەجێکردن و بەدیهێنانیان لە خەیاڵ پڵاوییەك زیاتر هیچی دی نەبوو. ئەوەش نەك لەبەر ئەوەی خوانەخواستە رێگری

**پارتی بە هاوکاری هەموو لایەک دەیەوێ کوردستان بگەیەنێتە ئەو شوێنەی پێویست بوو لە مێژە پێی بگات، کە لە سەرەتای راپەرینەوە لەلایەن سەرۆک بارزانی ئەو ئامانجە دیاریکرا بەوەی دەمانەوێ دەوڵەتی دامەزراوەیی دابمەزرێنین**

**ئەوەی من سەرم لێی دەرناچێت، دوورِوویی هەندێ لە نووسەر و رووناکبیرانە، کە بێ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی دەسکەوتە گشتییەکان، ئەم رێککەوتنە بە هەنگاوی یەکرِیزی گەلی کوردستان ناودێر دەکەن، کەچی هەر ئەوانە رێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتییان بە خنکاندنی ئازادی و لە گۆرِنانی پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستان وێنا دەکرد**

**هەرچەندە یەکێتی بە ئاشکرا لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆمە، بەڵام لێرە و لەوێ لە ئاستی باڵادا بیانووی بۆ دەهێنرێتەوە، بەوەی کات گونجاو نییە، یا ناوماڵی کوردستان پۆشتە و پەرداخ نییە، تەنانەت لە ئەنجامی ئەو رارِایی و پەرتەوازییەوە ئەندامێکی مەکتەب سیاسی، کە لەسەر حزبەکەی پۆستی پارێزگاری کەرکووکی وەرگرتووە، بە کامی دڵی خۆی بەشێک لە خاکی کوردستان داببرِێت بە ناوی دامەزراندنی هەرێمێکی سەربەخۆ**

لە بەجێگەیاندنی ئەو بەڵێنانە کراوە، نەخێر. بەهۆی ناواقیعیبوونی بەڵێن و دروشمەکانەوە بوو، بەتایبەتی ئەو بەڵێنانەی پێوەندییان بە داراییەوە هەیە، چونکە ئەوە حکوومەتی عێراق بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی، کە لە بری ئەوەی هەمووان یەکدەنگ بکات، بەڵام زۆرێك لە بەرپرسانی هەردوو حزب خەتاکەیان خستە مل پارتی! لەوەشدا، لەلایەك مەبەستیان پەردەپۆشکردنی کێشەکانیان بوو، لەلایەکی دیکەوە زەمینەخۆشکردن بوو بۆ ڕێککەوتنێکی لەو بابەتە، یا شەرعییەت وەرگرتن بۆ خۆجوداکردنەوەیان، کە هەندێجار بە ناوی جۆراوجۆرەوە زۆر بە زەقی ئەوەمان بەر گوێ دەکەوێ.

لێرەوە گرنگە ئاماژە بە پرسێك بکەم، کە پێموایە تا ئێستا کەم و زۆر ئاماژەی پێنەکراوە، ئەویش بەرنامەی چاکسازی هەرێمی کوردستانە. بە روخسەتی فەرمانبەر و وەبەرهێنانی کوردستان بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم پرسە، دەخوازێ کەمێك بۆ دواوە، واتە ڕێك بۆ سەرەتاکانی سەرەتاتکێی قەیرانی دارایی کوردستان بگەڕێمەوە، بەوەی سەرەتا لە سلێمانی سەریهەڵدا. دیسان لەوەشدا تۆمەت ئاڕاستەی پارتی دەکرا، کە بەئەنقەست پارە نانێرێتە بانکەکانی سلێمانی، کە هەموو کەس دەزانێ لە کوردستان سیاسەتی ئابووری هەر دەڤەرەو گیرفانی خۆی پەیڕەو دەکرێ. واتە خودی کێشەکە لە بەڕێوەبەرانی سیاسیی ئەوێ بوو، نەك پارتی، بەڵام ئەوان لەم تۆمەت ئاڕاستەکردنەشدا، مەبەستیان پەردەپۆشکردنی کێشەکانیان و پڕکردنی شەقامی ئەو دەڤەرە بوو، کە گوایە پارتی جودایی دەکات لە نێوان دەڤەرەکاندا، کە ئەمە زۆر لە ڕاستییەوە دوورە. بەپێچەوانەوە پارتی بە هاوکاری هەموو لایەك دەیەوێ کوردستان بگەیەنێتە ئەو شوێنەی پێویست بوو لە مێژە پێی بگات، کە لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە لەلایەن سەرۆك بارزانی ئەو ئامانجە دیاریکرا بەوەی دەمانەوێ دەوڵەتی دامەزراوەیی دابمەزرێنین. لەم ڕوانگەیەوە دێمەوە سەر پرسە ئاماژە پێنەکراوەکە، مەبەستم پرسی چاکسازییە. ئاشکرایە بەشێك لە بەرپرسانی گۆڕان و یەکێتی تەخشان و پەخشانێکی زۆریان بە داهاتی ئەم وڵاتە کردووە، ئەم بەرنامەی چاکسازییەی سەرۆکی کوردستان ڕایگەیاندووە، بۆ هەموو کوردستانە، واتە هیچ جوگرافییەك لێی بەدەر نییە، بەڵام تا ئێستا ئەو چاکسازییە مەیدانی جوگرافیای ململانێی ئەو دوو حزبەی نەگرتۆتەوە. بۆیە ئەوان، مەبەستم باڵی دەستڕۆیشتووی ناو هەردوو حزبەکەیە، زووتر بەو ڕێککەوتنە ناوبڕێکیان دروستکرد تا ئەو بەرنامە پێویستییەی کوردستان نەیانگرێتەوە. بە کورتیتر تا خەڵکی بە نیگەرانییەکانی پارتی بەو ڕێککەوتنە پەلەیە سەرقاڵ بکەن، یا هەر کاتێك ڕێوشوێنێك بە ئاڕاستەی ئەو بەرنامەیە لەوێ گیرایەبەر، دیسان شەقامەکە بەوە پڕ بکەن، کە پارتی تۆڵەی ڕێککەوتنەکە لە بەرپرسانی ئەم دوو حزبە دەکاتەوە.

بەدیوێکی دی، مەسەلەی ڕاڕایی لە بڕیاری سیاسی ئەو دوو حزبە دیارەو نا شاردرێتەوە، هەرچەندە یەکێتی بە ئاشکرا لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆمە، بەڵام لێرە و لەوێ لە ئاستی باڵادا بیانووی بۆ دەهێنرێتەوە، بەوەی کات گونجاو نییە، یا ناوماڵی کوردستان پۆشتە و پەرداخ نییە، تەنانەت لە ئەنجامی ئەو ڕاڕایی و پەرتەوازییەوە ئەندامێکی مەکتەب سیاسی، کە لەسەر حزبەکەی پۆستی پارێزگاری کەرکوکی وەرگرتووە، بە کامی دڵی خۆی بەشێك لە خاکی کوردستان دابڕێت بە ناوی دامەزراندنی هەرێمێکی سەربەخۆ، لەو لاشەوە بزووتنەوەی گۆڕان قسەیەك لەسەر ئەم دۆخە ناکات، تەنیا لە ڕێگەی نوێنەرانیان لەم پارێزگایە نەبێت، بەوەی لەگەڵیدا نین و ڕەتیدەکەنەوە، بێئەوەی هیچ نازناوێك بدەنە پاڵ بانگەشەکاری دابڕاندنی بەشێك لە خاکی کوردستان، یا لە ئاستی حزبیدا داوای لێپێچینەوەی لێ بکەن!

لە کۆتاییدا ئەوەی من سەرم لێی دەرناچێت، دووڕوویی هەندێ لە نووسەر و ڕووناکبیرانە، کە بێ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی دەسکەوتە گشتییەکان، ئەم ڕێککەوتنە بە هەنگاوی یەکڕیزی گەلی کوردستان ناودێر دەکەن، کەچی هەر ئەوانە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتییان بە خنکاندنی ئازادی و لە گۆڕنانی پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستان وێنا دەکرد، کە پێچەوانەکەی زۆر ڕاست بوو، بەوەی توانی دەستکەوتی گشتی و گەورە بەدەست بهێنێ. لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕێککەوتنە لۆکاڵییەی بۆیەکراو بە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان، خەریکە شەقامی کوردستان بەرامبەر گرنگترین پرسی چارەنووسساز شەق دەکات.

**بەشێک لە بەرپرسانی گۆڕان و یەکێتی تەخشان و پەخشانێکی زۆریان بە داهاتی ئەم وڵاتە کردووە، ئەم بەرنامەی چاکسازییەی سەرۆکی کوردستان ڕایگەیاندووە، بۆ هەموو کوردستانە، واتە هیچ جوگرافییەک لێی بەدەر نییە، بەڵام تا ئێستا ئەو چاکسازییە مەیدانی جوگرافیای ململانێی ئەو دوو حزبەی نەگرتۆتەوە**

**گۆڕان پێشتر کۆمەڵێک بەڵێنی زۆر گەورەی بە خەڵک دابوو، کە هەر کەسێکی هوشیاری ناو ئەم کۆمەڵگەیە ئەوەی چاک دەزانی، کە جێبەجێکردن و بەدیهێنانیان لە خەیاڵ پلاوییەک زیاتر هیچی دی نەبوو**

**کاتی خۆی بزووتنەوەی گۆڕان شەڕی بە دەستووری کوردستان فرۆشت، بە مەبەستی پەیداکردنی شەریک هەر جارەی بە بیانوویەک شەڕەکەی گەرم دەکردەوە**

**کاتێک حزبی دیکەی خاوەن پێگە و سەنگ لە مەیدان هەبوو، هەر ڕێککەوتنێک بالانسی نێوان هێزەکان تێکبدات، گومان لەسەر خۆی دروست دەکات**

# شەپۆلی چوارەمی تیرۆریستی جیهادی

ئەوەی بەدی دەکرێت لە نێو مشتومڕەکانی پەیوەست بە چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆریزمی جیهادی، زاڵبوونی زیاتر و زیاتر ئەو بۆچوونەیە کە پشتیوانی لە ڕێگاچارەی سەربازی دەکات. ئەم سادەکردنەوەی ڕێگاچارەیانە بە کەم گرتنی سرووشتە سەختەکەی تەحەددییەکەیە.

ئەو هەڕەشەی جیهادییەی ڕووبەڕووی بووینەتەوە، چوارەم شەپۆلە لەو زنجیرە شەپۆلەی کە زیاتر و زیاتر مەترسییەکەی لە هەڵکشاندایە و گرنگە لەو هەڵەیانە تێبگەین کە لە میانەی ڕووبەڕووبونەوەی سێ شەپۆلەکەی دیکەدا ئەنجاممان داون.

ئەو کاتە یەکەم شەپۆلی جیهادی سەریهەڵدا کە چەکدارە خۆبەخشەکان لە شەڕی دژ بە داگیرکاری سۆڤیەت لە ئەفغانستان گەڕانەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان و دەستیان دایە هێرشکردنەسەر ڕژێمەکانیان، کە بەلای ئەوانەوە ڕژێمگەلێکی نائیسلامی بوون، ئەوە سەریکێشا بۆ سەرهەڵدانی شەپۆلی دووەم، کە شەپۆلێکی کوشندەتر بوو، کاتێك ئەلقاعیدە هێرشگەلێکی گەورەیان دژی «دوژمنە گەورەکە» ئەنجام دا، بە ئامانجی پەلکێشکردنی هێزە ڕۆژئاواییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندوتیژی و شەڕێکی سەرتاسەری. هێرشەکانی سەر ئەمەریکا لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١١دا، بەرجەستەبوونیترووپکی ئەم شەپۆلە بوو. بەڵام داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا بارودۆخی بۆ شەپۆلی سێیەم خوڵقاند، کە شەڕێکی تایفەگەری سەختی لە نێوان سوننە و شیعەکان لێکەوتەوە، ئەمەش دەرفەتی ڕەخساند بۆ ئەلقاعیدە بۆ کەڵکوەرگرتن لەو پشێوییەی لەم دەوڵەتە لێکترازاوەدا دروست بوو. لە ساڵی ٢٠١١دا دووبارە ئاقاری پەرەسەندنە سیاسییەکانی ناوچەکەی گۆڕی. بەڵام شکستهێنان لە ئەرکی بنیادنانی حکومەتێکدا لە عێراق کە دەرفەت بۆ هەمووان بڕەخسێنێت، هاوشان بە سەرکوتکارییەکی توندوتیژی خۆپیشاندەرانی سووریا، هەلی بۆ سەرکردە جیهادییە قاڵبووەکانی شەڕ ڕەخساند بۆ خستنەگەڕی شەپۆلی چوارەم.

ئەم شەپۆلە بە ڕاددەیەکی گەورە لە شەپۆلەکانی دیکە مەترسیدارترە. بە دەیان هەزار کەس بەشدارییان لە هەوڵی دروستکردنی خەلافەتێکدا کرد لە هیلالی خەسیب. لە هەمان کاتدا، داعش پەلیهاویشت بۆ چەندین زۆنی قەیرانی دیکە و بووە سەرچاوەی ڕاکێشانی، یان ئیلهامبەخشینی تیرۆریستان لە نێو کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا، هەروەك لە هێرشەکانی پاریس و بەلجیکا و سان بێرناردینۆدا بەدیمان کرد.

پێویستە بنچینەی ڕاستەقینەی هەڕەشە جیهادییەکە لەبەرچاوبگرین، کە بریتییە لە: ناکۆکی و شەڕ و شکستی دەوڵەت هەر لە ڕۆژئاوای ئەفریقیاوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ باشووری ئاسیا. ئەوە جیهادیزم نییە کە قەیرانەکانی ئێستای دروست کردووە. بە پێچەوانەوە، حوکمڕانیی خراپ و شکستی دەوڵەت دەرفەتی گەشەکردنی جیهادیزمیان دەستەبەرکرد.



**کارل بیرلت***

- کارل بیرلیت لە ساڵی ١٩٩- ١٩٩٤ سەرۆك وەزیرانی سوید بووە و لە ساڵی ٢٠٠٦ — ٢٠١٤ وەزیری دەرەوەی سوید بووە
- سەرچاوە: سندیکیت پرۆجێکت



## ڕۆمیۆ هەکاری

سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی بەیت نەهرین بۆ گوڵان:

# ئومێدەوارین بەم نزیکانە دەوڵەتی کوردستان ڕابگەیەندرێت، ماف و پێگەی ئێمەش وەکو ئاشوورییەکان لەو دەوڵەتەدا دەستەبەر بکرێت

**پرسی ریفراندۆم و بوون بە دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان لەلایەن کریستیانەکانەوە گرنگیی تایبەتی هەیە، چونکە ئەوان پێیانوایە چیتر ناتوانن لەگەڵ عێراقێکی وێران و پڕ لە کێشەدا بژین و کوردستان بە پەناگەی خۆیان و بە پێگەی پێکەوەژیانی ئاشتییانە دەزانن. هەروەها ئومێد دەکەن کوردستان پشتیوانیان بێت بۆ رزگارکردنی ناوچە داگیرکراوەکانیان و ئاوەدانکردنەوەیان. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم هاوکێشە سیاسییانە و تاوتوێکردنی چەند پرسێکی گرنگی دیکە، دیمانەیەکمان لەگەڵ رۆمیۆ هەکاری سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی بەیت نەهرین ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** بارودۆخی کوردستان ئێستا بە قۆناغێکی هەستیار و ناسکدا تێدەپەڕێت، لە خۆئامادەکردندایە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و پرۆسەی سەربەخۆیی، ئایا تاچەند بوونی کوردستان بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەبێتە نموونەی دەوڵەتێکی هاوچەرخ وەك نموونەی پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- ئێمە وەکو ئاشوورییەکان خۆمان بە بەشێکی زیندوو و دانەبڕاوی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی دادەنێین، پێمانوایە ناکرێت دۆخی بەڕێوەبردنی کوردستان هەتا هەتایە لەسەر سیستەمی هەرێمێکی فیدراڵی بمێنێتەوە و دەبێت هەنگاو بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ هەڵبگرێت، کورد گەلێکە لە پێناو گەیشتن بە مافەکانی هەمیشە گیانفیدایی کردووە، بۆیە پشتگیریی تەواوی خۆمان بۆ گەلی کورد و سەرجەم نەتەوەکانی هەرێمی کوردستان رادەگەیەنین، بۆ ئەوەی مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بکەن، ئیدی ئەو مافە خۆی لە راگەیاندنی دەوڵەتدا بەرجەستە بکات، یان هەر بڕیارێکی دیکە کە بە گونجاوی دەزانن. ئێمەش وەکو بەشێکی دانەبڕاو لەم هەرێمەی ئێستا و لەو دەوڵەتەی داهاتوو کە ئومێدەوارین بەم نزیکانە رابگەیەندرێت، خاوەن ماف و پێگەی خۆمان دەبین، واتە پێویستە تەواوی مافی ئاشوورییەکان لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا مسۆگەر و دەستەبەر بکرێن، بۆ ئەوەی سەرجەم نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان جارێکی دیکە پێکەوە و بە شێوەیەکی برایانە لەناو ئەو هەرێمەی کە دەگوازرێتەوە بۆ کیانی دەوڵەتێکی مۆدێرنی دیموکراتی و هاوچەرخ، پێکەوەژیان و لێبووردەیی بنیاد بنێینەوە و داهاتوویەکی باش و پرشنگداریش بۆ سەرجەم خەڵکی ئەو دەوڵەتە فەراهەم بکرێت. ئێمە پێمانوایە کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆم هاتووە، هەروەها لە حاڵەتی بوون بە دەوڵەتدا لە زۆر کێشەی سیاسی و ئابووری و حزبایەتی رزگارمان دەبێت و لە پیلان و مەرامی وڵاتانی دراوسێ و عێراق دەربازمان دەبێت، ئەو عێراقەی کێشەی گەورە و هەڵپەسێردراومان لەگەڵیدا هەیە. خۆ ئەگەر هەر چاوەڕێی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بین، یان هەڵبستین بە دواخستنی ئەنجامدانی ریفراندۆم، ئەوا هەرێمی کوردستان زۆر دوادەکەوێت، ئەوەتا ١١ ساڵە و لە ٢٠٠٣وە دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری بەغدا نەمانتوانیوە هەموو ئەو کێشانە چارەسەر بکەین کە بەغدا رووبەڕووی هەرێمی کوردستانی کردوونەتەوە، خۆ ناکرێت ١١ ساڵی دیکە چاوەڕێ بین و هیچ هەنگاوێکی بوێرانە هەڵنەگرین، کە رەنگە ئەو کاتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڕیار و هەڵوێستی نوێی بەرامبەر عێراق و هەرێمی کوردستان هەبێت، کەواتە ئێستا کات گونجاوە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، بەڵام پێویستە پێش بڕیاردان و دەستپێکردنی پرۆسەی ریفراندۆم خۆمان بۆ ئەو هەنگاوە ئامادە کردبێت، هەر هیچ نەبێت چارەسەرێکی جددی کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان بکەین و یەکلاییان بکەینەوە، هاوکاری و تەبایی لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان زیاتر بکەین، ئەو کاتە دۆخێك دروست دەکەین کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەزموونی کوردستان سەرکەوتووتر بێت.

*** سیمای جوانی کوردستان و ئەوەی شانازی پێوە دەکەین، ئەوەیە کە پێگەیەکی بەرز و جوانی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی کورد و کلدو ئاشورو سریان و تورکمان و موسڵمان و مەسیحی و ئێزیدی بووە، ئەم ژینگەیەش لەلایەن ڤاتیکان-ەوە پشتگیری لێدەکرێت، ئایا تاچەند پشتگیریی ڤاتیکان بۆ پێگەی کوردستان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرنگە؟**

- پشتگیریی ڤاتیکان بۆ ئەو سیما جوانەی کوردستان گرنگە، کە ئەو سیمای جوانەش خۆی لە بوونی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی کورد و تێکڕای نەتەوە و ئایین و ئایینزاکاندا بەرجەستە دەکات، بەڵام من پێموایە پشتگیریی ناوخۆیی ئاشووری و کورد و تورکمان و ئێزیدی و شەبەك بۆ پێگەی کوردستان زۆر گرنگترە لەسەرجەم هەڵوێستە نێودەوڵەتییەکان، بە هەڵوێستی ڤاتیکانیشەوە. چونکە ئەگەر ئێمە لە ناوخۆی کوردستان کۆك بین لەگەڵ یەکتر و هاوکار و تەبا بین، ئەوا ڤاتیکان و هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پاڵپشتی و پشتگیریمان دەکەن، کەواتە پێویستە چارەسەری جددی بۆ هەموو کێشە نەتەوەیی و ئایینییەکان

**هەر لە سەرەتای هاتنی داعش و داگیرکردنی شاری موسڵ و پێشوازیکردن لە ئاوارە و پەناهەندەکان زۆر بە بەرزی هەڵوێستە جوان و بەرزەکەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان نرخاندووە، ئەم هەڵوێستەی جەنابیان بەرز دەنرخێنین و زۆر بە گرنگی دەزانین**

**لەگەڵ بڕیاردانی مافی چارەنووسین بۆ گەلی کورد و ناکرێت هەتا ماوە هەر وەک هەرێمێک بمێنێتەوە و بەشێک بێت لەو عێراقەی کە جگە لە کوشتن و ماڵوێرانی و ناتەبایی و ململانێی خوێناوی دژ بە یەکتر هیچ شتێکی دیکە نییە، بە پێچەوانەوە لە کوردستان زیاتر مافەکانمان دابین کراوە و کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی تێدایە**

بدۆزرێتەوە، ئەگەرچی لە هەرێمی کوردستان وەکو ئایین و ئایینزاکان هیچ کێشەیەکمان لە نێوان موسڵمان و مەسیحی و ئێزیدی و ئایینەکانی دیکەدا نییە و هیچ کەس و لایەنێك جورئەتی ئەوە ناکات، تەنانەت بیر لەوە بکاتەوە کە کێشەی ئایینی لە هەرێمی کوردستان دروست بکات، ئەگەرچی رەنگە لێرەولەوێ هەندێك لە پیاوانی ئایینی قسەی زبر و نادروست لە گوتارەکانیاندا بکەن، یا هەندێك کەسانی توندڕەو بە ناوی ئایینەوە هەندێك هەڵوێستی نابەرپرسانەیان لە دژی مەسیحییەکان هەبووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە لە رووی ئایینییەوە ناتوانین پێکەوە بژین، یاخود کێشەی ئایینی لە هەرێمی کوردستان هەبێت، پێکەوەژیانی ئایین و ئاینزاکان لە کوردستاندا مێژوویەکی کۆنی هەیە، پێوەندییەکی دێرین لە نێوان هەر ئایینی مەسیحی و موسڵمان و ئێزیدی و کریستیان و موسڵمان و ئێزیدییەکان هەبووە و وەکو برا پێکەوە لەسەر ئەم خاکە ژیاون. لە رووی نەتەوەییەوە زۆر گرنگ و پێویستە بۆ سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بیر لەوە بکاتەوە کە بەرەوپیری بچووکترین کێشە و داخوازی نەتەوەکانەوە بچێت و پابەند بێت بە جێبەجێکردنیانەوە، بەتایبەتی لەم قۆناغە هەستیارەدا کە کەسانی ناحەز و گروپ و تاقمی قین لەدڵ لە بۆسەدان بۆ ئەوەی هەر کێشەیەك ئەگەر بچووکیش بێت، بۆ نموونە لەنێوان کورد و ئاشوور، یان کورد و تورکمان گەورەتر و زەقتری بکەنەوە، جێی داخیشە هەندێك جار کاری جددیی لەسەر دەکەن، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموانە کە سیمایەکی جوان و راستەقینەی پێکەوەژیان پیشانی خەڵکی دەرەوە بدەین، نەك تەنیا سیما و رواڵەتێکی دروستکراو، لە کاتێکدا ئێمە دەتوانین سەرجەم کێشە ناوخۆییەکان بە کاتێکی زۆر کەم چارەسەر بکەین، بەتایبەتی کە کێشەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئەوەندە گەورە نین کە نەکرێت لە رێگای گفتوگۆ و دانوستانەوە چارەسەریان بکەین، ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە لەم قۆناغەدا کار بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەحەددا و کێشە دەرەکییەکان بکەین تاوەکو بتوانین بەرگری لە هەرێمی کوردستان و مافی خەڵکەکەی دابین بکەین. هەروەکو چۆن ئێستا هەموو خەڵکی کوردستان بە سەرجەم نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانیەوە رووبەڕووی تیرۆرستانی داعش بوونەوە، ئەوا ئاشوورییەکانیش لە رێگەی وەزارەتی پێشمەرگەوە چەند هێزێکیان دروست کردووە، وەکو هێزەکانی دەشتی نەینەوا کە لەلایەن حزبی دیموکراتی بەیت نەهرەین-ەوە دروستکراوە، لەگەڵ هەندێك هێزی دیکەی مەسیحی کە لەلایەن هەندێك لایەنی دیکەوە دروست کراون، ئەمانە شانبەشانی برایانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەنگەرەکانی پێشەوە دژی دوژمنێکی هاوبەش بەرگری لە کوردستان دەکەن، ئەم رۆحیەتی بەرگریکردن و پارێزگاریکردنە لە کوردستان، لەو کەلتوورەی پێکەوەژیان و لێبووردنەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە هەرێمی کوردستان چووەتەپێش و بە کردەیی بوونی هەیە، کەواتە هەموو ئەوانەی بەشدارن لە رووبەرووبوونەوەی دوژمنە هاوبەشەکە، دەبێت هەست بە دڵنیایی بکەن کە مافەکانیان پارێزراوە لە هەرێمی کوردستان.

*** لایەنێکی دیکە کە ئەویش رووبەکی دیکەی جوانیی کوردستانە، ئەوەیە ئێستا لە عێراقدا هەموو کریستیانەکان روودەکەنە کوردستان، کوردستانیش بە دڵفراوانی پێشوازییان لێدەکەن، هەروەها سەرۆك بارزانی چەندین جار جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە نابێت کریستیانەکان رووبکەنە هەندەران، ئامادەباشی دەربڕیوە بۆ ئەوەی بەرگرییان لێبکات، ئایا تا چەند ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی دڵنیایی بۆ کریستیانەکان دروست کردووە؟**

- هەر لە سەرەتای هاتنی داعش و داگیرکردنی شاری موسڵ و پێشوازیکردن لە ئاوارە و پەناهەندەکان زۆر بە بەرزی هەڵوێستە جوان و بەرزەکەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان نرخاندووە، ئەم هەڵوێستەی جەنابیان بەرز دەنرخێنین و زۆر بە گرنگی دەزانین، هەڵوێستی بارزانی ئەوەندە گەورە بوو دڵنەوایی زۆری بە خەڵکی ئێمەی دا، بەتایبەتی ئەوانەی لە شوێن و ماڵ و حاڵی خۆیان لە دەست توندڕەوی و تیرۆریستانی داعش لە دەشتی نەینەوا و ناوەڕاست و خوارووی عێراق ئاوارە بوون و روویان لە کوردستان کردوو، کە زیاتر لە٢٠٠ هەزار کەس لە خەڵکی ئێمە لە شوێنە مێژووییەکانی دەشتی نەینەوا روویان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان کرد، لە بەر ئەوە لە رێگەی گۆڤارەکەتانەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان دووبارە دەکەینەوە بۆ کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان و هەموو ئەو کەس و لایەن و هاووڵاتیانەی کورد و کوردستان کە بە تەنگ برایانی ئێمەوە هاتن، ئەمەش خاڵێکی تری مێژووی پێکەوەژیان و برایەتی نێوان کورد و ئاشوورییەکان و برایانی موسڵمان و مەسیحییەکانە کە شانازی پێوەدەکەین کە لە رۆژە سەختەکاندا خەڵکی کوردستان و سەرۆکەکەی پێشوازی لێکردین و پارێزگاری لێکردین، داواکاریشم لەم پاڵپشتی و هاوکارییەی یەکتر بەردەوام بین، چونکە ئێمە رووبەڕووی مەترسییەکی دیکە بووینەتەوە کە ئەویش کۆچکردنی کریستیانەکان و بەجێهێشتنی وڵاتەکەیانە، ئەمەش چەندین هۆکاری هەیە لەوانە دواکەوتنی رزگارکردنی ناوچەکانی دەشتی نەینەواو و موسڵ. کریستیانەکان ئومێدیان بە سوپای عێراق نەماوە کە تا ئێستا هیچ رۆڵێکی نەبووە بۆ پارێزگاریکردن لە خەڵکی ئێمە، هەربۆیە دژی ئەوەین سوپای عێراق بێتە ناوچە دێرینەکانی کریستیانەکان لە دەشتی نەینەوا، بەڵکو دەبێت فشار بخرێتە سەر هاوپەیمانەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی

**لەهەر هێرشێکی داعش بۆ سەر موسڵ و دەشتی نەینەوا ماڵی مەسیحییەکان سووتێندراوە و تاڵان کراوە، بۆ نموونە لە دواهێرشی داعش لە ٣ی مایسی ئەمساڵدا بۆ سەر شارۆچکەی تلسقۆف نزیکەی ٧٠ بۆ ٨٠ ماڵ سووتێنران و رووخێنران**

**قسە و داخوازییەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ دروستکردنی پارێزگا و کیانێک لە دەشتی نەینەوا بۆ مەسیحیەکان هەمان داخوازی مەسیحی و لایەنە سیاسیەکانیانی کلدو ئاشوورییەکانە، لەم پێناوەشدا بۆ قۆناغی دوای نەمانی داعش و ئازادکردنی ناوچەی دەشتی نەینەوا چەندەها کۆبوونەوە کراوە**

**ناکرێت دەشتی نەینەوا کە شوێنی باوک و باپیرانی کلد و ئاشووری و مەسیحییەکانە بە هەڵوێستی عەرەبی سوننە و شیعەکانەوە ببەسترێتەوە کە بە درێژایی مێژوو دژی هەڵوێست و بیروبۆچوون و مافەکانی ئێمە بوون، ناکرێت هەنگاوی رزگارکردنی دەشتی نەینەوا بە کاریگەری و بە هەڵوێستی ئەوان دوابخرێت**

هاریكاری هێزی پێشمەرگە بكەن هەروەكو چۆن شنگال و ناوچەكانی دیكە رزگار كران، هەرواش پەلە بكرێت لە رزگاركردنی ناوچەكانی دەشتی نەینەوا، ناكرێت دەشتی نەینەوا بە شاری موسڵ ببەسترێتەوە، ناكرێت دەشتی نەینەوا كە شوێنی باوك و باپیرانی كلد و ئاشووری و مەسیحییەكانە بە هەڵوێستی عەرەبی سوننە و شیعەكانەوە ببەسترێتەوە كە بە درێژایی مێژوو دژی هەڵوێست و بیروبۆچوون و مافەكانی ئێمە بوون، ناكرێت هەنگاوی رزگاركردنی دەشتی نەینەوا بە كاریگەری و بە هەڵوێستی ئەوان دوابخرێت.

*** لایەنێكی دیكە قۆناخی دوای ئازادكردنی شاری موسڵە، سەرۆك بارزانی زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە نابێت جارێكی دیكە نەینەوا وەك پێش ساڵی ٢٠١٤ بەڕێوەببرێت، هەروەها باس لەوە دەكرێت لە دەشتی نەینەوا پارێزگایەك بۆ كریستیانەكان دروست بكرێت و پاشان خۆیان بڕیار بدەن بێنە سەر هەرێمی كوردستان، یان نە. ئایا چەند گرنگە بۆ سەلامەتی كریستیانەكانی دەشتی نەینەوا بگەڕێنەوە سەر هەرێمی كوردستان؟**

- قسە و داخوازییەكەی جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ دروستكردنی پارێزگا و كیانێك لە دەشتی نەینەوا بۆ مەسیحیەكان هەمان داخوازی مەسیحی و لایەنە سیاسیەكانیانی كلد و ئاشوورییەكانە، لەم پێناوەشدا بۆ قۆناغی دوای نەمانی داعش و ئازادكردنی ناوچەی دەشتی نەینەوا چەندەها كۆبوونەوە كراوە، كە بۆ ئێمە لە شاری موسڵ گرنگترە، گەرچی بە بێ رزگاركردنی ئەو شارە خەڵكی ئێمە ناتوانێت جارێكی دی بگەڕێتەوە زێدی باوك و باپیرانیان. ترسێك هەیە لە دڵی هەموو ئاشووری و مەسیحییەك، ئەویش ترسە لە قۆناغی دوای داعش، چونكە ئێمە گرفت و كێشەیەكی زۆرمان لە دەشتی نەینەوا هەبوو، لە قەرەقوش و حەمدانیە و بەرتلە و بەعشیقە و تلسقۆف و تلكێف و سەرجەم ناوچەكانی مەسیحییەكان، ئەویش ئەوە بوو كە بەرنامەیەكی تۆكمە هەبوو بۆ گۆڕینی دیموگرافی ناوچەكانی مەسیحییەكان لە دەشتی نەینەوا، كەواتە ئەگەر رزگاركردنی ناوچەكانی ئێمە لەلایەن سوپای عێراقەوە بۆ دووبارە جێبەجێكردنی ئەو نەخشەیە بێت، واتە بۆ گۆڕینی دیموگرافی ناوچەكە بێت، ئەوا دەرئەنجامێكی باشی لێناكەوێتەوە، هەربۆیە داوا لە جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان و سەركردایەتی سیاسیی كورد دەكەین كە لە رێگەی هێزی پێشمەرگەوە پەلە بكرێت لە رزگاركردنی دەشتی نەینەوا و گۆڕانكاری بكرێت لە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە. مەسەلەی بوونی پارێزگایەكیش كە جەنابی بارزانی تەئكیدی لەسەر كردۆتەوە، ئەمە داخوازی ئێمەیە و هێز و لایەنە سیاسییەكان داوای پارێزگا و ناوچەیەكی ئارام لە دەشتی نەینەوا لە ژێر پاراستنی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەكەن، ئەم داوایەشمان كردووە كە دوای رزگاركردنی ناوچەكە كۆمەك و هاوكارییەكی كوردستانی و نێودەوڵەتی هەبێت بۆ پاڵپشتی و یارمەتیدان و ئاوەدانكردنەوەی ناوچەكانی دەشتی نەینەوا كە ئێستا زیاتر لە ٧٥٪ی وێران بووە، لەهەر هێرشێكی داعش بۆ سەر موسڵ و دەشتی نەینەوا ماڵی مەسیحییەكان سووتێندراوە و تاڵان كراوە، بۆ نموونە لە دواهێرشی داعش لە ٣ی مایسی ئەمساڵدا بۆ سەر شارۆچكەی تلسقۆف نزیكەی ٧٠ بۆ ٨٠ ماڵ سووتێنران و رووخێنران، هەر بۆیە ئێمە پێویستییەكی گرنگمان بۆ ئاوەدانكردنەوەی ئەم ناوچانە هەیە. من دڵنیام خودی جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان یەكێكە لەو خەمخۆرانەی هەوڵ دەدات بۆ بەستنی كۆنگرەیەكی نێودەوڵەتی بۆ ئاوەدانكردنەوەی دەشتی نەینەوا. سەبارەت بە گەڕانەوەی ئەم ناوچانەش بۆ سەر هەرێمی كوردستان، دەكرێت چاوەڕێی ئەنجامی ئەو ریفراندۆمە بكەین كە بڕیارە ئەنجام بدرێت و تێیدا ئەو پرسە یەكلابكرێتەوە كە ئایا كوردستان كە وەكو هەرێمێك دەمێنێتەوە، یان دەبێتە دەوڵەتێكی سەربەخۆ، كە دەكرێت دوای رزگاركردنی ناوچەكانی مەسیحییەكان و ئاوەدانكردنەوەیان، ئێمەش ریفراندۆم بكەین بۆ ئەوەی بزانین خەڵكی ئێمە چ بڕیارێك دەدەن، دەبێت لەمەشدا رەچاوی ئەوە بكەین كە مەسیحییەكان لە ناوەراست و خوارووی عێراقدا دەرفێندرێن و دەكوژرێن و ماڵیان داگیردەكرێت و كەنیسەكانمان دەسووتێنرێن و دەرووخێندرێن و هەموو مەسیحییەكانیش روو لە هەرێمی كوردستان دەكەن، ئەمەش دەبێت ئیعتیبارێك بێت بۆ ئێمە كە هەرێمی كوردستان و خەڵكەكەی و سەركردایەتی كوردی پاڵپشتیمان دەكات و بەردەوامیشن لەسەر ئەم هەڵوێستە، ئەو كات خەڵكی ئێمە و هێز و لایەنە سیاسییەكانی مەسیحییەكانیش رەچاوی ئەوە دەكەن و كاریگەر دەبێت لەسەر ئەوەی بڕیار بدرێت ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی كوردستان. تا ئێستاش من هەستم بەوە نەكردووە كە عێراقیم، ئێمە وەكو حزبی دیموكراتی بەیت نەهرین و لایەنە سیاسییەكانی دیكەش لەگەڵ بڕیاردانی مافی چارەنووسین بۆ گەلی كورد و ناكرێت هەتا ماوە هەر وەك هەرێمێك بمێنێتەوە و بەشێك بێت لەو عێراقەی كە جگە لە كوشتن و ماڵوێرانی و ناتەبایی و ململانێی خوێناوی دژ بە یەكتر هیچ شتێكی دیكە نییە، بەپێچەوانەوە لە كوردستان زیاتر مافەكانمان دابین كراوە و كەلتووری پێكەوەژیان و لێبووردەیی تێدایە، هەربۆیە پێویستە شێوازی سیستەمی حوكم لە هەرێمی كوردستان بگۆڕدرێت و لەگەڵ گەورەبوونی هەرێمی كوردستان و بوون بە دەوڵەت، دەبێت سەقفی مافەكانی ئێمە و برا توركمان و هەموو نەتەوە و ئایینزا جیاجیاكانی كوردستان بەرز ببێتەوە.

**كریستیانەكان ئومێدیان بە سوپای عێراق نەماوە كە تا ئێستا هیچ رۆڵێكی نەبووە بۆ پارێزگاریكردن لە خەڵكی ئێمە، هەربۆیە دژی ئەوەین سوپای عێراق بێتە ناوچە دێرینەكانی كریسیانەكان لە دەشتی نەینەوا، بەڵكو دەبێت فشار بخرێتە سەر هاوپەیمانەكان و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی هاریكاری هێزی پێشمەرگە بكەن**

**ئێستا كات گونجاوە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، بەڵام پێویستە پێش بڕیاردان و دەستپێكردنی پرۆسەی ریفراندۆم خۆمان بۆ ئەو هەنگاوە ئامادە كردبێت، هەر هیچ نەبێت چارەسەرێكی جددی كێشە ناوخۆییەكانی هەرێمی كوردستان بكەین و یەكلایان بكەینەوە، هاوكاری و تەبایی لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییەكان و نەتەوە و ئایین و ئایینزاكانی كوردستان زیاتر بكەین، ئەو كاتە دۆخێك دروست دەكەین كە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەزموونی كوردستان سەركەوتووتر بێت**

**لە حاڵەتی بوون بە دەوڵەتدا لە زۆر كێشەی سیاسی و ئابووری و حزبایەتی رزگارمان دەبێت و لە پیلان و مەرامی وڵاتانی دراوسێ و عێراق دەربازمان دەبێت، ئەو عێراقەی كێشەی گەورە و هەڵپەسێردراومان لەگەڵیدا هەیە. خۆ ئەگەر هەر چاوەڕێی چارەسەركردنی ئەم كێشانە بین، یان هەڵبستین بە دواخستنی ئەنجامدانی ریفراندۆم، ئەوا هەرێمی كوردستان زۆر دوادەكەوێت**

# سەربەخۆیی کوردستانی باشوور لە ئێستادا بووەتە حەتمییەتێکی مێژوویی



د. عمر ڕەنگێنەیی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

هەموو ئاماژەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئیدی کوردستانی باشوور بە هەموو پێوەرە سیاسی و نێودەوڵەتی و سەربازی و دیپلۆماسییەکان خاوەنی پێگەی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە.

لە ڕووی سیاسییەوە: کوردستانی باشوور لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی پێگەی دەوڵەتی سەربەخۆی لە ناەوندی خۆرهەڵاتی ناویندا هەیە. لەوانە: حکومەتی کوردستان هەردەم فاکتەری میانڕۆیی بووە و دژی هەر توندوتیژییەکی ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی بووە، هاوکات سەرەڕای کەمیی سەرچاوەی داهات و کورتهێنانی بودجەکەی بە گەلێك هۆکاری جیاجیا، بەڵام ئەم حکومەتە نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی ئایینزای مەسیحی سابیئە و ئایینزاکانی دیکە و عەرەبی سوننە و نەتەوە جیاجیاکانی عێراق و سووریای لەخۆ گرتووە و هەموو ئەوانە بوونەتە بارگرانییەکی زۆر سەخت بە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و دانیشتووانەکەیەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە لە هەموو پارچەکانی بندەستی حکومەتی عێراقدا خەڵکی لە سەر پێناسەی کوردبوون و تایفەگەری پاکتاو دەکرێن، هیچ کام لە حکومەتەکانی ناوچەکەش ئامادەییان تێدا نییە ئەو بڕە ئاوارەیە لەخۆ بگرن.

لە ئێستادا بە هۆکاری بیری توندڕەوی و تەکفیری و هەڵسوکەوتی دیکتاتۆرییانەی بەشێکی زۆر لە حکومەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوین، زوربەی وڵاتانی ناوچەکە لێوانلێوە لە جەنگ و کوشتار و ڕەشەکوژی یەکترسڕینەوە، بەڵام کوردستانی باشوور بووەتە ژینگەیەکی لەبار بۆ ئارامی و پێکەوەژیان و یەکتر قبوڵکردنی ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکان و بۆتە لانەکەی حەوانەوەی ئایینزا و نەتەوە جیاوازەکان. نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو خەڵکی کوردستان لە ڕێگەی هێزی پێشمەرگەی پاڵەوانەوە لە ئەمڕۆدا گەورەترین هێزی کۆڵنەدەرە لە سەر زەوی، کە ڕووبەڕووی هیزی تاریکی و دژەمرۆڤی داعش ڕاستاوە و ئەو هێزەی تێکشکاندووە، لەکاتێکدا هێزە سەربازییەکانی ناوچەکە و حکومەتی عێراق بە هۆکاری جیاجیا و ڕەفتاری نادیموکراتی و نابەرپرسانەی سەرانی حکومەتەکانیانەوە ئەو سەروەرییەیان پی نەبڕاوە. ئەگەر جاران هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزیکی ناوخۆیی خۆجێی بوویێت بۆ بەرگری لە خەڵکی کوردستان و مافە ڕەواکانیان، لە ئەمڕۆدا هێزی پێشمەرگە لە باتی هەموو جیهانی دیموکرات و میانڕۆ دژ بە گەورەترین هێزی توندڕەو و دژەمرۆڤ، لە جەنگێکی پڕنەبەردی و سەرکەوتوودایە. سەرەڕای ئەمانە سەرکردایەتی کوردیش کە لە خودی سەرۆکی هەرێم و حکومەتی کوردستان و هێز و لایەنە میانڕۆ سەرەکییەکانی ناو پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی کوردەواریدا خۆی

دبینێتەوە، بە کردار سەلماندوویانە کە کورد و سەرکردایەتییە ڕەسەنەکەی هێزێکی میانڕۆ و بەرپرسن لە ئاستی هەموو ناچەکە و جیهاندا و هەردەم لە هەوڵی سەقامگیری و ئارامیدان بۆ ناوچەکە و هەموو جیهان.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی باس لەوەش بکەین کە سەرۆکی هەریمی کوردستان (کاك مسعود بارزانی) بەو هەمو ئەزموونە سیاسی و دیپلوماسییە و بەو مێژووە دوور و درێژە و ڕابردووە پڕ لە سەروەری و شۆڕشگێڕانەیەی کە هەیەتی و بەوەی کە هەردەم هەڵگری هزر و بیری مرۆڤانە و میانڕۆیی بووە و هەردەم دژی هەر توندوتیژییەکی ڕەگەزی و ئایینی و مەزهەبی و دژی جۆرەکانی دیکەی جیاکاری بووە، ئەوەش بۆ خۆی فاکتەرێکی هەرە گرنگ و کاریگەرە کە بۆتە جیگەی تێڕامان و سەرنجی دەستڕۆیشتووانی جیهان و داڕێژەرانی بڕیاری نێودەوڵەتی و جیهانی، چونکە هەردەم ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییانە لە دیاریکردنی حوکمڕان و کەسانی میانەڕۆدا بۆ خۆرهەڵاتی ناوین ڕووبەڕووی شکست بوونەتەوە، بەڵام لە ئێستادا دەرکەوتنی کەسایەتییەکی لەو جۆرە و بەو هەموو سیفەتە بەرزانەوە جێگەی دڵخۆشی ئەو هێزە بڕیاربەدەستانەیە.

هەر ئەوە وایکردووە سەرۆك بارزانی ببێتە کەسایەتییەکی دیاری نێودەوڵەتی و متمانەپێکراو لە ئاستی ناوچەکە و جیهاندا و هەر لێرەشەوە کەسایەتی سەرۆك فاکتەرێکی دیکەی پرسی سەربەخۆیی کوردستانە. لەلایەکی دیکەوە لە ئەمڕۆدا بە هۆی پەرەسەندنی بواری تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بچووکبوونەوەی جیهان لە ڕووی ڕاگەیاندن و پێوەندییەوە، کورد و کوردستان لە ئاستی جیهان و نێودەوڵەتیدا زۆر بە باشی ناسراون و زلهێزەکانی جیهانیش هەردەم بەدووی ئەوەدا دەگەڕێن کە پێگەیەك بدۆزنە و بۆ بەربڵاوکردن و گەشەسەندنی ئۆقەرەیی و ئارامی لە خۆرهەڵاتی ناویندا تاوەکو بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەم ناوچەیەدا بە باشی بپارێزن، بۆیە ڕۆڵی نەتەوەیەکی گەورەی وەکو کورد چیدی ناتوانرێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نادیدە بگیرێت، ئەوە لە کاتێکدا ئەوان باش دەزانن کە نەتەوەی کورد گەورەترین نەتەوەی سەرزەوییە کە تاوەکو ئێستا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە، ئەوەش دەرەنجامی زوڵمێکی نێودەوڵەتی بووە لە ڕێککەوتننامەکەی سایکس پیکۆ و ئەوانی دوای ئەوەوە سەپێندراوە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە زلهێزەکانی و جیهان و ناوەندەکانی بڕیاری نێودەوڵەتی بە خۆیاندا بچنەوە بۆ فەراهەمکردنی مافەکانی کورد کە لە سەربەخۆیی کوردستانی باشووردا وەکو هەنگاوی یەکەم خۆی دەبینێتەوە، ئەو هەنگاوەش ئاماژەکانی سەری هەڵداوە، بەوەی کە لە ئەمڕۆدا لە پایتەختی هەرێمی کوردستان پتر لە (٣٠) کونسوڵگەری و نوێنەرایەتی وڵاتانی دەوروبەر و جیهان بوونیان هەیە، بەتایبەتی کونسوڵگەری وڵاتانی بڕیاربەدەست.

ئەمڕۆ دۆزی کورد و کۆمەکیکردن بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە تیرۆریستییەکان، بۆتە گرەوی بردنەوەی پرسی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی لە وڵاتگەلێکی زلهێزی وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا و کەنەدا، هەر بۆ نموونە لەم هەفتەیەدا سەرۆك وەزیرانی پێشووی فەرەنسا بە مەبەستی وەدستهێنانی ڕای گشتیی خەڵکی وڵاتەکەی و بردنەوەی هەڵبژاردن، سەردانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم و ناوەندە حکوومییەکانی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگەی کرد و بەڵێنی هەموو کۆمەك و یارمەتییەکی بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دا. دوا فاکتەریش کە پاڵپشتە بۆ ئەوەی ئێمەی کورد لە باشووری کوردستان بەربژێری دەوڵەتێکی سەربەخۆ بین، ئەوەیە کە حکومەتی کوردستان لە باشوور خاوەنی هەموو دامودەزگایەکی حکومەتییە و بە فەرمی لە ساڵی ١٩٩٢وە بۆ خۆی خۆی بەڕێوەدەبات، بگرە شێوازی خۆبەڕێوەبردنیشی لە ئاستێکی تا ڕادەیەك باشدا بووە و زۆر لە شێوازی هەندێك دەوڵەتی ناوچەکە باشترە و تا ڕادەیەکی باشیش فرەدەنگی و فرەڕەنگی بە هەموو دامودەزگاکانی حکوومی و تەشریعییەوە دیارە و سەرجەم ئایین ئایینزا و نەتەوە جیاجیاکانی کوردستان لەم حکومەت و پەرلەمانەدا بوونیان هەیە و مافەکانیان دەستەبەر کراوە. سەرەڕای ئەوەی حکومەتی کوردستان بە شێوەیەکی باش ئەرکە دیپلۆماسی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی جوانتر لە وڵاتانی دەوروبەر بەڕێوە بردووە، هاوکات بەپێچەوانەی هەموو هێزەکانی ناوچەکە توانیویەتی خۆی لە ململانێی مەزهەبی و دەمارگیرییە تائیفییەکانەوە نەگلێنێت و هاوسەنگی لە نێوان هێزەکاندا ڕابگرێت. ئەمانەش هەموو ئەوە دەگەیەنن کە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە هەموو ڕووەکانەوە زۆر لەبارە و تەنیا شتێك کە پێویستە بکرێت، کارکردنە لەسەر ئەوەی بە دەوڵەتانی جیهان و دەوروبەر بگوترێت کە ئێمە هەین و هەردەم مایەی ئارامی و پشتیوانی سەقامگیری ناوچەکە و جیهانین، لە هەمان کاتیشدا کار بکەین بۆ بە فەرمی ناساندنی ئەو دۆزە، بەڵام بە

**ئەوانەی لەناوخۆدا دژایەتی پرسی سەربەخۆیی و ڕیفراندۆم دەکەن، بێجگەی لە خانەی خیانەت و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ نەیارانی دۆزی کورد، لە هیچ خانەیەکی دیکەدا جێگەیان نابێتەوە**

**ناکرێت میللەتێک دەریایەک خوێنی لە پێناو ئازادی و ڕزگاری و سەربەخۆیی و دیموکراسیدا دابێت و سەدەیەک خەباتی بێوچانی لەو پێناوەدا کردبێ، کەچی لە باشترین هەلی زێڕیندا کەسان و لایەنگەلێک پەیدابن بە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بە کردار، یان بە پەنهانی و پیلانگێری، دژی خەونی لەمێژینەی نەتەوەکەیان بن**

**ئێستا کە پرسی بەدەوڵەت بوون هاتۆتە ئاراوە و بە جددی کاری لەسەر دەکرێت، بۆ خۆی دەرفەتێکی چارەنووسسازە تاوەکو هێزە نەتەویی و دیموکرتخواز و نیشتمانپەروەرەکان لە هێزە دەستکێش و بەکرێگیراوەکان جیابکرینەوە**

شێوەگەلی پلان بۆ داڕێژراوی ئاشتییانە و مامەڵەی بابەتییانە. واتە وەگەڕخستنی شێوازگەلی گرنگ و کاریگەری دیپلۆماسییانە لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەکەدا. هەرچی سەبارەت بە عێراقیشە ئەوە ڕوون بۆتەوە کە لەوەتەی سەدامی دیکتاتۆر لە گوڕەپانی سیاسی وەدەرنراوە، ئەم عێراقە و سەرانی سیاسی ئەم وڵاتە نەیانتوانیوە هیچ کام لە پرسەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دیموکراسی و پێکەوەژیانی یەکسان بۆ هاووڵاتیان و دانیشتووانی عێراق وەدی بهێنن، بەڵکو بەپێچەوانەوە سەرەڕای پشتیوانییەکی زەبەلاحی ماددی و مەعنەویی نێودەوڵەتی بۆ کاربەدستانی عێراق بە مەبەستی فەراهەمکردنی ئەو پرسانە، عێراق و دانیشتووانەکەی- بێجگە لە کوردستان- گەلێك خراپتر لە جارانی سەردەمی سەدام ڕووبەڕووی توندوتیژی و جیاکاری ئایینی و مەزهەبی و تائیفی و پاکتاوی ڕەگەزی بوونەتەوە، هاوکات ئەم ڕەوشە نالەبارەی عێراقی عەرەبی وایکردووە وڵاتانی دەوروبەری عێراقیش کە هەندێکیان نەیاری حکومەتی هەرێمیشن، ترسی زۆریان لە دۆخی عێراقی عەرەبی و سووریا لێ بنیشێت، لەوەی توندوتیژییەکان بپەڕێنەوە بۆ نێو سنوور و خاکەکانی ئەوان. بۆیە بوونی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان بە مەرجێك ببێتە هۆی ئارامیی سنوورەکانیان ئەو هەستیارییەی جارانی لای ئەوان نەهێشتووە، لە هەمان کاتدا باشیش لەوە گەیشتوون کە چیدی ئەوان ناتوانن ڕەوڕەوی مێژوو بگۆڕن و مافەکان و خەباتی بێوچانی خەڵکی کوردستان نادیدە بگرن، چونکە کوردستانی باشوور بەتایبەتی لە ئاستی جیهاندا جێگە و پێگەی خۆی لە ڕووەکانی ئاشتیی نێودەوڵەتی و مرۆڤدۆستی و دیموکراتی و سەقامگیریدا سەلماندووە. ئەو بارودۆخەی عێراقیش بۆخۆی هەموو خەونی عێراقچییەکانی کوردستانی پووچەڵ کردۆتەوە، ئەوەش بە باشی سەلماوە کە عێراقێك ئەگەر لە ماوەی (١٠٠) ساڵی بوونیدا نەیتوانیبێت خۆی لە دەمارگیری و ڕەگەزپەرستی و تایفەگەری دەرباز بکات، ئیدی هەرگیز ناتوانێت لەو دۆخە خۆی وەدەر نێت، بگرە تا دێت زیاتر لە زەلکاوی دەمارگیریدا نوقم دەبێت.

بە هۆکاری هەموو ئەو فاکتەرانەی باسکران و چەندین هۆکاری تریش لە ئەمڕۆدا کوردستان باشترین بەربژێرە بۆ بوونە دەوڵەت و سەربەخۆبوون.

لێرەوە جێگەی خۆیەتی باس لەوە بکەین کەچی لەسەر ئێمەی کورد پێویستە بۆ ئەوەی ئەم خەونە لەمێژینەی نەتەوەکەمان بێنینەدی و وەکو ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر و وەکو واقیعێك مامەڵەی لەگەڵدا بکەین؟

دیارە لەگەڵ هەموو ئەوانەی باسکران بۆ وەدیهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردان، دەبێت ئەوەش لەبەر چاوبگرین کە نەیارانی ئەو پرسە نەخەوتوون و هەرچی پیلان و پلانێکیان هەیە، دەیخەنەگەڕ بۆ وەدینەهاتنی سەربەخۆیی کوردستان، بۆیە پێویستە لە سەر هەرتاکێکی کورد و هەموو هێز و لایەنە دڵسۆزەکانی پرسی کوردایەتی، یەکدەنگ و یەکگوتار بن بە مەبەستی پشتگیریکردن لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و هەموو ئەو ئامرازانەی دەبنە پشتیوانی بۆ پرۆسەکە، چونکە دەبێت باش لەوە تێگەیشتبین کە نەیارانی پرسی سەربەخۆییمان باشترین چەکیان جوڵەپێکردنی دەستکێشەکانیانە لە ناوەوەی کوردستان کە وەکو (تابووری پێنجەم) خزاونەتە نێو لایەنە دژەکانی پرسی نەتەوەیی و دیموکراسی لە ناوخۆی گۆڕەپانی سیاسیی کوردەواریدا، ئیدی ئەو لایەنانە لە ژێر هەر ناو و پەردەیەکدا خۆیان حەشاردابێت، هاوکات ئێستا کە پرسی بەدەوڵەت بوون هاتۆتە ئاراوە و بە جددی کاری لەسەر دەکرێت، بۆ خۆی دەرفەتێکی چارەنووسسازە تاوەکو هێزە نەتەوەیی و دیموکرتخواز و نیشتمانپەروەرەکان لە هێزە دەستکێش و بەکرێگیراوەکان جیابکرێنەوە، چونکە ناکرێت میللەتێك دەریایەك خوێنی لە پێناو ئازادی و ڕزگاری و سەربەخۆیی و دیموکراسیدا دابێت و سەدەیەك خەباتی بێوچانی لەو پێناوەدا کردبێ، کەچی لە باشترین هەلی زێڕیندا کەسان و لایەنگەلێك پەیدابن بە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بە کردار، یان بە پەنهانی و پیلانگیڕی، دژی خەونی لەمێژینەی نەتەوەکەیان بن. ئەوە ئەرکی سەرجەم هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی هێز و لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی خەباتی بزاڤی شۆڕشگێڕی کوردایەتییە کە بە پلانێکی تۆکمە و لەبار، ئاستی وشیاری و ڕۆشنبیریی تاکی کورد بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی هەر دەستێکی دەرەکی لە ناوخۆدا بەرزبکەنەوە، تاوەکو پرسەکەمان بە کامڵی وەدی بێت و خەونی نەیارەکانمان نەیەتەدی.

دواجار دەڵێم: هیچ پاساوێك لە ئەمڕۆدا سەبارەت بە دژایەتیکردنی پرسی سەربەخۆیی کوردستان و هەنگاونانی جددی بۆ ئەو مەبەستە جێگەی قبوڵ نییە و ئەوانەی لەناوخۆدا دژایەتی پرسی سەربەخۆیی و ڕیفراندۆم دەکەن، بێجگەی لە خانەی خیانەت و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ نەیارانی دۆزی کورد، لە هیچ خانەیەکی دیکەدا جێگەیان نابێتەوە.

***


***مامۆستای زانکۆی سلێمانی**

**ئەمڕۆ دۆزی کورد و کۆمەکیکردن بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە تیرۆریستییەکان، بۆتە گرەوی بردنەوەی پرسی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی لە وڵاتگەلێکی زلهێزی وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا و کەنەدا**

**ئەگەر جاران هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزێکی ناوخۆیی خۆجێی بووبێت بۆ بەرگری لە خەڵکی کوردستان و مافە ڕەواکانیان، لە ئەمڕۆدا هێزی پێشمەرگە لە باتی هەموو جیهانی دیموکرات و میانڕۆ دژ بە گەورەترین هێزی توندڕەو و دژەمرۆڤ، لە جەنگێکی پڕنەبەردی و سەرکەوتوودایە**

**هەموو ئاماژەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئیدی کوردستانی باشوور بە هەموو پێوەرە سیاسی و نێودەوڵەتی و سەربازی و دیپلۆماسییەکان خاوەنی پێگەی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە**

# دەستبەرداربوون لە سایکس پیکۆ، ڕێگەی گەیشتن بە ڕێککەوتنێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆش دەکات



ستیڤن بلۆکمانس

● لە کاتێکدا بە بنبەست گەیشتنە خوێناوییەکەی سووریا درێژەی هەیە، ئەوا خاکی ئەو وڵاتە زیاتر و زیاتر لێکدەترازێت. ڕژێمەکەی ئەسەد دەسەڵاتی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەدا — کە چڕترین دانیشتووانی هەیە- دەچەسپێنێت. هێزە یاخیبووەکان دەسەڵاتی خۆیان لە دۆڵی فوراتدا تۆکمە دەکەن، گروپەکانی سەر بە ئەلقاعیدە لە خەلافەتەکەیاندا- کە دەکەوێتە ناوچەگەلی بیابانی ڕۆژهەڵاتی سووریا- شەریعە جێبەجێ دەکەن، گروپە کوردییەکانیش هەرێمێکی خۆبەڕێوبەریان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەدا دامەزراندووە. هەروەك لێی دەترساین، شەڕی ناوخۆیی سووریا پەڕیوەتەوە بۆ دەوڵەتە دراوسێکانی، لاوازترین وڵاتیان بریتییە لە لوبنان، کە وڵاتێکی لاوازە و دانیشتووانەکەی پێنج ملیۆن کەسن، حاڵی حازر ٧٠٠،٠٠٠ پەنابەری سووری لەخۆگرتووە کە زۆربەیان سوننەن. هێرشی توند و سەخت لە نێوان شیعە و سوننەدا ڕوو لە زیادبوونە.

● سنووری دوور و درێژی نێوان بیابانی ڕۆژهەڵاتی سووریا و بیابانی ڕۆژئاوای عێراقیش لە واقیعدا بوونی نەماوە، چونکە چەکدارانی ئەلقاعیدە بە ئازادی هاتوچۆی پێدا دەکەن. شەڕی ناوخۆیی سووریا دووبارە ئاگری شەڕی تایفەگەری هەڵگیرساندەوە کە لە دوای داگیرکردنی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣وە خامۆش نەببوو. لە هەر سێ دەوڵەتەکەدا، دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی لە داکشاندایە، لە کاتێکدا گروپە ئیتنی و ئایینییەکان بەرەو هەرێمە خۆبەڕێوەبەرییە پارێزراوەکانی خۆیان دەکشێنەوە. لە ئێستادا نێوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکهاتووە لە وڵاتگەلێکی لێکترازاو کە لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە بەرەو ئێران درێژ دەبێتەوە.

● هەروەها سنوورە دەرەکییەکانی ئەم بەشە سنوورگەلێك نین کە قابیلی پێشێلکردن نەبن. گوللە هاوەنی سووری لە بەرزاییەکانی جۆلاندا- کە لە لایەن ئیسرائیلەوە داگیرکراون- کەوتوونەتە خوارەوە، توندوتیژییەکانی سووریاش بە بەردەوامی پەلیان هاویشتووە بۆ تورکیا، کە لەو وڵاتەوە گروپە یاخیبووەکان پێشڕەوی دەکەن و دواتر دەکشێنەوە. هەموو ئەمانە ئاماژەن بە کۆتایی هاتنی سایکس پیکۆ، ڕێککەوتنە بەدناوەکەی ساڵی ١٩١٦ کە تێیدا فەڕەنسا و بەریتانیا کاریان لەسەر «پرسی سووریا» کرد.

● بەڵام ناتوانین وێنای گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی خێرا و تۆکمە بکەین، ئەگەر هێزەکانی جیهان دەستبەرداری سایکس پیکۆ نەبن. پێویستە ئەو شەڕ و ناکۆکییە گەورەیە فەرامۆش بکەن کە لە سووریادا لە ئارادایە و بریتییە لە ململانێیەکی هەرێمایەتی لە نێوان شیعە و سوننەدا، هەروەها ناکۆکییەکی درێژخایەنی نێوان حزبولڵا- لە ژێر سەرپەرشتی ئێراندا- و دوژمنە تەقلیدییەکانی ئێرانە، کە دیارترینیان سعودیەیە، لەگەڵ بوونی ناکۆکی لە نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتە عەرەبییە دراوسێکانی کە پەیوەستە بە خاکەوە، هەروەها خواستی سەربەخۆیی لای فەلەستین و کورد. کەواتە ئەمە مەرگی سایکس پێکۆیە و پێویستە لە گۆڕبنرێت. چونکە ڕێگرە لە بەردەم هێنانەئارای ئاشتییەکی درێژخایەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەر دەروازەیەکیش بۆ دەرچوون لەم گێژاوە پێویستی بە ڕێککەوتنێکی گەورە هەیە- ڕێککەوتنێك کە نیزامێکی نوێی بێنێتەئاراوە لە سەرتاسەری ناوچەکەدا و بە گوێرەی ئەو نیزامەش سنوورەکان دابڕێژرێتەوە.

● سەرچاوە: Time to redraw the map of the Middle East

● نووسینی: Steven Blockmans



## ئایدن مەعروف

ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بەرەی تورکمانی بۆ گوڵان:

# هەموو کات سەرۆک بارزانی پاڵپشتی پێکەوەژیان بووە لە عێراق و کوردستانیش داکۆکی لە مافی تورکمان کردووە

**لە تەواوی وڵاتانی جیهاندا، دەوڵەتان لەسەر حیسابی کەمینە و زۆرینە پێناسەی نەتەوە جیاوازەکانی ناو دەوڵەتەکانیان دەکەن و بە کەمینە و زۆرینە ناوزەدیان دەکەن، بەڵام تەنیا لە کوردستان و بە بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان هیچ نەتەوە و پێکهاتەیەك بە کەمینە ناو نابردرێت، نەتەوە هەر نەتەوەیە، ئەوجا ژمارەی کەم بێت، یان زۆر، ئایین هەر ئایینە، ئەوجا ژمارەی شوێنکەوتووانی کەم بن، یان زۆر، ئەم ژینگە سیاسییە لێبووردەییەی کوردستان وایکردووە، پێکهاتە جیاوازەکان بە قەوارەی خۆیان لە پرۆسەی سیاسی و پەرلەمان و حکومەت بەشداربن و لە چوارچێوەی سیستمی کۆتا مافیان پارێزراو بێت بۆ ئەوەی نەبنە قوربانیی زۆرینە و لە ناو بڕیاری سیاسیدا رۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبێت. بۆقسەکردن لەسەر ئەم پێکەوەژیانە ئارەزوومەندانەی کوردستان و مامەڵەی سەرۆك بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هاووڵاتیان بە بێ جیاوازی ئایین و نەتەوە، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ بەڕێز ئایدن مەعروف ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بەرەی تورکمانی و بەرپرسی مەکتەبی هەرێمی کوردستانی بەرەی تورکمانی عێراق، ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** تورکمان وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکیی کوردستان و عێراق بە هۆی کەمتەرخەمیی حکومەتی ناوەندییەوە لەسەر دەستی داعش دوچاری ئاوارەیی و کوشتن بوونەوە، لەم دۆخە سەختەدا تا چەند هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان رۆڵیان لە پاراستنی تورکمانەکان هەبووە؟**

- لە تەواوی ئەو ناوچانەی داعش پەلاماری دان و داگیری کردن، تورکمان رووبەڕووی کوشتن و کۆچکردن بوونەوە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی وەك تەلعفەر و موسڵ و دیالە و رۆژئاوای کەرکووك کە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی گروپی تیرۆریستی داعش، هەموو ئەو تورکمانانەی لەو ناوچانە نیشەجێبوون، زیانی گەورەیان بەرکەوت، لەم شەڕانەدا زیاتر لە ٣٠٠٠ تورکمان بوونە قوربانی و ئەوەشی مایەوە ناچاربوون لەدەستی داعش هەڵبێن و بەشی هەرە زۆریان روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، کە ئەوانیش بە زیاتر لە ٥٠٠ هەزار ئاوارە مەزندە دەکرێن، تەنانەت ژمارەیەکیش لە ئافرەتانی تورکمان کەوتنە بەردەستی داعش، بۆیە لەم دۆخە سەختەی کە گەلی تورکمان و تەواوی پێکهاتەکانی عێراق پێیدا تێپەڕ دەبن، هەرێمی کوردستان بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەستا و سەرۆك بارزانی بڕیاری دا دەرگای کوردستان بە رووی هەموو ئاوارەکانی دەستی داعش ئاوەڵا بکرێت، گەلی کوردستان بە سنگ فراوانییەوە پێشوازیان لەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان کردو کەمپ و شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابین کردن، ئەمەش جێگای سوپاس و پێزانینە کە لەو بارودۆخە ناخۆش و مەرگەساتەی کە لە١١ی حوزەیرانی ٢٠١٤ روویدا و داعش پەلاماری تەواوی ناوچەکەی دا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان بوونە پاڵپشت و پشتیوانی تورکمان و بەبێ جیاوازی پارێزگاری لێکردین، بەڵام بەداخەوە حکومەتی ناوەندی بەغدا و سوپاکەی کەمتەرخەم بوون لە بەرامبەر پاراستن و پارێزگاریکردن لە گەلی تورکمان و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان و عێراق، لەمەش زیاتر تەنانەت پێش هاتنی تیرۆریستانی داعش و داگیرکردنی ئەو ناوچانەی تورکمانی لێیە، ئێمە گلەیی و رەخنەمان

**پشتیوانی لە پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا دەکەین، چونکە ئێمە باش دەزانین تورکیا کاریگەری ئابووری و بازرگانی باشی لە سەر ئایندەی هەرێمی کوردستان هەیە**

**ئێمە وەکو لایەن و پێکهاتەی تورکمانی لەگەڵ ئەوەداین، بە زووترین کات پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ ئەنجام بدرێت و مەسەلەی بەڕێوەبردنی پارێزگاکەش یەکلایی بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نین هێزی چەکداری لە دەرەوەی پێکهاتەی پارێزگاکە بهێندرێت، ئەمە کاریگەری سلبی لەسەر پێکەوەژیان و ئایندەی ئەم ناوچانە دەبێت**

**تێبینیەکانی ئێمە جیاوازە لە تێبینیەکانی حزبە کوردستانییەکان کە زیاتر مۆرکی ململانێی حزبی و کێشەی نێوان هەولێر و سلێمانی بەسەردا زاڵە**

**پێویستە حکومەتێک لەبەغدا هەبێت کە دوور بێت لە سیاسەتی مەزهەبگەرایی و تاکرەویی و دیکتاتۆریەت و بەیەکسانی مامەڵە لەگەڵ عێراقیەکان بکات، هەروەک چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چاوی رێز و یەکسانی مامەڵە لەگەڵ هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان دەکات**

لەحکومەتی ناوەندی بەغدا هەبوو بەرامبەر بەپەراوێزخستن و ئەو ناهەقیەی بەرامبەر گەلی تورکمان ئەنجام دەدرا. بەڵام ئەو هەڵوێستە بەرزەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە کە بەرامبەر ئاوارە و پەناهەندەکان نیشانیان دا بۆ گەلی تورکمان و هەموو پێکهاتەکانی تری دەشتی نەینەوا، دەرکەوت کە پێشمەرگە هێزێکی مرۆیی وڵاتپارێزە و بەبێ جیاوازی بەرگری و پارێزگاری لە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان و عێراق دەکات.

*** وەکو ئاگاداری کوردستان شوێنی پێکەوەژیان و لێبووردەیی نێوان هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانە، کەچی حکومەتی بەغدا لە بری ئەوەی پاڵپشتی و هاوکاری کوردستان بکات، ماوەی زیاتر لە ٣ ساڵە گەمارۆیەکی توندی لەسەر مووچەخۆران و هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان داناوە، ئێوە وەکو پێکهاتەی تورکمان چۆن لەم هەڵوێستەی بەغدا دەڕوانن؟**

- هەرێمی کوردستان لە دێرزەمانەوە شوێنی پێکەوەژیان و کۆکردنەوەی هەموو نەتەوە چەوساوەکانی عێراق و ناوچەکە بووە، ئێمەش وەکو نەتەوەی تورکمان لەگەڵ برا کوردەکانماندا مێژوویەکی دێرین و دەوڵەمەندمان هەیە، لە رۆژە سەختەکاندا پێکەوە بووین و بەشداری شۆڕش و راپەڕینەکانمان کردووە، لە پەرلەمان و حکومەت و هەموو دامەزراوەکان بەشدارییەکی باشمان هەیە، هەر بۆیە دڵگرانین لە بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان و ئەو مامەڵە خراپەی بەغدا بەرامبەر هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدات، لە چارەسەرکردنی ئەم دۆخەشدا حکومەتی ناوەندی کەمتەرخەم بووە و ململانێ سیاسییەکانی تێکەڵ بە بژێوی ژیان و مووچەی فەرمانبەران کردووە و دەرگاکانی چارەسەری داخستووە و بە شێوەیەکی مەزهەبی هەڵسوکەوت دەکات، بەغدا سزای بەکۆمەڵی گەلانی کوردستان دەدات، لە کاتێکدا چۆن هاوڵاتییەکی بەسرا مافی بە سەر حکومەتی مەرکەزییەوە هەیە، هەرواش هاوڵاتییەکی تورکمان و کورد کلدو ئاشور ماف و ئیمتیازاتیان بەسەر حکومەتی بەغداوە هەیە. ئەم هەڵوێستە مەزهەبی و هەڵەیەی عێراق لە هاوکاری و یارمەتی ئاوارەکان بە روونی دەرکەوت، لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتەکانی دنیا بەتایبەتی حکومەتی تورکیا لە رێگەی رێکخراوە مرۆییەکانیەوە کۆمەك و هاوکاری پێشکەش بە تورکمان و کەمپی ئاوارەکان دەکرد، کەچی حکومەتی بەغدا زۆر کەمتەرخەم بوو. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەستووری عێراق، ئاشکرایە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی سەربەخۆیە، بەڵام سەر بە عێراقی فیدراڵە و ئەمە لە دەستووردا جێگیر کراوە، ئیتر چۆن دەبێت بەغدا فشاری سیاسی دەرهەق بە حکومەت و خەڵکی کوردستان ئەنجام بدات و ئاوەها کەمتەرخەم بێت لە بەرامبەر هاووڵاتیانی؟ هەروەها ماوەی دوو ساڵە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕێکی گەورەدایە بەرامبەر دڕندەترین گروپی تیرۆریستی جیهان کە هەڕەشەن لە سەر هەموو ناوچەکە و جیهان، لەمەشدا حکومەتی بەغدا لە بری ئەوەی پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بێت، کەچی مووچەی هێزی پێشمەرگەی چەندین ساڵە بڕیوە، بگرە حکومەتی عێراق هاوکاری پێکهاتەکانی تری لە کوردستان نەکردوە کە ئێستا هەر پێکهاتەیەك هێزی خۆی هەیە و شەڕ لە دژی داعش دەکەن بە هاوبەش لەگەڵ هێزی پێشمەرگە. بۆیە پێویستە حکومەتێك لەبەغدا هەبێت کە دوور بێت لە سیاسەتی مەزهەبگەرایی و تاکرەویی و دیکتاتۆریەت و بەیەکسانی مامەڵە لەگەڵ عێراقیەکان بکات، هەروەك چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چاوی رێز و یەکسانی مامەڵە لەگەڵ هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان دەکات، لەم رووەوە ئێمە سوپاسگوزاری جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانین و پێمانوایە کەسایەتییەکی دیار و دیموکراتی و لەبەر چاوە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پشتگیری و هاوکارێکی بەردەوامی داواکارییەکانی سەرجەم پێکهاتەکان بووە، بەتایبەتی گەلی تورکمان.

*** ریفراندۆم بۆ دەستنیشانکردنی مافی چارەنووسی کوردستان مافێکی شەرعی خەڵکی کوردستانە، ئایا ئێوە وەکو تورکمان کە پێکهاتەیەکن لەگەڵ کوردستان تا چ ئاستێك لەگەڵ ریفراندۆمن و داواکاری ئێوە وەکو تورکمان لە کاتی ئەنجامدانی ریفرانۆم چییە؟**

- ریفراندۆم بابەتێکی چارەنووسساز و هەستیارە و بە مافێکی دیموکراتی و ئازادی هەموو گەلانی کوردستان و هەموو نەتەوە و هاووڵاتییەکی دەزانین، تورکمان وەکو نەتەوەی دووەم لە کوردستاندا پێگەی خۆمانمان هەیە، هەر بۆیە ئەگەر هەر بڕیار و

پرۆسەیەکی سیاسی لەناوخۆ و ناوچەکەدا هەبێت، پێویستە پێشنیار و پرس و ڕای ئێمە وەکو تورکمان وەربگیرێت، چونکە ئێمە راوپێشنیاری خۆمانمان هەیە و نەتەوەیەکی گرنگین لە ناوچەکەدا و پێویستیمان بە پێکەوەژیان هەیە. ئێمە وەکو تورکمان کە لە۳۰٪ی تورکمان لە هەرێمی کوردستانن و لە ۷۰٪ی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن و نەگەڕاونەتەوە سەر کوردستان بگرە بەشی زۆری ناوچەکانمان لە ژێر دەسەڵاتی تیرۆرستی داعشدایە، هەر بۆیە هەندێك تێبینیمان هەیە بەوەی دەبێت ریفراندۆم لە حاڵەتێکی ئاسایی و سروشتیدا بکرێت، بۆ ئەوەی هەموو تورکمان بەشداری تێدا بکات، تێبینیەکانی ئێمە جیاوازە لە تێبینیەکانی حزبە کوردستانییەکان کە زیاتر مۆرکی ململانێی حزبی و کێشەی نێوان هەولێر و سلێمانی بەسەردا زاڵە، تا ئێستاش بەرەی تورکمانی عێراق هیچ بڕیارێکی لەمبارەیەوە نەداوە، ئێمە وەکو تورکمانەکانی کوردستان هەر تێبینیەکمان هەبێت، راستەوخۆ ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی دەکەین. هەموو کات و سەردەمێکیش بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پاڵپشت بووە لە پشتیوانیی پێکەوەژیان و پارێزگاریکردن لە مافەکانی تورکمان لە پەرلەمان و حکومەتیشدا، هەر بۆیە ئێمە زۆر سوپاس و دەستخۆشی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستانەیان هەروەکو چۆن لە نووسینەوەی رەشنووسی دەستووری عێراق، سەرۆکی هەرێمی کوردستان رۆڵێکی باڵای هەبوو لە داکۆکیکردن لە مافەکانی پێکهاتەکان بە پێکهاتەی گەلی تورکمانیشەوە، ئەم پاڵپشتییەی جەنابی بارزانی بۆ ئێمە لە عێراق و لە هەرێمی کوردستانیشدا گرنگە. دەبێت لە دەستووری هەرێمیشدا ڕەچاوی مافەکانی تورکمان بکرێت بۆ ئەوەی ئەم پێکەوەژیانە ببێتە نموونەیەك بۆ دیموکراسی و گیانی لێبووردەیی بۆ ناوچەکە.

*** وەك ئاگادارن سەرۆك بارزانی داوای لە عێراق و هاوپەیمانان کردووە، پێش رزگارکردنەوەی موسڵ پێویستە پرسی بەشداریکردنی کورد و پێکهاتەکان لە بەڕێوەبردنی ئەو پارێزگایە لە دوای داعش، یەکلایی بکرێتەوە، پێتوانییە ئەم پرسە بۆ چارەنووسی کورد و پێکهاتەکانی دیکە لەو پارێزگایەو لەعێراقدا گرنگە؟**

- موسڵ و تەلعفەر بۆ ئێمەی تورکمان و پێکهاتەکانی دیکە گرنگە، لەبەر ئەوەی بەشێکی گرنگی تورکمان نشینە و ناوچەیەکی پێکەوەژیانە و دەبێت رەچاوی ئەم پرەنسیپانە بکرێت، ئەمە سروشتی ئەم ناوچانەیە، بۆیە دەبێت بە جددی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، تەنانەت لە دوای ئازادکردنیشی دەبێت لە پرۆسەی سیاسی ئەو پارێزگایە هەموو لایەنەکان بەشدار بن، بەتایبەتی ئەو نەتەوەو لایەنانەی لە ناو موسڵدا دەژین، ئێمە وەکو لایەن و پێکهاتەی تورکمانی لەگەڵ ئەوەداین، بە زووترین کات پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ ئەنجام بدرێت و مەسەلەی بەڕێوەبردنی پارێزگاکەش یەکلایی بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نین هێزی چەکداری لە دەرەوەی پێکهاتەی پارێزگاکە بهێندرێت، ئەمە کاریگەری سلبی لەسەر پێکەوەژیان و ئایندەی ئەم ناوچانە دەبێت، پێویستە هەموو پێکهاتەکانی ئەو پارێزگایە بەشدار بن لە پرۆسەی سیاسیدا. ئێمە لەگەڵ ئەوەداین بە بەشداری هێزی پێشمەرگە و حەشدی وەتەنی و هێزە عەشائیری و هێزەکانی تورکمانی و پێکهاتەکانی کلد و ئاشووری ئەو شارە ئازادبکرێتەوە.

*** هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە دیار و لەبەرچاوە، بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتی تورکیادا بۆ پێشکەوتنی ئابووریی هەرێمی کوردستان، چۆن لەم پێوەندییانە دەڕوانیت؟**

- تورکیا دەوڵەتێکی گەورە و گرنگە لە ناوچەکەدا و بۆ هەرێمی کوردستانیش دەوڵەتێکی گرنگە، بەرەوپێشەوەچوونی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بۆ هەردوولا گرنگە، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان گرنگترە، لەبەر ئەوەی دەروازەی یەکەمی کوردستانە لەگەڵ جیهانی دەرەوە، بۆیە بوونی ئەم پێوەندییە فراوان و گەورەیە لە نێوان تورکیا و کوردستان، هەروەها پێوەندییەکانی دیکەی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دیکە وەرچەرخانێکی گەورەی دروست کردووە، لەمەشدا دەبێت رۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگیرێت و بەرز بنرخێندرێت، لەبەر ئەوەی بوونی ئەم پێوەندییانەی کوردستان گرنگە بۆ هەموو پێکهاتەکانی کوردستان، بۆیە لەم روانگەیەوە ئێمە پشتیوانی لە پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا دەکەین، چونکە ئێمە باش دەزانین تورکیا کاریگەری ئابووری و بازرگانی باشی لە سەر ئایندەی هەرێمی کوردستان هەیە.

**بەغدا سزای بەکۆمەڵی گەلانی کوردستان دەدات، لە کاتێکدا چۆن هاووڵاتیەکی بەسرا مافی بە سەر حکومەتی مەرکەزییەوە هەیە، هەرواش هاوڵاتیەکی تورکمان و کورد کلدو ئاشور ماف و ئیمتیازاتیان بەسەر حکومەتی بەغداوە هەیە**

**وەکو نەتەوەی تورکمان لەگەڵ برا کوردەکانماندا مێژوویەکی دێرین و دەوڵەمەندمان هەیە، لە رۆژە سەختەکاندا پێکەوە بووین و بەشداری شۆڕش و راپەڕینەکانمان کردووە، لە پەرلەمان و حکومەت و هەموو دامەزراوەکان بەشدارییەکی باشمان هەیە، هەر بۆیە دڵگرانین لە بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان و ئەو مامەڵە خراپەی بەغدا بەرامبەر هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدات**

**هەرێمی کوردستان بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەستا و سەرۆک بارزانی بڕیاری دا دەرگای کوردستان بە رووی هەموو ئاوارەکانی دەستی داعش ئاوەڵا بکرێت، گەلی کوردستان بە سنگ فراوانیەوە پێشوازیان لەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان کردو کەمپ و شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابین کردن**

# مێژووی خەباتی نەتەوەیی کە تۆمارکرا، ئەستەمە ناشیرین بکرێت



ڕێباز عوسمان

سەدەی ڕابردوو گەلی کورد بە سەرکردایەتی بارزانیی نەمر مێژووییەکی پڕ لە سەروەری و گەورەی بۆ خۆی تۆمارکرد، مێژوویەك کە هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە هەتا ئێستا خەبات و تێکۆشانە بۆ سەروەریی میللەتی کورد و بۆ سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان. ئەگەرچی ناحەزان و خیانەتکاران هەمیشە لە هەوڵدا بوون بۆ کەمکردنەوە و ناشیرینکردنی ئەم سەروەرییانەی بارزانی و پارتی، بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشییە ئەوەیە کە ئیرادەی بەهێزی نەتەوەیی و نییەتی ڕاستەقینەی بۆ بەگەیشتن بە سەروەرییەکانی کورد و خوێندنەوەی خەڵکی کوردستان بۆ ڕاستییەکان هەمیشە کەمترین زیانی بەو مێژووە جوان و پڕسەروەرییەی بارزانی گەیاندووە. ئەگەر هەندێك لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی خۆمان بەراورد بکەین لەگەڵ ئەوانەی وڵاتانی ڕۆژئاوا، دەبینین ئەوانەی وڵاتانی ڕۆژئاوا هەمیشە لەگەڵ گەورەکردنی دەستکەوت و سەروەرییەکانی وڵاتەکانی خۆیانن، ئەگەرچی بچووکیش بێت، یان بێبایەخ، یان دەستکەوتی حزبی ڕکابەریش بێت بۆ پرسی نەتەوەیی و بۆ سەر ئاستی جیهان یەکدەنگ و یەکهەڵوێستن و هاووتاری میدیاین، چونکە نەتەوە بوون لای ئەوان پێش هەموو ململانێیەکی سیاسییە، هەر بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پێشچوون بەخۆیانەوە دەبینن،

بەڵام ئەگەر ئێمە لە کوردستان لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە، دەبینین لەساڵی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە کار لە سەر ناشیرینکردن و تانەلێدان و کەمکردنەوەی خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێت بۆ نەگەیشتنی گەلی کورد بە ئاواتی سەربەخۆیی لەسەر دەستیان و ڕێگری لە بەدەستهێنانی مافەکانی ئەم گەلە. ئەوەی جێی سەرنج و باسە ئەوەیە کە هیچ کات و هیچ لایەنێك کە خۆی بە شۆڕشگێڕ ناساندووە، نەیتوانیوە خەباتێك، یان سەروەرییەکی بەهێز تۆمار بکات کە ببێتە جێی متمانە و سەرنجی خەڵکی کوردستان، یان ببێتە ڕکابەری خەباتی نەتەوایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆیە هەندێکیان هەمیشە خامەی دژایەتییان بە دەستەوە بووە.

ئێمە ئەگەر بەراوردی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان لەگەڵ شۆڕشی وڵاتانی ڕۆژئاوا بکەین، دەبینین ئەو دوو شۆڕشەی گەلی کورد هیچ کات نەك کەمتر نەبووە، بگرە زیاتر بووە لە ڕووی خەبات و قوربانیدان و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنێکی سەرسەخت. ڕاستە خاوەنی چەکێکی کەم بووین، بەڵام خاوەنی ئیرادەیەکی زۆر بەهێز بووین، تەنیا شت کە ڕۆژئاوا لە ئێمە لە پێشتر بووە، پاڵپشتی خەڵکانی وڵاتەکەیان و لایەنە جیاوازەکان بووە بۆ گەورەکردنی دەستکەوتە بچووکەکان لە بەردەم میدیا جیهانییەکان و دەرخستنی سەروەریی نەتەوەکانیان،

نەك بچووككردنەوەی دەستكەوتە گەورەكان و ناشیرین كردنیان و گوێنەدان بە دۆزی گەل وەك ئەوەی لە میدیا ئۆپۆزسیۆن و سێبەرەكانی كوردستان ڕووی داوە و دەدات!

هیچ مێژوونووسێك لە سەر بناغەی هەڵگێڕانەوەی ڕاستییەكان و چەواشەكاری لە ڕووداوەكان، نابێتە مێژوونووسێكی دیار و بەهێز، چونكە هەرچەند نووسەر خامەی بێڕەحم بێت لە ونكردنی ڕاستییەكانی ڕۆژگار، ئەوا ڕاستییەكان بەهێزترن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ناحەقییەكانی خامەبەدەستانی مێژوو. ئەمڕۆ كە كورد لە قۆناغێكی هەستیاردایە و خەریكە كەشتیی سەرفرازییەكەی دەگاتە كەناری سەربەخۆیی، لێرەولەوێ بە پاساو و بیانووی جۆراوجۆرەوە دژ بە هەوڵەكانی ئەنجامدانی ڕاپرسی قسەدەكرێت! سەیرە شەرم لە خوێنی شەهیدان و مێژوو ناكەنەوە و شەرم لەو هەموو قوربانییانەی ئەنفال و كیمیاباران و منداڵە شەهیدە ناكەنەوە كە باوكیان لە پێناو سەربەخۆیی كورد و دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان دەستبەرداری سۆزی منداڵەكەی بوو! چ نەتەوەیەك لە مێژوودا هەیە لە كاتی بوون بە دەوڵەت بێ گرفت و كێشە نەبووبێت؟ جیاوازیی ئەوان لەگەڵ ئێمەدا لەوەدایە ئەوان بۆ بەرژەوەندییە گشتییەكان و مافی نەتەوەیی و نیشتمانییان ڕێگە نادەن كەسانێك بەئەنقەست، یان بەفیتی دەرەكی دژ بە خواستی نەتەوەییان ڕاوەستن. خۆ ئەگەر بە هۆی قەیرانی ئابووری و ململانێی حزبییەوە گرفت و كێشەمان هەبێت، ئەمە چ پێوەندییەكی بە دەوڵەتبوون و لەدەستنەدانی ئەم هەلە مێژووییەوە هەیە؟ لە كاتێكدا دەزانرێت كە لە دوای بوون بە دەوڵەت زۆربەی گرفت و كێشەكانمان چارەسەر دەبێت و دەبینە خاوەن دەستوور و دامەزراوەی سەقامگیر و بەهێز، ئەو كاتیش زۆر لە قەیرانە دارایی و ئابووری و سیاسییەكان لەم هەرێمەدا چارەسەر دەبێت. باشە لە چ ئەزموونێكی دیموكراتیدا بووە حزبی سیاسی، یان كەسانی سیاسی لە دەنگی میللەتەكەی خۆیان بترسن و ئاستەنگ دانێن لە بەردەم دەنگدانیاندا، لە كاتێكدا زۆربەی كەمە نەتەوەیی و پێكهاتەكانی دیكەی كوردستان ئەو ترسەیان نییە و بگرە دەنگ بۆ دەوڵەتبوونی دەدەن؟! من دڵنیام سەرەڕای گرفت و قەیرانەكان و دەنگی نارەزایەتی و گلەیی و ڕەخنەكان، سلێمانی و تەواوی پارێزگاكە لە مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەكەی ئەمجارەشدا پێشەنگ دەبێت، چونكە مێژوو شاهیدی بۆ ئەو شارە دەدات كە شاری هەڵمەت و قوربانی و هەزاران شەهید و سەركردەی بەناوبانگە، ئەو سەركردانەی كە بۆ دۆزی نەتەوایەتی خەباتیان كردووە و بوونەتە قوربانی و ئێستا ڕۆڵەكانیان درێژەپێدەری بیری نەتەوایەتیی ئەوانن.

*** مامۆستای زانكۆ**

**ئیرادەی بەهێزی نەتەوەیی و نییەتی ڕاستەقینەی بۆ بەگەیشتن بە سەروەرییەكانی كورد و خوێندنەوەی خەڵكی كوردستان بۆ ڕاستییەكان هەمیشە كەمترین زیانی بەو مێژووە جوان و پڕسەروەرییەی بارزانی گەیاندووە**




# شکستی فرەکەلتووری لە ڕۆژئاوا زەمینەی لەباری بۆ پۆپۆلیست و تیرۆریست ڕەخساندووە

**«٣٠ ساڵە زۆرێک لە ئەوروپییەکان فرەکەلتووری بە دەرمانی دەردە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوروپا دەزانن، بەڵام ئێستا ئەم تێڕوانین و ڕەوتە پێچەوانە بۆتەوە و پێیانوایە سەرچاوە و ڕیشەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕێگاچارەی فرەکەلتووری دەگەڕێتەوە، هەر لە دەرئەنجامی ئەوەشدا چەندین سیاسەتمەداری وەک سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و تەنانەت ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئەنجێلا مێرکل بە ئاشکرا سەرزەنشتی فرەکەلتووری دەکەن و وەک مەترسییەک وێنای دەکەن. ئەمەش ئاوی کردووە بە ئاشی پارتە ڕاستڕەوەکان و سیاسەتمەدارە پۆپۆلیستەکانی ئەوروپادا، وەک پارتی ئازادی لە هۆڵەندا و پارتی بەرەی نیشتمانی لە فەڕەنسا.»**

- **کینان مالیک**
- **گۆڤاری فۆرن ئەفێرز**
- **توێژینەوەی: فرەکلتووری مەترسیداری ئەوروپا**

### قەیرانی پەنابەران و مەترسیی تیرۆر

ئەوروپای شەکەت و داڕووخاوی دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە هەوڵی هەڵسانەوە و بووژانەوە و سەرپێکەوتنیدا ویستی لە ڕووی ئابوورییەوە هەنگاوی گەورە هەڵبگرێت لە دووبارە بنیادنانەوە و ساڕێژکردنی برین و ئازارەکانی ئەو جەنگە و چارەسەرکردنی دەرئەنجام و دەرهاویشتەی جەنگەکە کە خۆی لە کاولکاری و وێرانکارییەکی بەربڵاو و بێئەندازەدا دەبینییەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستییەکی لە ڕادەبەدەری بە دەستی کار هەبوو، بۆیە ئەم پێویستییە لەو ساڵانەدا دەرگایەکی گەورەی واڵاکرد بۆ ئەوەی شەپۆلێکی گەورەی کۆچبەران لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیاوە ڕوو بکەنە وڵاتانی ئەوروپا. کە دواتر ئەم کۆچبەرانە بوونە بەش و پێکهاتەیەکی گرنگی کۆمەڵگەکانی ئەو وڵاتانە، بەڵام ئەم کۆچبەرانە هەڵگری دابونەریت، بیروباوەڕ و شێوەژیان و دنیابینی تایبەت بە خۆیان بوون، کە ئەمە ئەگەری دروستبوونی لێکترازان و لێکدوورکەوتنەوە و بگرە پێکدادان و لێکدابڕانیشی دروست دەکرد لە نێوان کۆچبەران و کۆمەڵگەکەدا، بۆ ڕێگرتن لەم دەرئەنجامە و بۆ ئاوێتەکردنی تەواوی ئەو کۆچبەرانە بە چەشنێك کە ئاشتی و تەبایی کۆمەڵایەتی تێکنەچێت، هەر یەکە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕێگاچارە و میکانیزمی تایبەت بە خۆیان گرتەبەر، دیارترینیان بریتی بوو لە ڕێگاچارەی فرەکەلتووری «Multiculturalism»، لەگەڵ بوونی ڕێگا و شێوازی جیاواز، وەك چوونیەککردن «Assimilation».

بەڵام ئەوەی ئێستا جێی سەرنجە و شایستەی تاوتوێکردنە ئەوەیە کە باس لە شکستی ڕێگاچارەی فرەکەلتووری دەکرێت لە ئەوروپادا، باس لە شکستی پرۆسەی ئاوێتەکردنی کۆچبەران دەکرێت، بەوەی کە مەترسیی گەورەی لەسەر ئێستا و ئایندەی ئەوروپا دروستکردووە، هەر بۆ نموونە لە چوونی سەدان گەنجی نەوەی کۆچبەران لە وڵاتانی ئەوروپاوە بۆ ناو داعش لە سووریا و عێراق و سەرهەڵدانی جیهادییە توندڕەو و توندوتیژە ناوخۆییەکان کە بە (Homegrown Jihadists) ناسراون، ئامادەن کاری تێکدەرانە و تیرۆریستی لە نێو وڵاتەکانی خۆیاندا ئەنجام بدەن. کەواتە بۆچی شکست بووە چارەنووسی ئەم ڕێگاچارەیە و هۆکارەکانی کەمەندکێشبوونی ئەو گەنجانە بەرەو کاری توندڕەوی و توندوتیژی چین؟ ئایا هەستکردنیانە بە پەراوێزخستن و دوورەپەرێزییە، یان ئایدیۆلۆژیا ڕادیکاڵەکان ئەوەندە بەهێزن کە لەبەردەمیدا چۆك دادەن و ئیرادەی خۆیان بە دەستەوە دەدەن؟ ئایا ئەمە بەرئەنجامی پرۆسەیەکی دوور و درێژی ڕادیکاڵبوونە کە ئێستا نەوەیەکی بەرهەم هێناوە کە دەست لە هەموو شتێك هەڵدەگرێت و وڵاتەکەی جێدەهێڵێت بۆ ئەوەی وەك خۆیان دەڵێن ئەرکی جیهاد ئەدا بکات، یان ئەگەر لە وڵاتیشدا بمێنێتەوە وەك دوژمن لە کۆمەڵگە و حکومەتەکەی خۆی دەڕوانێت، کە یان دەبێت لەناو ببردرێن، یان دەبێت ملکەچ بکەن بۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوە و ڕاڤەکردنەی ئەو هەیەتی؟

**وڵاتانی ئەوروپی دوای شەڕی جیهانی پێویستییەکی لە ڕادەبەدەریان بە دەستی کار هەبوو، بۆیە لەو ساڵانەدا دەرگایان واڵاکرد بۆ ئەوەی شەپۆلێکی گەورەی کۆچبەران لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیاوە ڕوویان تێبکەن، بەڵام کۆچبەران هەڵگری دابونەریت، بیروباوەڕ و شێوەژیان و دنیابینی تایبەت بە خۆیان بوون، ئەمەش ئەگەری دروستبوونی لێکترازان و لێکدوورکەوتنەوە و بگرە پێکدادان و لێکدابڕانیشی لە نێوان کۆچبەران و کۆمەڵگەکەدا دروست کرد**

### قەیرانی فرەکەلتووری و چنینەوەی بەرهەمێکی تاڵ

فرەکەلتووری پەیوەستە بە لێبووردەیی و ڕێزگرتن و پاراستنی جیاوازییە کەلتوورییەکان، ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەم چەمکە هێندەی جەخت لەسەر

پارێزگاریکردن و برەودان بەو جیاوازییانە دەکاتەوە، هێندەی قورسایی ناخاتەسەر بەها هاوبەشەکان. خۆ ئەگەر لە هۆکارەکانی پەیڕەوکردنی ڕێگاچارەی فرەکەلتووری لە هەندێ وڵاتی ئەورووپا- وەك بەریتانیا- بڕوانین، ئەوا لەبەر ئەوەی کۆچبەران پێکهاتەیەکی بەرچاوی کۆمەڵگەکانی ئەم وڵاتانەن، ئەوا گرتنەبەری ئەم شێوازە پتر وەك پێویستی و ناچارییەك سەیر دەکرا و بڕیارێك نەبوو تێیدا سەرپشك بن، بەڵام لە ئێستادا لەسەر هەموو ئاستەکان باس لە شکستی فرەکەلتووری دەکرێت. زەقترین بەرجەستەبوونی ئەم شکستەش لەوەدا ڕەنگدەداتەوە کە نەوەیەکی نوێی کوچبەران لە نێو موسڵمانەکاندا نەك هەر هەڵگری بەها و نەریتەکانی ئەو کۆمەڵگەیانە نین، بەڵکو بە هەموو شێوەیەك ڕەتی دەکەنەوە و ئامادەن بەگژیاندا بچنەوە، ئەمەش وایکردووە سەرئەنجام بە دانپێدانانی بڕیاربەدەست و دەسەڵاتدارانی وڵاتەکە دەرەنجامی پێچەوانە و مەترسیداری لێکەوتۆتەوە، ئەمەش پێویستی پێداچوونەوە و بگرە کۆتاییهێنان بەو سیاسەتەش دەهێنێتەئاراوە. بۆ نموونە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە ساڵی ٢٠١١دا ڕایگەیاند کە ئێمە لە سایەی ڕێگاچارەی فرەکەلتووریدا هانی کەلتوورە جیاوازەکانماندا بۆ ئەوەی ژیانی تایبەت و جیاواز بژین. بەڵام ئەو ئێستا ڕایدەگەیەنێت کە شکستمان هێنا لەوەی تێڕوانینێك بۆ دروستکردنی کومەڵگەیەك دەستەبەر بکەین کە ئەوان هەست بکەن دەیانەوێت ئینتیمایان بۆی هەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێ لە گەنجە موسڵمانەکان هەست بکەن بێ ڕەگ و ڕیشەن، ئەم دۆخەش وایان لێدەکات بە دوای شتێکدا بگەڕێن کە ئینتیمایان هەبێت بۆی و باوەڕی پێبهێنن، ئەمەش بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ ئەوەی بەرەو ئایدیۆلۆژیای توندڕەوی بچن. کەواتە ئەو باسی لە پێویستی کۆتاییهێنان بە سیاسەتی فرەکەلتووری کرد و ڕایگەیاند کە ئەم سیاسەتە ئەوەندە لێبووردە بووە لە ئاست جیاوازییە کەلتوورییەکاندا، کەچی لە دەرئەنجامدا سەرێکێشاوە بۆ توندڕەوی. هەروەها لە نێوەندە ئەکادیمییەکانیشدا چەمکی وەك «پاشەکشەی فرەکەلتووری» و تەنانەت «مەرگی فرەکەلتووریش» هاتۆتەئاراوە. هەر بۆیە توێژەرێکی وەك کێنان مالیك لە ووتارێکیدا بە «ناوونیشانی شکستی فرەکەلتووری»، کە لە گۆڤاری «فۆرێن ئەفێرز»دا بڵاوی کردۆتەوە، باس لەوە دەکات کە سی ساڵە زۆرێك لە ئەورووپییەکان فرەکەلتووری بە دەرمانی دردە کۆمەڵایەتییەکانی ئەورووپا دەزانن، بەڵام ئێستا ئەم تێڕوانین و ڕەوتە پێچەوانە بۆتەوە و پێیانوایە سەرچاوە و ڕیشەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕێگاچارەی فرەکەلتووری دەگەڕێتەوە. هەر لە دەرئەنجامی ئەوەشدا چەندین سیاسەتمەداری وەك سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا و تەنانەت ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئەنجێلا مێرکل بە ئاشکرا سەرزەنشتی فرەکەلتووری دەکەن و وەك مەترسییەك وێنای دەکەن. ئەمەش ئاوی کردووە بە ئاشی پارتە ڕاسترەوەکان و سیاسەتمەدارە پۆپۆلیستەکانی ئەورووپادا، وەك پارتی ئازادی لە هۆڵەندا و پارتی بەرەی نیشتمانی لە فەڕەنسا کە لەسەر سیاسەتی دژی کۆچبەران بەردەوام بن.

● **مەترسییەکە لە چیدایە و بەهەڵەداچوونەکە لە کوێدایە؟**

پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە دیارترین ڕەنگدانەوەی شکستی پرۆسەی ئاوێتەکردنی کۆچبەران لە کۆمەڵگەکانی ئەورووپادا بریتییە لەوەی بەشێك لە گەنجە موسڵمانەکانی ئەو وڵاتانە کە نەوەی کۆچبەرانن، ئامادەن و ئیرادەی ئەوەیان تێدایە کە کاری تیرۆریستی و خوێنڕێژی لە وڵاتەکانی خۆیان و دژ بە هاووڵاتیان و کۆمەڵگەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، هەروەها سەفەر بۆ نێو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دڕندەی وەك داعش بکەن، ئەمەش وەك زەنگێکی بە ئاگاهێنانەوە و ڕاچڵەکاندن وابوو و کۆمەڵگە ئەورووپییەکانی ناچارکرد پێداچوونەوە بکەن و لە ئاست ئەم مەترسییەدا هەڵوەستە بکەن. چونکە ئێستا مەترسییەکە ئەوەیە کە ئەم دۆخە دروستبوونی درز و کەلێنی قووڵی لێبکەوێتەوە کە سەربکێشێت بۆ پێکدادان لە نێو ئەم کۆمەڵگەیانەدا، کە ئەمەش دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئارامی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی. ئێستاش بمانەوێ، یان نەمانەوێ، ئەمە دووبارە پرسی هاوسەنگڕاگرتنی ئازادی و ئاسایشی لەو وڵاتانەدا هێناوەتەوەئاراوە، واتە چۆن بتوانرێت ئاسایشی ئەم کۆمەڵگەیانە دەستەبەر بکرێت لە ئاست ئەو هەڕەشە و مەترسییە ڕاستەقینەیەدا- کە هەمووومان ڕووداوی خۆێناویمان بینی، وەك هێرشەکانی ساڵی پار بۆ سەر شاری پاریس-، و کارێك بکەن ئەم ڕووداوانە کاریگەری خراپی نەبێت و نەبێتەهۆی داخورانی ئازادییەکان کە بنچینە و بناغەی ئەم کۆمەڵگەیانە پێکدەهێنن. لە هەمان کاتدا، مەترسی ئەوەش هەیە جەمسەرگیری

**کورد و پێشمەرگە سەلماندوویانە هاوپەیمان و شەریکێکی باوەڕپێکراو و متمانە پێکراون و قارەمانانە بەرپەرچی ئەو دوژمنانەی مرۆڤایەتی بوونەتەوە و توانا و ئیرادەی ئەوەشیان هەیە ببنە ئەندامێکی کارا لەو شەراکەتە ستراتیژیەتەدا کە بۆ پێکدادان لە پێناوی شارستانیەتدا پێکدەهێنرێت**

**خەباتکردن لە دژی توندڕەویی ئیسلامیی توندوتیژ بریتی نییە لە پێکدادانی نێوان موسڵمانان و ڕۆژئاوا، یاخود پێکدادانی شارستانیەتەکان، بەڵکو ئەمە هەڕەشەیەکی هاوبەشە کە تەرکیز لە سەر جیهانی ئیسلامی دەکاتەوە، هەڕەشەیەکە تەنیا ئەو کاتە دەتوانرێت ئیحتیوا بکرێت و لە ناوببردرێت، کە شەراکەتێکی ئەمنی لە نێوان ڕۆژئاوا و وڵاتە ئیسلامییەکان و وڵاتانی دیکەدا بێتەئاراوە**

لە نێو ئەم کۆمەڵگەیانەدا قوول بکاتەوە، وەك ئەوەی ئێستا لە هەڵبژاردنەکاندا دەیانبینین، پارت و سیاسەتمەداری ڕاست و پۆپۆلیستی سەریانهەڵداوە و بگرە تا ڕاددەیەك سەنگ و قورساییشیان هەیە، کەمتر شتێکیش کە بوترێت لە ئاست ئەم پارت و سەرکردە پۆپۆلیستانە، ئەوەیە کە هەڵوێستێکی ئیجابی لە ئاست کۆچبەراندا نییە، ئەمەش بازنەیەکی بەتاڵ دروست دەکات و دەرئەنجامەکەش ئەوە دەبێت تاوەکو ئەو گەنجانە پتر ڕۆبچنە نێو ڕەوتی جیهادی و توندڕەوییەوە، ئەوا زیاتر باسك ئەستوربوونی ڕاسترەو و پۆپۆلیستەکان بەدی دەکەین.

بەڵام ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین کە هۆکارەکانی ئەم ئاڵوگۆڕ و پەرەسەندنە بۆچی دەگەڕێتەوە؟، ئەوا لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ڕەنگە ئاماژە بەوە بکرێت، هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو گەنجانە هەست بە پەراوێزخستن و دوورەپەرێزی دەکەن و هەست ناکەن بەشێکی ئاوێتەکراوی کۆمەڵگەکەن، هەر ئەم هەستی نامۆبوونەش دەیانکاتە نێچیرێکی لەبار بۆ ئایدیۆلۆژیای توندڕەوەکان دەیانکاتە کەسانێکی ڕادیکاڵ.

هەر سەبارەت بەم پرسە و مەترسییەکانی کینان مالیك خاوەنی کتێبی (فرەکەلتووری، فرەیی، ڕەگەزپەرستی) لە وتارێکی دیکەیدا بە ناوونیشانی «فرەکەلتووری مەترسیداری ئەوروپا» —کە ئەویش بە هەمان شێوە لە گۆڤاری «فۆرێن ئەفێرز»دا بڵاوکراوەتەوە- باس لەوە دەکات کە پرۆسەی بە ڕادیکالیزەبوون چوار بنچینەی سەرەکی لە خۆدەگرێت. یەکەمیان بانگەشەی ئەوە دەکات هۆکاری ئەوەی کەسانێك دەبنە تیرۆریست ئەوەیە کە دەکەونە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیایەکی توندڕەوی، بە زۆری ئایینییەوە. دووەمیان بە شێوەیەکی جیاوازتر- لە خەڵکانی دیکە- دەکەونە ژێر کاریگەری ئەم ئایدیۆلۆژیایەوە. سێیەمیان، ئەمە پرۆسەیەکە لە هەستکردن بە ستەم و سەردەکێشێت بۆ ئایینداری و بۆ گرتنەبەری بیروباوەڕی ڕادیکاڵی و ئینجا تیرۆریزم. چوارەمیان پەیوەستە بە هۆکاری ئەوەی ئەم خەڵکانە دەکەونە ژێر کاریگەری ئایدیا توندڕەوەکانەوە، ئەوەیە کە باش ئاوێتە نەکراون لە کۆمەڵگەکانیاندا. بەڵام کینان مالیك پێیوایە ئەم گریمانانە هەڵەن، چونکە زۆرێك لە توێژینەوەکان ئەوەیان خستۆتەڕوو کە ئەوانەی کەمەندکێش دەبن بۆ نێو گروپە جیهادییەکان مەرج نییە کەوتبێتنە ژێرکاریگەری ئایدیا ئایینییە توندڕەوەکانەوە. لە ساڵی ٢٠٠٨دا دەزگای هەواڵگری بەریتانیا دیراسەتێکی ئامادەکرد کە تێیدا هاتبوو زۆربەی ئەوانەی لە تیرۆریزمەوە تێوەگلاون لە ڕووی عەمەلییەوە پەیڕەوی لە بیروباوەڕەکەی خۆیان ناکەن. هەروەها بەڵگەیەکی کەم هەیە کە جیهادییەکان بە چەشنێکی جیاوازتر لە گروپەکانی دیکە ئایدیاکانی خۆیان وەربگرن، هەروەك جاتمی بارتلێت، سەرۆکی پرۆگرامی توندوتیژی و توندڕەوی لە دەزگای توێژینەوەی دیمۆسی بەریتانی دەڵێت: ئەم جۆرە تیرۆریزمە هەڵگری خەسڵەتی هاوبەشە لەگەڵ گروپەکانی دیکە کە بەرهەڵستی کەلتوور دەکەن و کاری تێکدەرانە ئەنجام دەدەن، کە بە زۆری لە کەسانی گەنجی تووڕە پێکهاتوون.

هەروەها هیچ بەڵگەیەك لە ئارادا نییە کە ڕێگایەکی ڕاست هەبێت کە خەڵکی لە ئایدیای ڕادیکاڵەوە بەرەو جیهادی توندوتیژ ببات، لەبەر ئەوەی بە پێی ڕاپۆرتێکی حکومەتی بەریتانیا لە ساڵی ٢٠١٠دا ئەم لێکدانەوەیە بە بە هەڵە خوێندنەوەی پرۆسەی بە ڕادیکاڵیبوون لە قەڵەم دەدات و پێیوایە قورساییەکی زیاد لە پێویست بە فاکتەرە ئایدیۆلۆژییەکان دەدات. سەبارەت بە گریمانەی چوارەمیش، ئەوا بەڵگەی زۆر هەیە کە ئەوانەی پێوەندییان کردووە بە گروپە جیهادییەکانەوە کەسانێك نین ئاوێتەی کۆمەڵگەکە نەبووبێتن. توێژەرانی کۆلێژی کوین ماری لە لەندەن لە ڕوومالکردنێکیاندا بۆ جیهادییە بەریتانییەکان بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە پشتیوانی بۆ جیهادیزم ناپێوەندیدارە بە نایەکسانی کۆمەڵایەتی، یاخود ئاستێکی خراپی پەروەردەوە، بەڵکو ئەوانەی کەمەندکێش دەبن بەرەو گروپە جیهادییەکان، کەسانی تەمەن ١٨ بۆ ٢٠ ساڵن و سەر بە خێزانی دەوڵەمەندن کە لە ماڵەوە بە ئینگلیزی قسەدەکەن و لە ئاستێکی باڵادا دەخوێنن، یان بەلای کەمەوە لە زانکۆن.

هەموو ئەمانە ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو کە زۆرجار بڕیاری چوونی ئەو کەسانە بۆ نێو گروپە جیهادییەکان بڕیارێکی چاوەڕواننەکراو و پێشبینینەکراوە و بگرە بڕیارێکی کتوپڕیشە. هەرچۆنێك بێت ئێستا ئەمە بۆتە دیاردەیەکی بەربڵاو و ژمارەیەکی زۆری شەڕکەری بیانی چوونەتە نێو ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە سووریا و عێراق، بە چەشنێك لە مانگی ئابی

**شەڕی تیرۆریستان لە دژی سەرجەم مرۆڤایەتی و تێکڕای شارستانیەتەکانە و بگرە ئەوەی گوزری کاریگەر و قورسی بەرکەوتووە، وڵاتان و کۆمەڵگەی موسڵمانەکان خۆیانن، بەڵام تیرۆیستان دەیانەوێت بەرگێکی دیکە بە بەر ئەم شەڕەدا بکەن**

**داعش بۆ نمایشکردنی کارە دڕندەکانی خاوەنی ئامرازێکی پڕوپاگەندەی بەهێزە و لەم ڕووەوە ئەوپەڕی سوودی لە تەکنەلۆژیای نوێ و سۆشیال میدیا وەرگرتووە، هەروەها ناوەڕۆکی ئەو پڕوپاگەندە و پەیامانەی بڵاوی دەکاتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەوان بە تەیا هەڵگری پەیامی ڕاست و دروستن، ئەوانەشی وەک ئەوان دنیا نابینن و بیرناکەنەوە، شایستەی ژیان نین و پێویستە سەرجەم حوکمڕانییەکانی دیکە بڕووخێندرێن و لەناوببردرێن. ئەمەش دۆخی شەڕی هەمیشەیی دروست دەکات**

**ڕەنگدانەوەی شکستی پرۆسەی ئاوێتەکردنی کۆچبەران لە کۆمەڵگەکانی ئەوروپادا بریتییە لەوەی بەشێک لە گەنجە موسڵمانەکانی ئەو وڵاتانە کە نەوەی کۆچبەرانن، ئامادەن و ئیرادەی ئەوەیان تێدایە کە کاری تیرۆریستی و خوێنڕێژی لە وڵاتەکانی خۆیان و دژ بە هاووڵاتیان و کۆمەڵگەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، هەروەها سەفەر بۆ نێو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دڕندەی وەک داعش بکەن**

**چەندین سیاسەتمەداری وەک سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و تەنانەت ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئەنجێلا مێرکل بە ئاشکرا سەرزەنشتی فرەکەلتووری دەکەن و وەک مەترسییەک وێنای دەکەن. ئەمەش ئاوی کردووە بە ئاشی پارتە ڕاستڕەوەکان و سیاسەتمەدارە پۆپۆلیستەکانی ئەوروپادا، وەک پارتی ئازادی لە هۆڵەندا و پارتی بەرەی نیشتمانی لە فەڕەنسا کە لەسەر سیاسەتی دژی کۆچبەران بەردەوام بن**

ساڵی ٢٠١٥دا نەتەوە یەکگرتووەکان مەزەندەی ئەوەی کرد ٢٢،٠٠٠ شەڕکەری بیانی لە ١٠٠ وڵاتی جیاوازەوە بۆ جیهادکردن چووبێتنە نێو عێراق و سوریاوە، کە نزیکەی ٤،٠٠٠ کەسیان لە ئەوروپای ڕۆژئاواوە چوون. هەر ئەمەش وا دەخوازێت کە خوێندنەوەیەکی وردتری بۆ بکرێت و ڕووچوونێکی قووڵتر بکرێت بە هۆکارەکانیدا. کینان مالیك پێیوایە خاڵی دەستپێکی ڕاستەقینە بۆ دروستبوونی جیهادییە ناوخۆییەکان بریتی نییە لە پرۆسەی بە ڕادیکاڵیبوون، بەڵکو جۆرێکە لە دابڕانی کۆمەڵایەتی، جۆرە هەستکردنێکە بە دوورکەوتنەوە و بێزاری لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا، واتە لەبەر ئەوەی بەها و ئایدیا و نەریتە باوەکان ڕەت دەکەنەوە، ئەوا هەندێ لە موسڵمانەکان بە دوای دنیابینییەکی بەدیلدا دەگەڕێن بۆ جیهان. هەر ئەمەش وای کردووە کە جێی سەرسوڕمان نەبێت کە ئەوانەی دەیانەوێت ببنە جیهادی، یان بەم دواییە بوونەتە موسڵمان، یاخود موسڵمان بوون و بەم دواییە گەڕاونەتەوە بۆ بیروباوەڕەکەیان.

## ● هێزی پێشمەرگە لە سەنگەری پێشەوەن لە پێناوی پاراستنی شارستانییەتدا

ئەوەی ناتوانرێت نادیدە بگیردرێت، ئەوەیە کە داعش بۆ نمایشکردنی کارە دڕندەکانی خاوەنی ئامرازێکی پڕوپاگەندەی بەهێزە و لەم ڕووەوە ئەوپەڕی سوودی لە تەکنەلۆژیای نوێ و سۆشیال میدیا وەرگرتووە، هەروەها ناوەڕۆکی ئەو پڕوپاگەندە و پەیامانەی بڵاوی دەکاتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەوان بە تەنیا هەڵگری پەیامی ڕاست و دروستن، ئەوانەشی وەك ئەوان دونیا نابینن و بیرناکەنەوە، شایستەی ژیان نین و پێویستە سەرجەم حوکمڕانییەکانی دیکە بڕووخێندرێن و لەناوببردرێن. ئەمەش دۆخی شەڕی هەمیشەیی دروست دەکات، تاوەکو بە لێکدانەوەی خۆیان بە یەکلابوونەوە و سەرکەوتنی خۆیان تەواو دەبێت. هەروەها داعشییەکان باوەڕیان وایە کە ئەو پەیام و بەرنامەیەی ئەوان قابیلی ئەوەیە لە سەرجەم جیهاندا پیادە بکرێت، لە ڕاستیدا پێیانوایە کە ئەرکیشیانە ئەم کارە ئەنجام بدەن. هەر بەو پێیە هەوڵ و کۆششەکانی ئەوان سنوورەکان ناناسێت و ئەوان ئەو قەناعەتەیان هەیە کە پێویستە سەرجەم جیهان بخرێتە ژێر حوکمڕانی ئەوانەوە، هەر ئەمەش وای کردووە زۆرجار لە پڕۆپاگەندەکانیاندا باس لە هەڵکردنی ئاڵاکەیان لەسەر کۆشکی سپی، یان لە ڕۆما بکەن. هەروەك بەم دواییە داعش بڕیاری دا کە ڕەهەندێکی جیهانی بە هێرشەکانی بدات و شارێکی وەك پاریسی خەڵتانی خوێن کرد، ڕەنگە مەبەستی ئەم هێرشانەش تەنیا ناردنی پەیامێك و خستنەڕووی واقیعێك نەبێت، بەڵکو ڕەنگە ئامانجی ئەوەش بێت، کاردانەوەیەکی توند لەلایەن ڕۆژئاواوە دروست بێت کە سنووری بەرەنگاربونەوەی تیرۆر تێپەڕێنێت، بە ڕادەیەك بیروباوەڕی توندڕەوە و تیرۆریستەکان یەکسان بکاتەوە بە بیروباوەڕی موسڵمانە ئاساییەکان، ئەمەش مایەی مەترسییە و بگرە دەبێتە ئەوپەڕی سەرکەوتن بۆ ئەوان کاتێك بتوانن ئاگری شەڕێکی جیهانی لە نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکاندا هەڵگیرسێنن، چونکە هەموو هەوڵی ئەوان بۆ ئەوەیە کە بیسەلمێنن ئەمە شەڕێکە لە نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکاندا و شەڕێکی حەتمییە و دەبێت بکرێت و پێویستە یەکلابکرێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە شەڕی تیرۆریستان لە دژی سەرجەم مرۆڤایەتی و تێکڕای شارستانیەتەکانە و بگرە ئەوەی گورزی کاریگەر و قورسی بەرکەوتووە، وڵاتان و کۆمەڵگەی موسڵمانەکان خۆیانن، بەڵام تیرۆیستان دەیانەوێت بەرگێکی دیکە بە بەر ئەم شەڕەدا بکەن. هەر بۆیە ئەنتۆنی کوردسمان لە توێژینەوەیەکدا بە ناوونیشانی «پێکدادان لە پێناو شارستانیەتدا»، گوزارشت لەم مەترسییە دەکات و هۆشداری لە بارەوە دەدات و پێیوایە زۆربەی چالاکییەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم چالاکی بە کەڵك و پێویستن، بەڵام هەندێ جار سەریانکێشاوە بۆ تەرکیزکردن لەسەر توندڕەوی ئیسلامی کە هەڕەشەی ئەوە دەکات پێکدادانی ڕاستەقینە لە نێوان شارستانیەتەکاندا دروست بکات، بەڵام ئەگەر پشتیوانیکردن لە بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم و توندڕەوی جیهادی و توندوتیژدا یەکسان بکاتەوە بە ئیسلام و بە بیروباوەڕی زۆربەی زۆری موسڵمانەکان، ئەوا جۆرێك لە بیروباوەڕی دەمارگیرانە دەخولقێنێت کە ڕۆژئاوا و جیهانی ئیسلامی لێکجیادەکاتەوە و لێکیدادەبڕێت. واتە ئەگەر هەوڵی بەدەستهێنانی ئاسایش بۆ سنوورێکی دوورتر بڕوات، ئەوا دەکرێت لە ڕێکارێکی پێویستەوە بگۆڕێت بۆ جۆرێك لە چالاکیی دژە تیرۆر کە بە شێوەیەکی بەربڵاو وەك ڕێکارێکی دژ بە ئیسلام لێی بڕواندرێت، بەو پێیە پتر جیهانی ئیسلامی و نائیسلامی لێکدووربخاتەوە. ئەمەش لێکدانەوەیەکی دروستە، چونکە ئێستا توندڕەویی ئیسلامی کە مەترسیدارترین بەرجەستەبوونی لە داعشدا ڕەنگی

داوەتەوە، هەڕەشەیە بۆ سەرجەم جیهان و ئەمەش ئەوە دەخوازێت هاوپەیمانێتییەکی جیهانی پێکبهێندرێت بۆ بەرپێگرتن و بەرەنگاربونەوە و تێکشکاندنی بە چەشنی ئەوەی لە دژی هەڕەشە و مەترسیی هیتلەر دروست بوو، کە دواتریش توانرا ئەو هەڕەشەیە لە ناوببردرێ و کۆتایی پێبهێندرێت. بەڵام لە حاڵەتی هەڕەشە و مەترسیی داعشدا پێویستە جیهانی ئیسلامی لایەنێکی کارای ئەو هاوپەیمانێتییە بێت، نەك بکەوێتە داوی تەڵەکەی داعشەوە و بچێتە دۆخی پێکدانانەوە لەگەڵ رۆژئاوادا. هەر بۆیە ئەنتۆنی کوردسمان لە توێژینەوەکەیدا باس لە گرنگی و پێویستی هێنانەئارا و درێژەپێدانی شەراکەتێکی ستراتیژی دەکات لە پێناوی شارستانیەتدا، نەك کەوتنە نێو گەمەکەی داعشەوە کە پێکدادانی شارستانیەتە، ئەو پێیوایە پێویستە کەسانی نێو جیهانی ئیسلامی و دەرەوەی جیهانی ئیسلامی لەو ڕاستییە تێبگەن کە خەباتکردن لە دژی توندڕەویی ئیسلامیی توندوتیژ بریتی نییە لە پێکدادانی نێوان موسڵمانان و ڕۆژئاوا، یاخود پێکدادانی شارستانیەتەکان، بەڵکو ئەمە هەڕەشەیەکی هاوبەشە کە تەرکیز لە سەر جیهانی ئیسلامی دەکاتەوە، هەڕەشەیەکە تەنیا ئەو کاتە دەتوانرێت ئیحتیوا بکرێت و لە ناوببردرێت، کە شەراکەتێکی ئەمنی لە نێوان رۆژئاوا و وڵاتە ئیسلامییەکان و وڵاتانی دیکەدا بێتەئاراوە. لە بنەڕەتدا ئەمە پێکدادانە لە پێناو شارستانیەتدا، نەك پێکدادان لە نێوان نەتەوە، یان بیروباوەڕەکاندا. هەر بۆیە، هێرشی بەربڵاو بۆ سەر ئیسلام، نکۆڵیکردنی موسڵمانەکان لە سروشتی ئەم هەڕەشەیە- هەروەها ئەو ڕێکارانەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم کە ئەوەندە توندن، کەڵکیان نامێنێت - هەموویان دەبنە مایەی لاوازکردنی ئەو شەراکەتە ئەمنییەی نێوان دەوڵەتە موسڵمان و ناموسڵمانەکان کە تەنیا ڕێگای کارایە بۆ شەڕکردن لە دژی توندڕەویی ئیسلامیی توندوتیژ. لە ڕاستیدا دەکرێت ئەمە ستراتیژیەت و شێوازێکی بەرهەمدار بێت. دەکرێت ڕۆڵی زۆر گرنگ و گەورە ببینن. بۆ نموونە دەکرێت ئاماژە بە رۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەین لە شەڕی تیرۆریستانی داعشدا، کە هەموو ئەوانەی بەدواداچوون و شیکارییان بۆ شەڕی دژی داعش کردووە، کوردستان بە سپارتای بچووك، یاخود بە سەری ڕم لە شەڕەکەدا و هەروەها بە کاراترین هێزی شەڕکەر لە قەڵەم دەدەن، کە بە ڕاستیش کورد شەرەف و شانازی ئەوەی پێدەبڕێت کە بەشداربووە لە تێکشکاندنی ئەفسانەی داعش و توانیویەتی یەکێك لە پایە بنەڕەتییەکانی پڕوپاگەندەی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە پووچەڵ و بەتاڵ بکاتەوە، کە هەمیشە ئەم ڕێکخراوە بانگەشەی ئەوەی کردووە کە لە پێشڕەوی و باڵادەستیدایە و دوژمنەکان لە بەردەمیدا دادەڕووخێن و هەرەس دەهێنن و بەچۆکدا دێن، بەڵام بۆ یەکەمجار شەپۆلی ئەم بانگەشەیە لە سەر تاشەبەردی بەرگری و خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگە تێکشکا، لەو شەڕانەشدا بینیمان هێزی پێشمەرگە لە چوارچێوەی هاوکارییەکی سنوورداردا چۆن توانی ئەو سەرکەوتنە گەورانە بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەگەر شەراکەتێکی ئەمنی لە ئاستی دەوڵەت لەگەڵ کوردستان هەبوایە، ئەوا هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەیتوانی داعش بە تەواوەتی تێکبشکێنێت. هەر بۆیەشە جیهان لەو روانگەیەوە سەیری قارەمانیەتی و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە دەکات، بەوەی جگە لەوەی هاوکاری جیهان بۆ پێشمەرگە کارێکی ئەخلاقییە، لە هەمانکاتدا بەرگری پێشمەرگە خزمەتکردنە بە مرۆڤایەتی و لە بەرژەوەندی خودی ئەو وڵاتانەشە کە بەڕاستی دەیانەوێت بەرپەرچی ئەم هەڕەشە و مەترسییە بدەنەوە. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە ئەزموونێکی سەرکەوتوو بکەین لەم ڕووەوە کە توێژەرێکی وەك خورەم ئیقبال لە پاکستان، لە دیدارێکی لەگەڵ گوڵاندا ئاماژەی پێدەکات، کە چۆن پاکستان بە پشتیوانی دارایی و تەکنەلۆژی و دەستەبەرکردنی مەشق و ڕاهێنان لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە توانیویەتی کۆششەکانی چڕبکاتەوە و بە ڕادەیەکی بەرچاو و لە ماوەیەکی دیاریکراودا کار و کردەوە تیرۆریستییەکان بۆ ئاستێك دابەزێنێت کە بتوانرێت ئیدارە بدرێت و جڵەو بکرێت. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت کار لەسەر کاراکردن و توندوتۆڵکردن و درێژەپێدانی شەراکەتێکی ئەمنی لەم چەشنە بکرێت و رۆڵی پێشمەرگەش بەرز بنرخێندرێت و وەك پێویست هاوکاری بکرێت و شوێنی شایستەی خۆی پێبدرێت لەو شەراکەتەدا، بەتایبەتی کە کورد و پێشمەرگە سەلماندوویانە هاوپەیمان و شەریکێکی باوەڕپێکراو و متمانەپێکراون و قارەمانانە بەرپەرچی ئەو دوژمنانەی مرۆڤایەتی بوونەتەوە و توانا و ئیرادەی ئەوەشیان هەیە ببنە ئەندامێکی کارا لەو شەراکەتە ستراتیژیەتەدا کە بۆ پێکدادان لە پێناوی شارستانیەتدا پێکدەهێنرێت.

**نەوەیەکی نوێی کوچبەران لە نێو موسڵمانەکاندا نەک هەر هەڵگری بەها و نەریتەکانی ئەو کۆمەڵگەیانە نین، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک ڕەتی دەکەنەوە و ئامادەن بەگژیاندا بچنەوە، ئەمەش وایکردووە سەرەئەنجام بە دانپێدانانی بڕیاربەدەست و دەسەڵاتدارانی وڵاتەکە دەرەنجامی پێچەوانە و مەترسیداری لێکەوتۆتەوە، ئەمەش پێویستی پێداچوونەوە و بگرە کۆتاییهێنان بەو سیاسەتەش دەهێنێتەئاراوە**

**فرەکەلتووری پەیوەستە بە لێبووردەیی و ڕێزگرتن و پاراستنی جیاوازییە کەلتوورییەکان، ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەم چەمکە هێندەی جەخت لەسەر پارێزگاریکردن و برەودان بەو جیاوازییانە دەکاتەوە، هێندەی قورسایی ناخاتەسەر بەها هاوبەشەکان**

# کێشەی حەشدی شەعبی



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

دوابەدوای کەوتنی موسڵ بەدەست تیرۆریستانی داعشەوە، ئەم ڕێکخراوە هەڕەشەکانی بۆ سەر بەغداو شاری کەربەلاو نەجەف چڕترکردەوە، حکومەتی عێراقیش دەستەوەستان بوو لە بەرگری کردن لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی داعش، بۆیە سیستانی فتوای دا بە نەفیری گشتی بۆ بەرگریکردن لە شوێنە پیرۆزەکان، چونکە شاری کەربەلا و نەجەف لە عەقڵییەتی شیعەدا وەك کەعبە وایە لە عەقلییەتی سوننە، هەر فتوایەکیش لە مەرجەعێکی باڵایانەوە بدرێت لە ڕێکخستنی فیکریی شیعەدا بە کارێکی پیرۆز دادەنرێت و پێویستە جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوە دەبینین ژمارەیەکی زۆری ڕۆڵەکانی تایفەی شیعە بۆ بەرگریکردن لە شوێنە پیرۆزەکان خۆبەخشی چەکداریی بوون، کە دواتر لەبەر زۆریی ژمارەیان کران بە حەشدی شەعبی، لە ڕاستیدا سیستانی نەیدەویست حەشدی شەعبی ببێتە دامەزراوەیەکی فەرمیی سەربازی، بەڵکو فتواکەی بۆ ئەوە بوو کە لە ریزی دامەزراوەی سەربازی خۆیان ناونووس بکەن، بەڵام هەندێ لە سەرکردەکان ئەو فتوایەیان بۆ بەرژەوەندیی حزبی و تاکەکەسی قۆستەوە، بۆیە حەشدیان کردە دامەزراوەیەکی فەرمی، هەر سەرکردەیەك ژمارەیەکی خەیاڵی دایە حکومەت بۆ وەدەستهێنانی پاڵپشتیی دارایی و سەربازی، لە هەمان کاتدا هەڕەشەشیان لە یەکدی دەکرد، لەبەر ئەوە چەکداری بندیوار پەیدا بوو، حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیران لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند کە ئەو توانی لە میانی چاوخشاندنەوەیەکی سادە بە دۆسییەکە ناوی ٥٠ هەزار بندیوار بسڕێتەوە، ئەم ژمارە خەیاڵیانە بارگرانییەکی زۆری دارایی بۆ حکومەت هێنایە ئاراوە، چونکە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ژمارەی ڕاستەقینەی حەشدی شەعبی بە تەواوی نازانرێت.

بێ گومان حەشدی شەعبی بە سەختی شەڕدەکات و قوربانیی زۆریشی داوە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە حەشدێکی تایفییەو بە فتوایەکی شیعە دامەزراوە، ئەو بۆ بەرگریکردن لە عێراق دانەمەزراوە بەڵکو بۆ بەرگریکردن لە بوونی شیعە لە عێراق دامەزراوە، ئەگەر وا بووایە سوننە بەدەست ئەو هێزەوە نەیاندەناڵاند، چونکە چەندین تاوانیان دەرحەق سوننە لە فەلوجە ئەنجام دا، بەڵگەشمان بۆ ئەوە کە حەشدی شەعبی بە تەواویی شیعەن، ئەو دروشم و ناوو ئاڵا تایفییانەیە کە بەرزیان کردۆتەوە، تەنانەت ئاڵای تایفییان لە ئاڵای عێراقی زیاترە، کە هەموو ناوچەکانی بەغداو شارەکانی باشووری گرتۆتەوە و لەسەر فەرمانگاکانی حکومەتیش دەشەکێتەوە.

لە ڕاستیدا بەردەوام بوونی حەشدی شەعبی لەسەر ئەو ڕێچکە تایفییەیان ململانێی نێوان شیعەو سوننە زیاتر دەوروژێنێت، کە ئەمەش فاکتەرێکی گرنگی بەهێزکردنی داعشە، ڕەنگە سوننە پاڵبدات کە بێنە ریز داعشەوە، دواتر شەڕێکی کراوە لەگەڵ حەشدی شەعبی بەرپابکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕزگارکردنی شاری موسڵ لە چنگ داعش زیاتر زەحمەت بێت، ئەوەی ململانێیەکە زیاتر توند دەکات بوونی قاسم سولەیمانیی سەرکردەی فەیلەقی قودسە لە بەرەکانی شەڕی فەلوجەدا، هەرچەندە ئیبراهیم جەعفەری وەزیری دەرەوەی عێراق دووپاتی کردۆتەوە کە ئەو ڕاوێژکاری سەربازییە، بەڵام ئەم پاساوە عەقڵییەتی جەمعی سوننە قایل ناکات، سوننە لە ڕەهەندێکی مێژوویی و مەزهەبییەوە سەیری دەکەن، هەر ئەمەشە بووە هۆی زیاتر تووڕەبوونی دەوڵەتانی کەنداو، بەتایبەتیش عەرەبستانی سعودیە، کاتێ عادل

جوبەیری وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە رایگەیاند کە بوونی قاسم سولەیمانی، کە لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە لە لیستی تیرۆر داواکراوە، شتێکی زۆر رەتکراوەو نێگەتیڤە، لە هەمان کاتیشدا دەبینین هەندێ میلیشیای شیعە لە جیاتی ئاڵای عێراق ئاڵای ئێران و وێنەی خومەینی و خامنەیی لە جیاتی وێنەی سەرکردەکانیان بەرزدەکەنەوە، بۆیە پێموایە کە ئەو پرۆسەیە ئاڵۆزتر دەبێت، ململانێکەش توندتر، تەنیا چارەسەر ئەوەیە پشت بە دامەرزاوە شەرعییەکانی دەوڵەت ببەسترێت، چونکە هەر پێکهاتە یان هێز یان گرووپێکی سەربازی لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت بە هێزێکی نایاسایی و نا دەستووری لەقەڵەم دەدرێت، بۆیە گەل ناتوانێت پشتی پێ ببەستێت، لەبەر ئەوە دەبینین رەوشەکە لە بەغداو شارەکانی دیکەی باشوور بێسەرووبەری و پاشاگەردانییە، تەنانەت لە هەندێ گەڕەکی شاری بەغدا هیچ دامەزراوەیەکی حکومی بوونی نییە بەڵکو بەنوێژی نیوەڕۆ میلیشیاکان حوکمی تێدا دەکەن.

ئەوەی مایەی پێکەنینە و لە هەمان کات داخە ئەوەیە کە حکومەت داوای کشانەوەی هێزەکانی تورکیا دەکات و ناهێڵێت بەشداری لە رزگارکردنی موسڵدا بکەن، بەم دواییە مالیکی لێدوانی دابوو کە بە هیچ شێوەیەك رێگە بە بوونی تورکیا نادات بەتایبەتیش لە رزگارکردنی ئەو شارە، پرسیارەکە ئەوەیە جیاوازیی نێوان تورکیا وئێران چییە ئەگەر مەسەلەکە دەستێوەردانی دەرەکی و سەروەریی عێراق بێت؟ بۆچی رێگە دەدرێت کە ئێران بە تەواوی و لە ئەلفییەوە تاکو یای دەست لە کاروباری عێراق وەربدات، کەچی رێگە بە تورکیا نەدرێت یارمەتی عێراق بدات دژی داعش؟ هەرچەندە من دژی هەموو دەستێوەردانێکم ئەگەر بە هەماهەنگی نەبێت لەگەڵ حکومەتی عێراق.

سوننە مافی خۆیانە گلەیی بکەن لەسەر بەشداریکردنی حەشدی شەعبی لە رزگارکردنی ناوچەکانیان، چونکە دیالەو ئەنبار هەردووکیان بە جارێ کاول و وێران بوون بە هۆی بەشداریکردنی حەشدی شەعبییەوە، ئەوەتا ئێمە کارەساتێکی دیکە لە فەلوجە بەچاوی خۆمان دەبینین، دیارە بەدیدی حەشدی شەعبی شاری فەلوجە سەرچاوەی تیرۆرە، مالیکیش بە سەری مارەکە وەسفی کردووە، هەروەها قەیس خەزعەلی سەرۆکی عەسائبی ئەهلی حەق بە گرێیەکی شێرپەنجە ناوی بردووەو کە دەبێ لە رەگەوە هەڵبکێشرێت، تەنانەت هەندێ پەرلەمانتاری شیعە داویان کردووە کە بە تەواوی لە نەخشەی عێراق بسڕدرێتەوە، هەندێ سەرکردەی حەشدی شەعبیش بە شاری داوێنپیسیی ناویان بردووە، چونکە ئەو شارە سەرچاوەی جیهادی نیکاحە لای داعش، لێرەدا دەپرسین، باشە هەڵوێستی حەشدی شەعبی چۆن دەبێت ئەگەر سبەی چووە ناو فەلوجەوە؟ بە دڵنیاییەوە قەسابخانەیەکی راستەقینە دەرحەق بە سوننە روودەدات، چونکە ئێمە لەسەر رێگای چوونی حەشد بۆ ئەو شارە ئەو کارەساتەمان بینی، کەواتە سوپای عێراق هیچ رۆڵێکی راستەقینەی نییەو بەرامبەر حەشدی شەعبی بێ بەهاو دەسەڵاتە، دکتۆر خالد عوبەیدی وەزیری بەرگریی عێراق کە سەر بە تایفەی سوننەیە هیچ توانایەکی نییە. تاکە خەم و ئاواتی ئەو تەنیا مانەوەیە لە پۆستەکەیدا، زۆربەی سوننەش کە لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدارن تەنیا بیر لە پۆستەکانیان دەکەنەوە، بگرە هەر لە دکتۆر سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق تا دەگاتە دکتۆر عەبدوللەتیف ئەلهومەییم، تەنانەت هەندێ سوونەنەش لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان وەلائیان بۆ ئێرانیش هەیە کە بە سوننەی مالیکی ناسراون، لەوانەش وەفیق سامەرایی کە ئایین و دنیاو رەوشت و نیشتمانەکەی لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندیی تەسکی خۆیدا فرۆشتووە، هەندێکی دیکەش کە لە عێراقدا زۆر کەمن، بەڵام ئەوانە لە خەمی تایفەی سوننەدان، ئازایانەو بوێرانە دژی هەر کەسێك دەوەستنەوە کە دەیەوێت دوژمنایەتیی سوننەی عێراق بکەن، زۆربەی ئەوانەش لە ترسی حکومەت لە دەرەوەی عێراق دەژین، بۆیە سوننە لە عێراق بەتایبەتیش لە فەلوجە لە کارەساتێکی راستەقینەدا دەژین، بەگوێرەی خەمڵاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەسترۆن ئیستیفنسۆن Struan Stevenson سەرۆکی کۆمەڵەی ئەوروپی بۆ ئازادیی عێراق EIFA بیست هەزار منداڵ لە فەلوجە گەمارۆدراون و داعش وەك قەڵغانەمرۆڤ بەکاریان دێنێت، ترسەکە زیاتر لەوەدایە ئەگەر حەشدی شەعبی بچێتە نێو ئەو شارە ئەو کاتە زیاتر ئازار دەدرێن یان دەکوژرێن، بۆیە ئەوان لەنێوان دوو ئاگردان، ئاگری داعش و ئاگری حەشدی شەعبی، هێزەکانی حەشدی شەعبی کە بەنیازن فەلوجە رزگاربکەن لە ١٧ رێکخراو پێکدێن، دیارترینیان رێکخراوی بەدرە کە ٦ هەزار چەکدارە، عەسائبی ئەهلی حەقیش ٤ هەزار چەکدارەو ژمارەی هێزەکانی ئیمام عەلیش دەگاتە ٣ هەزار چەکدار.

با جەخت لەسەر شاری موسڵ بکەمەوە کە دوا پێگەی داعشە لە عێراق، بێگومان هەرچەندە جەختیشی لێدەکەنەوە، بەڵام حەشدی شەعبی ناتوانێت

**هەندێ لە سەرکردەکان فتواکەی سیستانی-یان بۆ بەرژەوەندیی حزبی و تاکەکەسی قۆستەوە، بۆیە حەشدیان کردە دامەزراوەیەکی فەرمی، هەر سەرکردەیەک ژمارەیەکی خەیاڵی دایە حکومەت بۆ وەدەستهێنانی پاڵپشتیی دارایی و سەربازی، لە هەمان کاتدا هەڕەشەشیان لە یەکدی دەکرد، لەبەر ئەوە چەکداری بندیوار پەیدا بوو**

**بەردەوامبوونی حەشدی شەعبی لەسەر رێچکەی تایفەییان ململانێی نێوان شیعە و سوننە زیاتر دەورووژێنێت، ئەمەش فاکتەرێکی گرنگی بەهێزکردنی داعشە، رەنگە سوننە پاڵبدات کە بێنە ریزی داعشەوە، دواتر شەڕێکی کراوە لەگەڵ حەشدی شەعبی بەرپا بکەن**

**سەبارەت بە کورد و کوردستان، هەڵوێستیان روون و ئاشکرا بوو لە میانی لێدوانەکانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە گوتبووی حەشد شەعبی جێگایان نییە لە کوردستان، چونکە بەپێی دەستووری عێراقی پێشمەرگە پاسەوانی کوردستانە، حەشدی شەعبی ناتوانێت بێتە ناوچەکانی کوردستانەوە**

**کێشەکە لەوەدایە کە حەشدێکی تایفییەو بە فتوایەکی شیعە دامەزراوە، ئەو بۆ بەرگریکردن لە عێراق دانەمەزراوە بەڵکو بۆ بەرگریکردن لە بوونی شیعە لە عێراق دامەزراوە، ئەگەر وا بووایە سوننە بەدەست ئەو هێزەوە نەیاندەناڵاند**

**چەندین مەلای توندڕەو فەتوای کوشتنی کوردیان دا لە خورماتو، چەند لەو مەلا توندڕەوانە هەڕەشەی کوشتنیان لە کورد کرد گوایە مەهدیی مونتەزیر لە سامەرا دێتەدەر و دژی کورد دەجەنگێت، ئایا ئەم گوتارە تیرۆری راستەقینە نییە؟**

بەشداری بکات لە شەڕی رزگارکردنی موسڵ، ئەوان ئاواتەخوازن بەشداری بکەن، نەك لە پێناو رزگار کردنی ئەو شارە، بەڵکو لە پێناو تۆڵە سەندنەوە و بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای ئاینیی تایبەت بە خۆیان، خەڵکی موسڵ بە هیچ شێوەیەك هاتنی حەشدی شەعبی قبوڵ ناکەن، چونکە بە چاوی خۆیان بینییان ئەوەی لە دیالە و ئەنبار و تکریت و دەوروبەری فەلوجە روویدا، تەنانەت هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیش ئەمە قبوڵ ناکات، پێویستە پێشمەرگەش بەشداری لە رزگار کردنەوەی موسڵ نەکات ئەگەر حەشدی شەعبی بەشداری کرد، بۆ ئەوەی کەس بە هەڵە لەمە نەگات، من دژایەتیی حەشدی شەعبی ناکەم، بەڵکو دژایەتی رەفتارە تائیفییەکان دەکەم، کێشەی حەشدی شەعبی ئەوەیە کە حەشدێکی تەواو تائیفییە و لەسەر رەهەندی مێژوویی و ئایدۆلۆژی دامەزراوە، فەلسەفەکەی بریتییە لە رق بەرامبەر بە ئەوی دی و سڕینەوەی، هەرچەند رێژەی رق بەرز ببێتەوە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و دەگاتە بەرزترین پلەی مەترسی، کاتێك سروودخوێن (منشد)ی ئایینی لە حوسەینییەکان سروود بە خەم و گریان بڵێتەوە و لاپەڕە پڕ ئازارەکانی مێژوو هەڵبکولێت و رووداوەکانی رابردوو زیندوو بکاتەوە، بەمەش ئەم دانیشتنانە دەبنە هۆی بارگاوی کردن و هاندان و توڕەبوون و تەقینەوە، ئەوەی لەم دانیشتنە ئایینییە ئامادەیە وا دەزانێت ئەو کەسەی حوسێنی کوشت و لە پەراسووی فاتیمەی دا هەر ئەو سوننەیەیە کە لە پارێزگاکانی رۆژئاوادا نیشتەجێیە، هەرچەندە هیچ کەسێك بەرپرس نییە لە تاوانی کەسێکی دیکە ئەمەش بنەمایەکی سەرەکییە، من ستایشی رێنماییەکی سیستانی و موقتەدا سەدر دەکەم کاتێك رێنمایی حەشدی شەعبییان کرد کە برا سوننەکانیان بپارێزن و زۆر لە ئەندامەکانی حەشدی شەعبیش پابەندی ئەم رێنماییانە بوون، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە هەندێك لەوانەی تاوانی قێزەوەنیان ئەنجامدا ناوبانگی ئەم حەشدەیان زڕاند کە قوربانییەکی زۆری داوە.

سەبارەت بە کورد و کوردستان، هەڵوێستیان روون و ئاشکرا بوو لە میانی لێدوانەکانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، حەشدی شەعبی جێگایان نییە لە کوردستان، چونکە بەپێی دەستووری عێراقی پێشمەرگە پاسەوانی کوردستانە، حەشدی شەعبی ناتوانێت بێتە ناوچەکانی کوردستانەوە، هەوڵیاندا و هەڕەشەشیان کرد، بەڵام گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە بوونیان لە کوردستان هەڵەیەکی گەورەیە و ململانێ لەگەڵ پێشمەرگە



خۆکوشتنی حەشدی شەعبییە، بۆیە نەهاتنە پێشەوە، حەز دەکەم قسەکانم دووبارە پشتراست بکەمەوە کە ئامانجی سەرەکی حەشدی شەعبی بریتییە لە ناردنی مەزهەبیەتی ئایینی بۆ کەسانی دیکە جا بە ترس بێت یان بە ئارەزوو. لە عێراقی نوێدا واتە دوای رووخانی سەدام حوسێن لە رابردوو و ئێستا و لە داهاتووشدا هیچ شتێك بەدی نایەت لە رووی ئایینییەوە ئەگەر بە هێز و تیرۆرو زۆرداری و توندوتیژی و توندڕەوی نەبێت، نە سوننە توانیی شیعە رازی بکات کە واز لە مەزهەبی خۆی بهێنێت و نە شیعە توانیی سوننە رازی بکات کە واز لە مەزهەبی خۆی بهێنێت، لە ئەنجامدا ململانێکە بووە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو بۆ تۆڵەسەندنەوە، بێ گومان گەلی عێراق هیچ سوودێکی لەم ململانێیە نەبینیوە، بەڵکو سیاسییەکانن کە بوونەتە هۆی تێکدانی توێژەکانی کۆمەڵگای عێراقی و ئەوانیش بەرپرسن لەو بارودۆخەی ئێستا عێراق تێیکەوتووە.

رێکخراوی تیرۆریستی داعش هانی سوننەی دا بۆ هەڵگرتنی رق بەرامبەر بە شیعە و بە رەوافز و زەنادیقە و سەفەوییەکان وەسفی کردن و کوشتنی حەڵاڵ کردن، هەروەها گوێچکەیانی پڕ کرد بەم فەتوا توندڕەوانە، بۆیە حوسەینییەکانیان کردە ئامانج بە بۆمب و کردەوە خۆکوژییەکان، لە بەرامبەردا هەندێك لە میلیشیای شیعەکان هانی شیعەیان دا بۆ کوشتنی سوننە و بە




رۆڵەکانی عومەر و عائیشە و عوسمان و ئەبوبەکر وەسفی کردن، لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرنگ بکەین ئەویش ئەوەیە کە هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی کە رێکخراوی داعش رێکخراوێکی تیرۆریستییە و بە هیچ شێوەیەکی نوێنەرایەتیی موسڵمانان ناکات و دوژمنێکی مەترسیدارە کە هەڕەشە لە هەموو جیهان دەکات، بەڵام کاتێك شێخێکی شیعە دەبینم هانی بڵاوبوونەوەی کەلتووری رق و کینە بەرامبەر بە ئەوی دی دەدات، هەروەها لە حوسەینیەکان ئەو سروودانە دەخوێنێت کە هانی کوشتنی کورد دەدەن کە ئەمەش دژی دەستووری عێراقە، دەبێ ئەم وتارە چۆن پۆلێن بکەم، چەندن ئەو مەلا توندڕەوانەی کە فەتوای کوشتنی کوردیان دا لە خورماتو، چەند لەو مەلا توندڕەوانە هەڕەشەی کوشتنیان لە کورد کرد گوایە مەهدیی مونتەزیر لە سامەرا دێتەدەرو دژی کورد دەجەنگێت، ئایا ئەم گوتارە تیرۆری راستەقینە نییە؟ چەند ئەو مەلایانە گاڵتەیان بە جلوبەرگی کورد کردووە؟ چەند ئەو مەلایانە قسەی نابەجێیان بەرامبەر بە سەرکردە کوردەکان وتووە، بەتایبەتی بەرامبەر بە سەرۆك بارزانی، ئایا ئەم گوتارە ناشارستانییە تیرۆر نییە؟ ئایا یەکێك لە سەرکردەکانی ئەم حەشدە تائیفییە دوای رزگار کردنی شنگال لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە لە دەست تیرۆریستانی داعش نەیگوت شاری شنگال ئێستا داگیرکراوە بەشێوەیەکی ئالۆزتر لە سەردەمی داگیرکردنی لەلایەن داعشەوە، بەو مانایەی کە پێی باشترە ئەگەر شنگال لە دەست داعش بێت نەك بەدەستی پێشمەرگە رزگار بکرێتەوە.

نیگەرانی ئەوەم کە پێوەندیی برایانەی نێوان ئێمە و شیعە کۆتایی بێت، ئەو برایەتییەی کە زانا گەورەکانی شیعەی عێراق دایانمەزراند لە ئالحەکیم و ئالسەدرەوە — کە بە مەرجەعییەی قسەکەر ناسرا بووە- و بارزانیی نەمر، ئەگەر ئەمانە زانای راستەقینە بن، ئەم جۆرە لێدوان و گوتارانە بەرامبەر بە کورد نادەن، ئەگەر عێراقی راستەقینەش بن ئەوا ئەم برایەتییەیان تێك نەدەدا؟ ئەم جۆرە لێدوانانەمان لە هەندێك سەرکردەی حەشدی شەعبی بیستووە کە بەم شێوازانە ئەوەی باپیرانمان بینایان کردووە لە پتەوکردنی خۆشەویستی و برایەتی، بە ڕای من ئەم لێدوانە تائیفیە پڕ لە قینانە لە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد و عەرەبدا نین لە عێراق، رەنگە ئەمانەش بەشێك بن لە کۆی ئەو هۆکارانەی کە پاڵیان بە گەلی کوردەوە نا بۆ ئەوەی رقی بەرامبەر بە حەشدی شەعبی هەبێت و رەتی بکاتەوە.

---

*** ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە سەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان**

# کورد ل هەمبەر چرکەساتێن مێژوویی دا



د. زبیدە سیدسالح*

تایبەت بۆ گولانی نووسیوە

ل مێژوویا هەر وەلات و کومەلگەهەکێدا، زەمەنەك هەیە کو د زانستێن سیاسی دا ب (چرکەساتا شورەشگێری) دهێتە ب ناڤکرن. ئەڤ زەمەن و چرکەساتە دابرینێ چێ دکەت، د ناڤبەرا دوو قوناغێن مێژوویی دا. واتا قوناغەکا سیاسی و جڤاکی تەمام دبیت و قوناغەکا نویی دەست پێ دکەتەڤە.

ڤەخاندنەك لسەر بارودوخێ نوها یێ روژهەلاتا ناڤین، لڤان دوو سالێن داوێی دا، وێ راستیێ دسەلمینیتن کو دەڤەر ب گشتی یا لهەمبەر گهورینێن جیوپولیتیکیێن گرنگ دا. ئەو کاراکتەرێن رول د هاوکیشا سیاسییا روژهەلاتا ناڤین دا هەی، یێن خو بو ڤان گورانکارییان ئامادە دکەن، تاکو بەرژوەندیێن خوە بپارێزن.د ڤێ بازنەی و د ئەرزێ واقع دا، کورد ژی یەك ژ وان کاراکتەرانە کو دشێن کاریگەریا خوە لسەر ڤێ هاوکێشێ هەبیتن.

لەوما ئەڤ قوناغ و بارودوخێن نهو کوردستان تێدا دەرباس دبیت، چرکەساتەك و دەلیڤەکا مێژوویی یە کو دخوازیتە شروڤەکرنەکا هویر و هەمی لایەنە و پێدڤی دکەت هەلومەرجین خودی و بابەتی ب یەکڤە بهێنە گرێدان. ئەگەر کورد د مێژوویا سەد سالێن چوویی دا، ب تنێ وەك سەردار و قارەمانەکێ شکەستی هاتبیتە وێنەکرن کو سنورێن نەخوازیار لسەر هاتینە سەپاندن و تراژیدیێن یەك لدویف یەك بوونە تەنیا بیرەوەریا هاوبەش (Collective memory) کو وی ب نەوەیێن دیتر و ب کوردێن دیتر لدەرڤەی سنورێ وێ گرێ بدەت، هەبوون و بەرهەنگاریا بەردەواما کو ژ لایێ کوردان وێ مێژوویا نەخوازیاردا هاتینە مانیفست کرن، د ڤێ چرکە ساتێدا، بەرپرسیاریەکا مێژوویی و ویژدانی دئێخیتە لسەر ملێن تاکێ کورد و سەرکردایەتیا سیاسی.

زور ژ بسپورێن زانستێن سیاسی و کەسانێن شارەزا ل پەیوەندیێن نێڤدەولەتی، یێت گەهەشتینە وێ باوەرێ کو ئەو دەولەتێن بەرهەمی رێککەفتننامەا سایکس پیکو، ئێدی کوتایی یا پی دهێت و یێ دهێنە هەلوەشاندن، ژ وانژی عێراقە. دروست بوونا ڤان دەوڵەتان پشتی جەنگێ ئێکێ یێ جیهانێ، بریارەکا دەرەکی بوو لسەر کومەلگەهێن ئولی، مەزهەبی و عەشیرەتی کو گەلەك دویر بوون ژ وی واقعێ عەقلانی کو دەولەتێن مودێرن ل روژئاڤا لسەرهاتبوون دروستکرن. لەوما ژی ئەڤ دەولەتێن دەستکرد ژ وانژی عێراق نەشیانە سەرەدەریەکا دروست د گەل کێشە و پرسێن

نیشتمانی و نەتەوەیی و ئایینی و ئازادیین تاکە کەسی بکە ن. ئە ڤا نها ل بەغدا هەی، نیشانا نەمانا دامودەزگەه و دەولەتییە. پروسا سیاسی چ هەبوون نینە، هەیبەتا دەولەتا عیراقی نەمایە... عیراق نوها یا بەرهنگاری چەندین هێرشانە: سیستەمی تایفەگەری و شەڕێ و مەزهەبی یێ زالە و، تیرور ژی بالا دەستە و یا سەلماندی کو دشێت ل بهوست بهوستا خاکا ئیراقی هەبیت، یا ژهەمیا گرنگتر ژی ململانا ئیقلیمی و نیف دەولی یە کو هەر یەکی دڤێت باهرا خوە ببەت و بەرژوەندێن خوە بپارێزیت.

سەبارەت کوردان و پەیوەندیا وان دگەل بەغدا، دەستوری عیراق ژ٢٠٠٥ وەرە ب شێوازەکی سیستماتیك ژ لایی حکومەتا فیدرالڤە د هیتە پێشێلکرن. لەوما پێدڤی دکەت کو کورد پێنگاڤان بەرەڤ شیوازەکی نویی لسەرسێ ئاستان پاڤێژن: ناڤخوویی، ئەقلیمی و نێڤدەولەتی.

هەر یەك ژ ڤان سێ ئاستان بەربەست و ئاریشێن خوە هەنە و پێدڤی ب شروڤە کرن و راڤەکرنێن جێوازە. لێ ئاستێ هەرە گرنگ بارودوخێن ناڤخووینە. ب دەستڤەئینانا هەر دەستکەفتەکا نەتەوایەتی پێدڤی ب بەشداریکرنا هەمی لایەنێن کوردی و یەکرێزیا وان لسەر پرسێن نەتەوایەتییە.ل ناڤخویا کوردستانێ گەلەگ گوتارێن جێواز ژ لایێ سەرکردایەتیا سیاسیڤە، سەبارەت چاوانەتیا سەرەدەری کرنێ د گەل ڤی واقعی دا هەنە و هندەك ژ وان د وێ باوەرێ دا نین کو کات و زەمەن یێ گونجایی بیت بو هەر بریارەکێ کو دابرینێ چێ بکەت دگەل بەغدا یان ببیتە هوکارێ ئاریشێن زێدەتر د گەل وەلاتێن ئەقلیمی. وەك دی ئیرادەکا ب هێز ژی بو چارەسەرکرنا ڤان جێوازیان ناهێتە دیتن.

بوهندێ کو ئالیێن کوردی د ڤی بارودوخی دا بشێن ب واقعەکێ کونکرێتر د ئامادەباشیێ دابن بەرامبەرهەر رویدانەك و گورانکاریەکا ئیقلیمی، باشتر ئەوە رایا خەلکێ کوردستانێ بهێتە زانن و بو ڤێ مەبەستێ پروسا ریفراندومێ باشترین رێگە.د سیستەمێن دیموکراتیدا، هەتا لسەر پرسین گەلەگ بچووك ژی راپرسیی دهێنە ئەنجامدان و ئەڤە ژ شەنگستیین دیموکراسی یێ یە.

وەك مە ئاماژە پێ دای، دەڤەرا روژهەلاتا ناڤەراست یا لهەمبەر گورانکاریان و کورد ژی پێدڤییە بیر ل هندی بکەن ل ناڤ گورانکاریین نویی دا بەرژوەندیێن خوە چاوان بپارێزن؟ دگەل عێراقێ بن یان جودا ببن؟ ئەگەر بارودوخ د خوازن لناڤ عیراقی دا بمینن چاوان دانوستاندنا بکەن چاوا وخو ئامادە بکەن؟ ئەنجامێن ربفراندومێ دێ بنە دیکیومینتەکا یاسایی ب دەست سەرکردایەتییا سیاسی بو دان و ستاندنا د گەل حکومەتا عیراقی و دەولەتین دەوروبەر و کومەلگەها نێڤدەولەتی.

وەك یا دیار، سالا ٢٠٠٥ ریفراندومەکا نا فەرمی هاتە ئەنجامدان و ٩٩ ژ سەدی خەلکی دەنگ بو سەرخوەبوونی دا، لێ د ڤێ قوناغێ دا پێدڤییە، کار بهێتە کر ن کو نەتەوەیین ئێککرتی بهینە د ناڤ ڤی پروسیسی داو پشتیوانییا نیف دەولی بو ریفراندومی بهیتە مسوگەرکرن. ل ڤان سالێن داویێ لسەر ئاستێ دەولی چەندین نمونێن ریفراندومێ هەبونە و سەرکەفتن ب دەستڤە ئینایە، وەکو باشورێ سودان ل ٢٠١١ کو ٩٨ ژ سەدی خەلکی دەنگ بو سەرخوبونی دا و نها ئەندامە ل نەتەوێن ئێکگرتی. یانژی تەیمورا روژهەلات کو ریفراندوم هاتە ئەنجامدان و د ٢٠٠٢ سەربخویی راگەهاند.

بەحسکرن ژ دەولەتا کوردی و بنیاتنانا و راگەهاندنا وێ د چ قوناغان دا دگەل خواست و داخوازا دەولەتین دەڤەرێ یەك ناگریت و تا نهو لسەر ئاستی نێڤدەولەتی ژی پیشوازیەکا عەمەلی ژێ نەهاتییە کرن و ئەگەر پالپشتیەك ژی هەبیت، پتر هەڤسوزی وهەڤ دەردییە. ئیرادە و یەکرێزیا پارتێن سیاسی ل ناڤخویێ کوردستانێ و خو بەرجەستە کرن وەك واقع لسەرئاستێ دەڤەرێ و ئەقلیمێ، گرنگترین هێزە و هەر ئالیەکێ کوردانە سەرەدەریێ نەکەت، دێ کەڤیتە ل بەرپرسیاریەتیەکا مێژوویی.

د ڤێ دەلیڤا نویی دا، پێدڤییەگرێدانەك بهێتە دروستکرن دناڤبەرا مێژوویێ و ئایندەیدا. ئەگەر مێژوو و سنوور ب درێژاهییا سەد سالان ب زوری هاتینە سەپاندن و بەهرا کوردان ژ ڤان سنوران غەدر و جینوساید بووینە، ئایندێ کوردستانێ دشێت لسەر وێ هەیبەتا مێژوویی یا ل ئاست وێ هەمی قوربانیدانێ بهێتە دروستکرن. ئایندێ کوردستانێ پروسێسەکە ژ بنیاتکرنێ و یێ پەیوەستە ب چاوانەتیا سەرەدەریکرنا کوردان د گەل کێشێن ناڤخویی و پەیوەندیێن وان د ئاستێ ئیقلیمی و جیهانی دا.

*** ماموستا ل زانکویا پولی تەکنیکی- دهوک**

**زور ژ بسپورێن زانستێن سیاسی و کەسانێن شارەزا ل پەیوەندیێن نێڤدەولەتی، پێت گەهەشتینە وێ باوەرێ کو ئەو دەولەتێن بەرهەمی رێککەفتننامێ سایکس پیکو، ئێدی کوتایی یا پی دهێت و یێ دهێنە هەلوەشاندن، ژ وانژی عێراقە**

**بەحسکرن ژ دەولەتا کوردی و بنیاتنانا و راگەهاندنا وێ د چ قوناغان دا دگەل خواست و داخوازا دەولەتین دەڤەرێ یەک ناگریت و تا نهو لسەر ئاستی نێڤدەولەتی ژی پیشوازیەکا عەمەلی ژێ نەهاتییە کرن و ئەگەر پالپشتیەک ژی هەبیت, پتر هەڤسوزی وهەڤ دەردییە**